هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زمانی کوردی

# پێڕەوبەندیی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا

نامەیەکە
شۆخان عمر شریف

پێشکەشی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانیی کردووە و
بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت
پ.ی.د. دەرون عبدالرحمن صالح

٢٧٢٣ کوردی
٢٠٢٤ زایینی

REDMI NOTE 9 PRO
AI QUAD CAMERA

# ڕاپۆرتی لیژنەی وتوویژ و هەڵسەنگاندن

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی وتوویژ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی (پێڕەوبەندیی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا)یە، لەگەڵ خوێندکار (شۆخان عمر شریف)دا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

واژۆ

ناو: د. شەهاب طیب طاهر

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ١٥/ ٧ /٢٠٢٤

واژۆ

ناو: د. عادل ڕشید قادر

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ئەندام

ڕێکەوت: ١٧/ ٧ /٢٠٢٤

واژۆ

ناو: د. ئازاد عزیز سلێمان

پلەی زانستی:پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت: ١٥/ ٧ /٢٠٢٤

واژۆ

ناو: د. دەرون عبدالرحمن صالح

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوت: ٦ / ٣ /٢٠٢٤

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سلێمانیی پەسەندکرا.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد

ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

ڕێکەوت: ٦ / ٣ /٢٠٢٤

iii

REDMI NOTE 9 PRO
AI QUAD CAMERA

## ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم نامەیەی خوێندکار (شۆخان عومەر شەریف) بە ناونیشانی (پێڕەوبەندیی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا)، بە چاودێری من لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سلێمانیی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا، پێشنیازدەکەم پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشت: د. دەرون عبدالرحمن صالح

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: ٦/٣/٢٠٢٤

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەی ماستەرە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

پ.ی.د.

ڕێکەوت: / /٢٠٢٤



REDMI NOTE 9 PRO
AI QUAD CAMERA

هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زمانی کوردی

# پێڕەوبەندیی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا

نامەیەکە

شۆخان عمر شریف

پێشکەشی کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانیی کردووە و
بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.ی.د. دەرون عبدالرحمن صالح

٢٧٢٣ کوردی ٢٠٢٤ زایینی

REDMI NOTE 9 PRO
AI QUAD CAMERA


UNIVERSITY OF SULAIMANI
زانكۆی سلێمانی
ناونیشان:
پێڕەوپەیوەندیی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا
ناوی سەرپەرشتیار:
پ.ی.د. دەروون عبدالرحمن صالح
لەلایەن خوێندکار:
شۆخان عمر شریف
پلەی زانستی:
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
زانکۆ : سلێمانی
کۆلێژ: پەروەردەی بنەڕەتی
بەش : زمانی کوردی
ساڵ: ٢٠٢٤
ژ. لاپەڕە: ١٣٧
REDMI NOTE 9 PRO
AI QUAD CAMERA

**هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی**

**بەشی زمانی کوردی**


# پێڕەوبەندیی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا

**نامەیەکە**


**شۆخان عمر شریف**


**پێشکەشی کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانیی کردووە و**

**بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا**

**سەرپەرشت**

**پ.ی.د. دەرون عبدالرحمن صالح**

**٢٧٢٣ کوردی**      **٢٠٢٤ زایینی**

# ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم نامەیەی خوێندکار (شۆخان عومەر شەریف) بە ناونیشانی (پێڕەوبەندیی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا)، بە چاودێری من لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سلێمانیی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا، پێشنیازدەکەم پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشت: د. دەروون عبدالرحمن صالح

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت:

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەی ماستەرە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

پ.ی.د.

ڕێکەوت: / /٢٠٢٤

## ڕاپۆرتی لیژنەی وتوویژ و هەڵسەنگاندن

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی وتوویژ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی (پێڕەوبەندیی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا)یە، لەگەڵ خوێندکار (شۆخان عمر شریف)دا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

واژۆ
ناو: د. شەهاب طیب طاهر
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: / /٢٠٢٤

واژۆ
ناو: د. عادل ڕشید قادر
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام
ڕێکەوت: / /٢٠٢٤

واژۆ
ناو: د. ئازاد عزیز سلێمان
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: / /٢٠٢٤

واژۆ
ناو: د. دەرون عبدالرحمن صالح
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت: / /٢٠٢٤

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سلێمانیی پەسەندکرا.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد
ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
ڕێکەوت: / /٢٠٢٤

# پێشکەشە بە

- دایک و باوکی ئازیزم.
- خوشک و براکانم.
- هەموو ئەو مامۆستایانەی لە قۆناغەکانی خوێندنمدا دڵسۆزانە و ماندوونەناسانە ئامانجیان فێرکردنی زانست و زانیاریی بوو.
- ئەو کەسانەی خۆشمدەوێن و خۆشیاندەوێم.
- شەیدایانی زمانی شیرینی کوردی.

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس بۆ:

١- دایک و باوک و خوشک و براکانم هەیە، کە بە درێژایی قۆناغەکانی خوێندنم هاندەر و پشتیوانم بوون.

٢- سەرپەرشتی ئازیز و مامۆستای گەورە و خۆشەویستم (د. دەرون) هەیە، کە لە هەموو هەنگاوەکانی نووسینی نامەکەمدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی، یارمەتیدەر و ڕێنوێنیکەرم بووە، بە تێبینییە وردەکانی نامەکەی دەوڵەمەندکردووە.

٣- سەرۆکی بەشی کوردی هەیە، بەڕێز (د. بێستون حەسەن) و بڕیاردەری بەشی کوردی، بەڕێز (م. بێستون عارف)، کە لە هەرکاتێکدا پێویستم بە هاوکاری بووبێت، دڵسۆزانە هاوکارم بوون.

٤- سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و ڕاگری کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی دەکەم، کە کارئاسانییان بۆکردوم.

٥- کارمەندانی کتێبخانەی کۆلیجی زمان و کتێبخانەی ناوەند لە زانکۆی سلێمانی، کە لە سەرچاوەکاندا ئاسانکارییان بۆ کردوم.

٦- (کۆشاد)ی خوشکەزام، کە لە ڕووی تەکنیکییەوە لە  نامەکەدا هاوکاری کردوم.

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Syntagmatic | ئاستی ئاسۆیی |
| Paradigmatic | ئاستی ستونیی |
| Surface Structures | ئاستی ڕوکەش |
| Deep Structures | ئاستی قوڵ |
| Synchronic | ئێستایی |
| Subject | بکەر |
| Struere | بنیادکردن |
| Object | بەرکار |
| Cliticization | بە کلیتیککردن |
| System | پێڕەوبەندیی |
| Syntactic Structures | پێکهاتە سینتاکسییەکان |
| Compotence | توانست |
| Performance | توانا |
| Mentalism Theory | تیۆری عەقڵگەرایی |
| Blending | تێکەڵکردن |
| Derivation | داڕشتن |
| Inverition | داهێنان |
| Echoism | دەنگداریی |
| Doublication | دووبارەبوونەوە |

| | |
|---|---|
| Special Grammar | ڕێزمانی تایبەتیی |
| Universal Grammar | ڕێزمانی گشتی |
| Lange | زمان |
| Fonological Form | فۆرمی فۆنۆلۆجیی |
| Logic Form | فۆرمی لۆجیکیی |
| Verb | کار |
| Feedback | کاردانەوە |
| Parole | گوتن |
| Antomasia | گۆڕانی ناوی تایبەت بۆ ناوی گشتیی |
| Compounding | لێکدان |
| Transformational Ambiguity | لێڵیی گواستنەوە |
| Diachronic | مێژوویی |
| Sign | هێما |
| Signified | هێمابۆکراو |

# پێڕستی هێڵکارییەکان


١- هەرەمی کەرەستەکانی زمان ٣٢

٢- ڕوونکەرەوەی ڕستەی (٨٧) ٤١

٣- ڕوونکەرەوەی ڕستەی (٨٨) ٤١

٤- گۆڕانی دروستەی قوڵ بۆ دروستەی ڕوکەش ٤٢

٥- گۆڕانی دروستەی قوڵ بۆ دروستەی ڕوکەشی ڕستەی (١٦٥) ٥٦

٦- گۆڕانی دروستەی قوڵ بۆ دروستەی ڕوکەشی ڕستەی (١٦٦) ٥٦

٧- یاسای گواستنەوەی دروستەی قوڵ بۆ دروستەی ڕوکەش ٥٧

٨- دابەشبوونی وشە ٦٣

٩- جۆرەکانی مۆرفێم ٦٦

١٠- دروستەی مۆرفۆفۆنێم ٨٢

١١- مۆرفۆفۆنێم ناسراویی (-ەکە) ٨٣

١٢- ئەلۆمۆرفی جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک ٨٤

١٣- ئەلۆمۆرفی کۆ (-ان) ٨٥

١٤- ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی (نوێ-) ٨٥

١٥- ئەلۆمۆرفی ناسراوی (-ەکە) ٨٦

١٦- هەرەمی دروستەی بڕگە ١١٢

# پێڕست


پێشەكی ١-٣

(١/٠) ناونیشان و بواری نامەكە ١

(٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی نامەكە ١

(٣/٠) كەرەستەی نامەكە ١

(٤/٠) ڕێبازی لێكۆڵینەوەی نامەكە ١

(٥/٠) گرنگی نامەكە ١

(٦/٠) بەشەكانی نامەكە ٢-٣

بەشی یەكەم/ لایەنی تیۆریی پێڕەوبەندیی لە زماندا ٥-٣٠

(١/١) چەمك و زاراوەی پێڕەوبەندیی لە زماندا ٥-٦

(١/١-١) پێناسەی پێڕەوبەندیی لە زماندا ٦-٨

(١/١-٢) بنەماكانی پێڕەوبەندیی لە زماندا ٨

(١/١-٣) هێما و پەیڕەوبەندیی ٩-١٠

(٢/١) پێڕەوبەندیی لە ڕوانگەی قوتابخانە زمانەوانییەكانەوە ١٠-٣٠

(٢/١-١) پێڕەوبەندیی لە قوتابخانەی دێریندا ١٠-١٢

(٢/١-٢) پێڕەوبەندیی لە سەردەمی بەراوردكارەكاندا ١٢-١٣

(٢/١-٣) پێڕەوبەندیی لە سەردەمی بونیادگەرەكاندا ١٣-١٩

(٢/١-٤) پێڕەوبەندیی لە سەردەمی ڕۆنانكارەكاندا ١٩-٢٠

(٢/١-٥) پێڕەوبەندیی لە لای (چۆمسكی) ٢٠-٢٣

(۱/۲-٥-۱) پێڕەوبەندیی لە ڕێزمانی گشتیدا ۲۳-۲٥
(۱/۲-٥-۲) پێڕەوبەندیی لە ڕێزمانی تایبەتیدا ۲٥-۲٦
(۱/۲-٦) تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە پەیوەست بە پێڕەوبەندییەوە ۲٦-۲۸
(۱/۲-۷) پێڕەوبەندیی لە زانستی زمانی درکپێکردندا ۲۸-۳۰

بەشی دووەم/ پێڕەوبەندیی لە ئاستی ڕستەسازیدا ۳۲-٥۹
(۱/۲) پێڕەوبەندیی لە ئاستی ڕستەسازیدا پەیوەست بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە ۳۲-۳٥
(۱/۲-۱) پێڕەوبەندیی لە ڕستەی سادەدا ۳٥-٤۸
(۱/۲-۲) پێڕەوبەندیی لە ڕستەی ئاڵۆزدا ٤۸-٥۱
(۲/۲) پێڕەوبەندیی لە پەیوەندی واتایی ئاسۆییدا ٥۱-٥٤
(۳/۲) پێڕەوبەندیی لە مۆرفۆسینتاکسدا ٥٤-٥۷
(٤/۲) پێڕەوبەندیی لە هاوواتادا ٥۸-٥۹

بەشی سێیەم/ پێڕەوبەندیی لە ئاستی وشەسازیدا ٦۱-۸٦
(۱/۳) پێڕەوبەندیی لە ئاستی وشەسازیدا پەیوەست بە تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە ٦۱-٦۸
(۱/۳-۱) پێڕەوبەندیی لە مۆرفیمی سەربەخۆدا ٦۸-۷۰
(۱/۳-۲) پێڕەوبەندیی لە مۆرفیمی بەنددا ۷۱-۸۲
(۱/۳-۲-۱) پێڕەوبەندیی لە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیدا ۷۱-۷۹
(۱/۳-۲-۲) پێڕەوبەندیی لە مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژدا ۷۹-۸۲

(٣/٣) پێڕەوبەندیی لە مۆرفۆفۆنیمدا ٨٢-٨٣

(٤/٣) پێڕەوبەندیی لە ئەلۆمۆرفدا ٨٤-٨٦

بەشی چوارەم/ پێڕەوبەندیی لە ئاستی دەنگسازیدا ٨٨-١١٤

(١/٤) پێڕەوبەندیی لە ئاستی دەنگسازیدا پەیوەست ٨٨-٨٩
بە تیۆری بەرهەمهێنان وگواستنەوەوە

(٢/٤) پێڕەوبەندیی لە فۆنەتیکدا ٨٩-٩١

(٣/٤) پێڕەوبەندیی لە فۆنۆلۆجیدا ٩٢-٩٧

(٤/٣-١) پێڕەوبەندیی لە دەنگە ڤاوڵەکاندا ٩٧-١٠٠

(٤/٣-٢) پێڕەوبەندیی لە دەنگە کۆنسنانتەکاندا ١٠٠-١٠٦

(٤/٣-٣) پێڕەوبەندیی لە دەنگە گڕەکاندا ١٠٦-١٠٨

(٤/٣-٤) پێڕەوبەندیی لە دەنگە کپەکاندا ١٠٨

(٤/٣-٥) پێڕەوبەندیی لە نیمچەڤاوڵەکاندا ١٠٩

(٤/٣-٦) پێڕەوبەندیی لە ئەلۆفۆندا ١٠٩-١١١

(٤/٣-٧) پێڕەوبەندیی لە بڕگەدا ١١١-١١٤

ئەنجامەکان ١١٥-١١٦

سەرچاوەکان ١١٧-١٢٤

ملخص الرسالة ١٢٥

Abstract ١٢٦-١٢٧

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە:

ناونیشانی ئەم نامەیە بۆ (پێڕەوبەندیی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا) تایبەتکراوە، مەبەستی توێژینەوەکەش ناساندن و ڕوونکردنەوەی پێڕەوبەندییە بە هەموو لایەنەکانییەوە، لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، پەیوەست بە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە.

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی نامەکە:

پێڕەوبەندیی وەک ڕاگرێکی گرنگی گرنگی زمان سەیردەکرێت، هەر لەبەر ئەم بایەخ و گرنگیەی، کە ڕێکخەری زمانە، هەروەها لەبەرئەوەی وەک کەلێنێک سەیرکراوە، هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە دەدەین.

## ٣/٠)کەرەستەی نامەکە:

لە نووسینی نامەکەدا، زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی(شێوەزاری سلێمانیی) کراوە بە پێوەری نمونەکان.

## ٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

لە نامەکەدا ڕێبازی (وەسفی شیکاریی) پێڕەوکراوە، لە چوارچێوەی تیۆری ڕێزمانیی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)دا.

## ٥/٠) گرنگی نامەکە:

گرنگی پێڕەوبەندیی لە زماندا بەگشتی ئەوەیە ئەگەر زمان پێڕەو نەبێت، تێگەیشتن دروستنابێت، هەروەها پێڕەوبەندیی هەڵقولاوی ناو زمانە، لەگەڵ ئەمانەشدا پێڕەوبەندیی لە زماندا یاسا و ڕێسا و دەستورە و ئەرکی ڕێکخستنی زمانە و هەموو کەرەستە و یەکەکانی زمان بەهۆی پێڕەوبەندییەوە پەیوەندی

لەنێوانیاندا دروستدەبێت، پێڕەوبەندیی پۆلێنکردن و پلەبەندیش دەگرێتەوە، چونکە هەریەکە لە پێکهاتەکان بەشێکن لە پێکهاتەیەکی گەورەتر، واتە هەر پێڕەوێک ئەرکی تایبەتی لەناو پێڕەوێکی گەورەتردا هەیە، بە نەبوونی هەریەک لەو پێکهاتانەی ناو پێڕەوەکە، خودی پێڕەوەکە پەکیدەکەوێت و بە ڕێکوپێکی کارناکات.

## ٦/٠) بەشەکانی نامەکە:

ئەم نامەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە چوار بەش پێکهاتووە، بەمشێوەیە:

## بەشی یەکەم:

لە بەشی یەکەمدا لایەنی تیۆریی پێڕەوبەندیی لە زماندا باسکراوە، تێیدا بەشێوەیەکی تیۆریی ئەم بابەتانە شیکراونەتەوە: چەمک و زاراوەی پێڕەوبەندیی، پێناسەی پێڕەوبەندیی، بنەماکانی پێڕەوبەندیی، پاشان شرۆڤەی پێڕەوبەندیی لە قوتابخانە زمانەوانییەکاندا کراوە، کە ئەمانە دەگرێتەوە: (قوتابخانەی دێرین، بەراوردکار، بونیادگەر، ڕۆنانکار، زانستی زمانی درکپێکردن)، هەروەها باس لە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوە پەیوەست بە پێڕەوبەندییەوە کراوە.

## بەشی دووەم:

ئەم بەشە بۆ باسکردن لە پێڕەوبەندیی لە ئاستی ڕستەسازیدا تەرخانکراوە، بە هەموو لقەکانییەوە، کە ئەمانەن: پێڕەوبەندیی لە ئاستی ڕستەسازیدا پەیوەست بە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە، پێڕەوبەندیی لە ڕستەی سادە و ڕستەی ئاڵۆزدا، پێڕەوبەندیی لە پەیوەندی ئاسۆیی واتاییدا، پاشان پێڕەوبەندیی لە مۆرفۆسینتاکسدا، هەروەها پێڕەوبەندیی لە هاوواتادا.

## بەشی سێیەم:

بەشی سێیەمی نامەکە بۆ پێڕەوبەندیی لە ئاستی وشەسازیدا تایبەتکراوە، کە لەم ڕووانەوە شرۆڤەی ئاستەکە پەیوەست بە پێڕەوبەندیی دەکات: سەرەتای بەشەکە، بە پێڕەوبەندیی لە ئاستی وشەسازیدا پەیوەست بە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە دەستپێدەکات، دواتر پێڕەوبەندیی لە مۆرفیمی

سەربەخۆ و مۆرفیمی بەنددا، پێڕەوبەندیی لە هەردوو جۆرەکەی مۆرفیمی بەند (ڕێزمانی، وشەدارێژ)دا، هەروەها پێڕەوبەندیی لە مۆرفۆفۆنیمدا.

## بەشی چوارەم:

لە بەشی چوارەمدا پێڕەوبەندیی لە ئاستی دەنگسازیدا لە چەند تەوەرێکدا شیکراوەتەوە، کە ئەمانەن: پێڕەوبەندیی لە ئاستی دەنگسازیدا پەیوەست بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە، پێڕەوبەندیی لە فۆنەتیکدا، پێڕەوبەندیی لە فۆنۆلۆجیدا، پاشان پێڕەوبەندیی لە دەنگە ڤاوڵ و کۆنسنانتەکاندا، هەروەها پێڕەوبەندیی لە دەنگە گڕ و کپەکاندا، دواتر پێڕەوبەندیی لە نیمچەڤاوڵەکان و ئەلۆفۆنەکاندا، کۆتا لقیش بریتییە لە پێڕەوبەندیی لە بڕگەدا، پاشان ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

# لایەنی تیۆریی پێڕەوبەندیی لە زماندا

## بەشی یەکەم/ لایەنی تیۆریی پێڕەوبەندیی لە زماندا:

## (1/1) چەمک و زاراوەی پێڕەوبەندیی لە زماندا:

زاراوەی (پێڕەوبەندیی) لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (System) دێت، کە زاراوەیەکی (لاتینی)یەو لە وشەی (Systema) وە هاتووە، ئەم زاراوەیە بە واتای (چەمکی گشتگیر) دێت، کە (لە چەندین بەش و ئەندام پێکهاتووە)، هەروەها لەڕووی مێژووییەوە سەرەتای بەکارهێنانی زاراوەی پێڕەوبەندیی لە زماندا (Systema)ی لاتینی بۆ سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم دەگەڕێتەوە. (Sansome, Reid, ٢٠٠١: ٢)

پێڕەوبەندیی لەڕووی چەمکەوە (یاسا و ڕێسا) دەگرێتەوە، کە (کۆمەڵێک یاسا و جێبەجێکردنیانە پێکەوە بەکاردێن، هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا (ڕێگای پۆلێنکردن) و (تێبینیکردن) و (پێوانەکردن) ە.) (Weiner, Hawkins, ١٩٨٥: ٥٣١)، هەروەها (چەمکی پێڕەوبەندی ڕێبازێکە، شتی لەخۆوە (هەڕەمەکی) نییە، بەڵکو یاسا و ڕێسا، دەستور، ڕیزبەندی، ڕێکخستن، پۆلێنکردن، ڕێکوپێکی، بەرنامەڕێژی، پلان، دەگرێتەوە.) ( weiner, Hawkins, ١٩٨٥: ٥٣١)

پێڕەوبەندیی لە زمانی عەرەبیشدا بەم زاراوانە بەکاردێت: (تنظيمي (ڕێکخستن)، منظم (ڕێکوپێکی)، منهجي (بەرنامەیی)، ترتيبي (ڕیزبەندیی)، مصنف (پۆلێنکاریی)، متناسق (هاوسەنگی و گونجاوی)، قانوني (یاسایی)، نهجي (ڕێبازی).) (بدر، ١٩٩١: ١٣)، پێڕەوبەندیی لە زمانی کوردیشدا بەم زاراوانە بەکاردێت (پێڕەوبەندیی، سیستم، سیستەم، ڕۆنان، یاسا، ڕێسا، دەستور)، (محەمەد مەحوی) بە(ڕژێم) ناویدەبات. (مەحوی، ٢٠٠١: ٨٥)، (محەمەد مەعروف فەتاح)یش ناوی (ڕۆنان)ی لێدەنێت. (فەتاح، ٢٠١١: ٥٣)

هەموو زمانێکی زانراو یاسای پێڕەوبەندیی تێدایە، یاساکانیش لەسەر چۆنیەتی خوێندنەوە و وشەدروستکردن و پێکهاتە ڕێزمانییەکان بڕیاردەرن. (AKMAJIAN, et all, ٢٠٠١: ٧)، چونکە پێڕەوبەندیی لەزماندا دەبێتە ئامرازی پێکەوەبەستنی واتا و کەرەستەکان، هەروەها وا دەکات، کە یاساکان گشتگیر و پۆلێنکراو بن، یاسایەک هەیە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە واتا و کەرەستەکانی زمان بەیەکەوە پەیوەندییان هەبێت، ئەو یاسایەش پێڕەوبەندییە. (AKMAJIAN, et all, ٢٠٠١: ٧)

زمان کۆمەڵە پێڕەوێکی پێکەوەگرێدراوە، هەموو پێڕەوەکان بەیەکەوە کاردەکەن بۆ پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتن، هەموو زمانەوانەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی زمان پێڕەوە، بەو واتایەی زمان کۆمەڵە کەرەستەیەکی ڕیزکراو نییە، ئەگەر وابوایە لێکۆڵینەوە لەزمان بریتی دەبوو لە ڕیزکردنی ئەو کەرەستانەی کە پێیدەردەبڕدرێت و فێربوونی زمانیش بریتی دەبوو لە فێربوونی ئەو کەرەستانە. (فەتاح، ٢٠١١ :٥٣)

لەمبارەیەوە (پلۆتکین)یش پێیوایە، زمان (٣)جۆر پێڕەوبەندیی تێدایە، ئەمانەن:

١- پێڕەوبەندیی فەرهەنگیی: هەزاران وشەی تێدایە، کە ڕەنگدانەوەی ژیانە.

٢- پێڕەوبەندیی ڕێزمانیی: بۆ مەبەستی ڕێکخستنی وشە و ڕستە و ڕەنگدانەوەی بیر و گۆڕینەوەی ڕا و بۆچوون لەکاتی گفتوگۆ و قسەکردن.

٣- پێڕەوبەندیی دەنگیی: هەموو بەرهەمی خاڵی یەکەم و دووەم دەکات بە دەنگ و دەنگەکان بەرهەمدەهێنرێت. (Plotkin, ٢٠٠٦: ٨)، کەواتە پێڕەوبەندیی لە زماندا بەشێوەیەکە بەدیاریکراوی و ڕێکخراویی ئیشدەکات، هەروەها پێڕەوبەندیی خۆی لەخۆیدا پلەبەندییە و بەشێکە لە پێڕەوبەندییەکی گەورەتر، کەواتە شوێنی هەر پێکهاتەیەک لەناو پێڕەوێکی زمانیدا بەپێی شوێنی پێکهاتەکە لە هەرەمی زماندا دیاریدەکرێت.

## (١-١/١) پێناسەی پێڕەوبەندیی لەزماندا:

زمان هۆکارێکی پێڕەوبەندییانەیە بۆ پەیوەندیکردن بە دەوروبەرەوە، لە ڕێگای بەکارهێنانی دەنگ و ئاماژەکانەوە، پێڕەوبەندیی لەزماندا لەلایەن زمانەوانەکانەوە بەچەندین شێوەی جۆراوجۆر و جیاواز پێناسەکراوە، بێگومان هەریەکەیان لە ڕوانگەی پسپۆڕی خۆیانەوە ناساندویانە، بۆنمونە (ئۆگدن) پێیوایە پێڕەوبەندیی لە زماندا بریتییە لە (کۆمەڵێک بەشی پێکەوە پەیوەست و ڕێکخراو، کە پەیوەندی نێوانیان ڕێکوپێکە، بە یەکەوە ئیشدەکەن و بەبێ یەکتر کەلێن لە نێوانیاندا دروستدەبێت، هەروەکو ئەو تەواوکاریی و پێڕەوبەندییەی لە بەشەکانی لەشی مرۆڤدا دەبینرێت.) (Ogden ,١٩٥٣: ٣٧٤)

لەمبارەیەوە (سۆسێر) نمونەی (شەترەنج) دەهێنێتەوە، هەروەکو چۆن لە یاری شەترەنجدا یەکە و پێکهاتەکانی دانە دانە ئیشناکەن، بەڵکو بە شێوەی گروپ و ڕێکخراو و ڕێکوپێک کاردەکەن، هەربۆیە (سۆسێر) (پێڕەوبەندیی زمان)ی بە (یاری شەترەنج) چوواندوە، واتە (چۆن لە یاری شەترەنجدا یاسا و ڕێسا هەیە و هیچ کەس لە خۆیەوە فێری یاری شەترەنج نابێت، زمانیش بەوشێوەیەیە، بەپێی یاسا و دەستورە و پێڕەوبەندانە کاردەکات.) (Sampsan, ١٩٨٠: ٣٧)، (ڤان گیخ)یش بەم شێوەیە پێناسەی پێڕەوبەندیی کردووە: (بریتییە لە پێکهاتەیەک یان کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار بەیەکترەوە.) (Gigch, ١٩٩١: ٣٠)

(دەیڤید کریستاڵ) دەربارەی پێڕەوبەندیی لە زماندا دەڵێت: (پێڕەوبەندیی تۆڕێکی نەخشداری پەیوەندییە، کە دروستکەری ڕێکخستنی زمانە بەشێوەیەکی هەرەمیی.)، هەروەها پێڕەوبەندیی لە زماندا بە هەرەمی زمانەوە دەبەستێتەوە، بەو واتایەی، کە زمان لە تێگەیشتنە گشتی و باوەکەیدا لە تۆڕی پەیوەندییەکان پێکهاتووە، واتە ڕێکخستن و پلەبەندیی زمان، زمانیش بەگشتیی بە پێڕەوبەندی دەناسرێت، کە زۆربەی کات هەرەمییە و هەنگاوبەهەنگاو ڕێکخراوە، یاساکان لە چوارچێوەی پێڕەوەکەدا ژمارەیان سنورداره، ناتوانرێت ژمارەیان زیادبکرێت، هەروەها دوو پێکهاتە لە یەک پێڕەودا ناتوانن وەکیەک بن لەهەمانکاتدا، بۆ نمونە

پێڕەوبەندیی لەجێناوەکاندا، کاتێک جێناوی (ئێمە) بەکارهات، واتە جێناوەکانی تر بەکارنەهاتووە، هەروەها پێڕەوبەندیی لە چەندین وێستگەی دیکەی زمانیدا دەبینرێت، بۆ نمونە پێڕەوبەندیی لە کارەکان و لە دەنگە بزوێنەکانیشدا هەیە.) (Crystal, ١٩٩٢: ٣٧٩)

زمانەوانێکی دیکە بەناوی (میلەر) پێیوایە: (پێڕەوبەندیی بریتییە لە کۆمەڵێک یەکەی کارلەیەکترکراو، بەهۆی بوونی پەیوەندی لە نێوان هەموو ئەو یەکە و پێکهاتانەدا.) (Miller, ١٩٩٥: ١٧)، (لانگ فۆرس)ی زمانەوانیش بۆچوون و پێناسەی خۆی لەبارەی پێڕەوبەندییەوە ڕادەگەیەنێت و دەڵێت: (پێڕەوبەندیی کۆمەڵێک قەوارەیە، کە پەیوەندییەکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە.) (Fors, ١٩٩٥: ٥٥)، هەروەها هەردوو زمانەوان (ئەندەرسۆن و جۆنسۆن) لەمبارەیەوە دەڵێن: (پێڕەوبەندیی چەند پێکهاتەیەکی کارلێککەر و پەیوەندیداری سەربەیەکترییە، کە هەموو پێکەوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و تێهەڵکێش دروستدەکەن.) (Andarson, Jonson, ١٩٩٧: ١٦)

لە فەرهەنگی (Longman)دا پێڕەوبەندیی بەمجۆرە پێناسەکراوە: (هەموو بەشە پەیوەندیدارەکان کۆمەڵێکن پێکەوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کاردەکەن، بیر و ڕێگە و شێوازی ئیشکردنیان ڕێکخراوە.) (Maingay, ١٩٩٩: ٤١٨)، لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)یشدا ئاماژە بەوە دەکرێت، کە پێڕەوبەندیی کۆمەڵە بەشێکی ڕێکخراوە لە بەشی بچوکتر، کە پێکەوە کاردەکەن.) (Sansome, Reid, ٢٠٠١: ٥٢١)، کەواتە پێڕەوبەندیی بنەمای سەرەکی فێربوونی هەموو زمانێکە، (فەرهەنگی نوێی ئینگلیزیی) بەمجۆرە پێڕەوبەندیی ناساندوە، کە بریتییە لە کۆمەڵێک بیری ڕێکخراو لەگەڵ یاسا و ڕێساکان بۆ ڕێکخستنی شتێک. (Aoudi, ٢٠٠٦: ٤)

لەگەڵ ئەمانەشدا (میدۆوس)ی زمانەوان پێیوایە: (پێڕەوبەندیی بریتییە لە کۆمەڵێک پێکهاتەی پەیوەست بە یەکدییەوە، بە شێوەیەکی گونجاو، بۆ ئامانجێکی دیاریکراو ڕێکخراون.) (Midows, ٢٠٠٨: ٨)، (محەمەد مەعروف فەتاح)یش پێڕەوبەندیی بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمان دادەنێت و پێیوایە ئەگەر زمان خاوەنی پێڕەوێکی تایبەتی نەبێت، ئەوا کەس ناتوانێت فێریبێت.) (فەتاح، ٢٠١١: ١٢)

بە بۆچوونی ئێمە پێڕەوبەندیی سیمایەکی هەرەدیاری زمانە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی زمان ڕێکخراوتر و ڕێکوپێکتر و خۆی بنوێنێت، بەمشێوەیە هەموو شتێک لە چوارچێوەی پێڕەوبەندیی زمانەکەدا خاوەنی پێڕەو و بەرنامە و یاسابەندیی خۆی دەبێت و هەموو پێکهاتەکان لە شوێنی گونجاوی خۆیاندا دەبن و بەهۆی ژمارەیەکی کەم و سنوردار یاسا ژمارەیەکی بێشومار لە ڕستە بەرهەمدەهێنرێت، پێڕەوبەندیی لەزماندا یاسا و ڕێسا و دەستورە و ئەرکی ڕێکخستنی زمانە و هەموو کەرەستە و یەکەکانی زمان بەهۆی پێڕەوبەندییەوە پەیوەندی لەنێوانیاندا دروستدەبێت، هەروەها پێڕەوبەندیی پۆلێنکردن و پلەبەندیش دەگرێتەوە، چونکە هەریەکە لە پێکهاتەکان بەشێکن لە پێکهاتەیەکی گەورەتر، ئەمەش لە هەڕەمی زماندا دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەمانەشدا تایبەتمەندییەکی تری پێڕەوبەندیی ئەوەیە، کە بریتییە لە کۆی بیری ڕێکخراو و شێوازی ڕێکوپێک و ڕێگەی یاسایی هەموو

زمانێک، لە هەمان کاتدا مەبەستی کۆی بەش و پێکهاتەکانی پێڕەوبەندیی لەزماندا بریتییە لە (پەیوەندی و لەیەک تێگەیشتن)ێکی ڕێکوپێکترو ڕێکخراوتر، کە ئامانجی گرنگی زمانیش پەیوەندی و لەیەک تێگەیشتنە.

## (٢-١/١) بنەماکانی پێڕەوبەندیی لە زماندا:

پێڕەوبەندیی لە زماندا چەند بنەمایەکی گرنگی هەیە، کە بە ڕاگری پێڕەوبەندیی دادەنرێن، بەشێوەیەک، کە پێڕەوبەندیی بەبێ ئەم بنەمایانە ڕۆڵ و گرنگی خۆی لەدەستدەدات، کە ئەمانەن:

١- پێکهاتەکانی وەها پەیوەندیدارن بەیەکەوە، ناتوانرێت بەسەربەخۆیی هیچ کام لە بەشە پێکهێنەرەکان دروستبکرێن. (Vachek, ١٩٨١: ٩٤)

٢- هەموو پێکهاتەکانی پێڕەوەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پێڕەوبەندیی لە زماندا ڕێکخراون. (Maingay, ١٩٩٩: ٤١٨)

(٣- هەر پێڕەوێک کارێکی تایبەتی هەیە لەناو پێڕەوێکی گەورەتردا.(Plotkin, ٢٠٠٦: ٧)

(٤- هەموو پێڕەوێک (Feedback-کاردانەوە)ی خۆی هەیە واتە ئەگەری پێداچوونەوەی هەیە بۆ گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی.

٥- بە نەبوونی هەریەک لەو پێکهاتانەی ناو پێڕەوەکە، خودی پێڕەوەکە پەکیدەکەوێت و بە ڕێکوپێکی کارناکات.

٦- کاریگەری هەر یەکێک لە پێکهاتەکان لە پێڕەوەکەدا پەیوەستە بە ڕەفتاری بە لایەنی کەمەوە یەکێک لە لقەکانی دیکەوە.

٧- ڕەفتاری هەریەکە لە پێکهاتەکانی پێڕەوەکە، کاریگەری لەسەر تەواوی پێڕەوەکە هەیە.) (Ackoff, ١٩٨١: ١٥)

٨- هەریەکە لە پێکهاتەکان لەناو پێڕەوێکدا دەتوانرێت پێکهاتەیەکی پەیوەندیدار بەیەکترەوە پێکبهێنێت، واتە دوو پێکهاتەی هەر پێڕەوێک، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە.) (Plotkin, ٢٠٠٦: ٧)

## (٣-١/١) پەیوەندی نێوان پێڕەوبەندیی و هێما:

پێڕەوبەندیی و هێما پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی (زمانی مرۆڤ بریتییە لەو پێڕەوەی، کە مرۆڤ بۆ لە یەکترگەیشتن بەکاریدەهێنێت و زمانیش بە پێڕەوێکی نیشانەیی دادەنرێت، لەگەڵ ئەمانەشدا هێما بریتییە لەو نیشانانەی، مرۆڤ بۆ لەیەکترگەیشتن یان وەک چەکێکی بیرکردنەوە بەکاریدەهێنێت، نیشانەکان پێویستە مۆری کۆمەڵیان لێدرابێت و کۆمەڵ پەسەندیکردبێت.) (فەتاح، ٢٠١١: ٤٨)، هەروەها زمان خودی خۆی هێمایە و زمان بەشێکە لە هێما، لەبەرئەوەی (زۆربەی زمانەوانەکان زمان بە پێڕەوێکی تایبەتی هێمایی زمانی دادەنێن، واتە زمان بریتییە لە کۆمەڵە هێمایەکی زمانیی تێکچڕژاو، لەچوارچێوەی پێڕەوێکی ورددا کاردەکەن، ئاستە سەرەکییەکانی زمان، ئاستی ڕستە و وشە و دەنگ، هەریەکە خەریکی لێکدانەوەی ڕوویەکی هێمای زمانییە، دەنگسازیی خەریکی لێکدانەوەی فۆرم/ ڕوخسارە، ڕێزمانیش بۆ هێما بەگشتی.) (فەتاح، ٢٠١١: ٥٢)، لەپێناسەیەکی دیکەدا: (هێما پۆلی نادیاری گشت شتە پەیپێبراوەکانە.) (مەحویی، ٢٠٠٦: ٣٦)

کەواتە خودی هێما نادیارە، بەهۆی هێمابۆکراوەکەوە ڕووندەبێتەوە، هەروەها (هێما کەرەستەی سەرەکی هێمالۆجی (هێماکاری)یە و بریتییە لە ڕێکەوتنی کۆمەڵ لەسەر دانان و بەکارهێنانی شتێک وەک هێما بەرانبەر بە دیاردەیەک لە ژینگەی مرۆڤدا بەویست و ئارەزووی خۆیان.) (محەمەد، ٢٠١٠: ٣١)، زمانیش گرنگترین و ئاڵۆزترین و وردترین  پێڕەوە، کە سود لە هێماکاری وەردەگرێت. (فەتاح، ٢٠١١: ٤٩)، کەواتە زمانی مرۆڤ پێڕەوێکی هێمایە. (مەحویی، ٢٠٠٩: ٣٤)، پەیوەندی نێوان هێما و ئەو شتەی هێماکەی بۆ دانراوە، دوو جۆرە:

یەکەم/ زاراوەی دەستوربەدەر:

بەو واتایە دێت، کە پەیوەندییەکی یاسابەند لەنێوان هێما و هێمابۆکراودا نییە، بەڵکو ڕێکەوتنی کۆمەڵ لێرەدا گرنگە، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە زمانەکانی جیهان هەریەکە تایبەتمەندیی و سیفەتی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە یەک جیاوازن.

بۆ نمونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- بەرد | الحجر | Stone | سنگ |
| ٢- گوڵ | الورد | Flower | گل |

دووەم/ زاراوەی دەستوربەند:

بەو واتایە دێت هێماکە بەپێی دەستورێک بۆ هێمابۆدانراوەکە دروستبووە، واتە پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراوەکە پەیوەندییەکی دەستورییانەیە، بۆنمونە: هێماکانی (تەقەتەق، خشەخش، بۆڵەبۆڵ، جیرەجیر، زرمەزرم، هاژەهاژ، خورەخور،...هتد)، دەنگەکانی سروشت دەگرێتەوە، بۆیە بەو وشانە دەوترێت وشەی وێنەگیراو بەدەنگ، هێماکانی لەو دەنگانە

وەردەگیرێت، کە هێمایان بۆدانراوە، وشەیەکی سادەی وەک (چاو) دەستوربەدەرە، بەڵام ئەو وشە داڕێژراو و لێکدراوانەی لە وشەی (چاو)ەوە دروستدەکرێن، (دەستوربەند)ن.

بۆ نمونە:

٣- (چاویلکە، چاوان، بێ چاوێنی) وشەی داڕێژراون.

٤- (چاوەزار، چاوپیس، چاوڕەش، چاوەچاو، چاوەڕوان، چاولەدەر) وشەی لێکدراون.

## (٢/١) پێڕەوبەندیی لەڕوانگەی قوتابخانە زمانەوانییەکانەوە:

لە مێژووی زمانناسیدا، چەندین قوتابخانەی زمانیی جیاواز هەبوون، کە هەریەکەیان ئاراستە و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، یەکێک لەتایبەتمەندییەکانیان پێڕەوبەندیی و پاراستنی یاساکانی زمانە، دەتوانرێت بوترێت ئەمە خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوەی سەرجەم قوتابخانە زمانییەکانە، بەڵام هەریەکەیان بە شێوازێکی جیاواز لێکدانەوەیان بۆکردووە، لێرەدا سەرنج دەدەینە سەر پێڕەوبەندیی لە هەریەکە لەم قوتابخانانەدا:

## (١-٢/١) پێڕەوبەندیی لە قوتابخانەی دێریندا:

قوتابخانەی دێرین (کلاسیکی/ تەقلیدی/ کۆن/ سونەتی) بە سەرەتاییترین قوتابخانە دادەنرێت لەمێژووی زمانەوانیدا، لەم قوتابخانەیەدا سانسکریتییەکان دێرینترین زمانناسن لەجیهاندا، کە لە زمانیان کۆڵیوەتەوە، هەروەها زانای هیندی (پانینی) بەکۆنترین زانای زمان دەژمێردرێت، زمانی (هیندی کۆن)ی شیکردووەتەوە، کە تائێستاش زمانناسەکان لەسەر ئەو پێوەرانە دەڕۆن. (ناوخۆش، ٢٠٠٨: ١٥)

خاڵی سەرەکی هەموو زمانێک (پێڕەوبەندیی وڕێکوپێکی)یە، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین سەرەتاییترین زمانیش ڕێکوپێکی و یاسای تێدابووە و مەرجی هەموو زمانێک ئەوەیە پابەندبێت بە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای تایبەت بە زمانەکە خۆی، نابێت شتی هەڕەمەکی لەزماندا هەبێت، بەڵکو ئەو کاتەی زمان پابەندی یاساکان نابێت، ئیتر لە زمان دەردەچێت، واتە مەرجی سەرەکی بەزمان بوون، یاسای تایبەت بەو زمانەیە و جێبەجێکردنیەتی بەکرداریی و دووربوونە لە بێبەرنامەیی و هەڕەمەکی لەچوارچێوەی هەموو زمانێکدا، ئەگەر یاسا نەبوایە کەسی بێگانە نەیدەتوانی فێری زمانێکی دیکە ببێت.

لە قوتابخانەی دێریندا (یۆنانییەکان خۆیان بە لێکۆڵینەوەی زمانەوە سەرقاڵکردبوو، هەروەها زمانی یۆنانی کۆنیان بەبنچینە دادەنا بۆ زمانەکانی تری جیهان، ئەو پێڕەوبەندییەی لەزماندا هەبوو، زمانی یۆنانی کۆن بوو، واتە زمانەکانی تر پێڕەوی یاسا و ڕێساکانی بکەن

و هەر لەویشەوە بۆ زمانەکانی دیکەیان دەڕوانی، واتە زمانی یۆنانی کرا بە پێوەر و هەڵسەنگێنەری زمانەکانی دیکەی جیهان.) (ناوخۆش، ٢٠٠٨: ٨)، هەروەها زمانەوانە کلاسیکەکان گرنگی زۆریان بە ڕێزمان داوە و هەوڵی فێرکردنی قوتابییانیان داوە، بۆئەوەی فێری ڕێزمان بن، بۆ هەموو زمانەکانی تری جیهانیش سودی لێوەربگرن، چونکە (لەم قوتابخانەیەدا ڕێزمان بوو بە بناغە و دەستپێکی زمانی یۆنانی و لەویشەوە بۆ زمانانی تری جیهان.) (باتینی، ١٩٩٣: ١٧)

قوتابخانەکە یاساکانی پێڕەودەکرد و وەک ئامرازێکی پێڕەوبەندیی بەکاریهێنا، هەر بەهێزی یاساکانیش بوو بەهۆی مانەوەو بەهێزی قوتابخانەکە، کە ئەمە خاڵێکی قوتابخانەکە بوو (بۆماوەی نزیکەی (٢٠٠٠) ساڵ مایەوە، بەهۆی بەهێزیی و توندوتۆڵی یاساوڕێساکانی زمانی یۆنانی، کە وەک سەرچاوەو بناغە بەکاردەهات.) (ناوخۆش، ٢٠٠٨: ٢٠)، کۆنترین بەرهەمی (ئەفلاتون) کە یەکێکە لەزاناکانی قوتابخانەی دێرین (بریتییە لە (کراتیلوس)، لە سەدەی (٥)ی زایینییدا لە گفتوگۆیەکدا باسی لێکۆڵینەوەی بنەڕەتی وشە دەکات و، کۆمەڵێک یاسا و دەستوری بۆ زمان دانا، کە زمانی یۆنانی کۆن سەرچاوەی یاساکان بوو.) (عمر، ١٩٨٢: ١٨)

لە قوتابخانەی دێریندا (ئەفلاتون یەکەم کەس بوو، ڕستە دابەش بکات بۆ بکەر و کار، ئەو دابەشکردنە هەتا سەردەمی لاتینیش، ڕستە هەر بریتی بوو لەو پێناسەیەی ئەفلاتون.) (ناوخۆش، ٢٠٠٨: ١٣)، ئەمەش بوو بە یاساو پێڕەوبەندییەک، کە لەوکاتەوە تا ئێستا لەهەموو ڕستەیەکی زمانی کوردیدا بەکاردێت، چونکە هیچ ڕستەیەکی زمانی کوردی نییە بەبێ ئەم دوو پێکهاتە سەرەکییە دروستبووبێت، چونکە ئەم دوو ڕەگەزەی ڕستە سەرەکین، بەڵام ڕەگەزەکانی تر لاوەکین، بۆ نمونە: (ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ئامراز)، هەوڵەکانی ئەفلاتون سەرەتایی بوون، بەڵام بوون بەبناغە و بنچینەیەک بۆ کار و هەوڵەکانی زانایانی دوای ئەفلاتون و هەموو یۆنان و جیهانیش بە گشتی، کە بۆقۆناغی خۆی زۆرباش و گونجاو بووە و بۆ قۆناغی دواتر سودی لێوەرگیراوە.

پاشان سەردەمی ڕۆمانییەکان هاتەپێشەوە، کە لەوسەردەمەدا زمانی (لاتینی) باڵی بەسەر هەموولایەکی ئەوروپادا کێشابوو، هەروەها دروستی بەکارهێنانی لاتینی گرنگی زۆر پێدەدرا، زمانی فەیلەسوف و شاعیرەکانی سەردەمی ڕۆمانییەکان بە زمانێکی باو و ڕەسەن دادەنرا، هەربۆیە (ئەرکی زمانەوان پاراستنی پاراویی زمانەکە بوو، واتە دەستورەکانی زمانی لاتینی بهێڵرێتەوە، کە ل ەزمانی یۆنانی کۆنەوە وەریانگرتبوو، لێکۆڵینەوە تەنها بۆ زمانی نووسین تەرخاندەکرا، چونکە زمانێکی پاراو و یاساییش بوو، بەڵام زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە هەندێک جار بەهۆی لەبیرچوونەوە و هەڵەی زمانییەوە کێشەی تێدەکەوت، بۆیە زمانی نووسین ڕاستتر و دەوڵەمەندترە، بۆیە پێویست بوو لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی شاعیران و نووسەران بێت. (دزەیی، ٢٠٢١: ١٦٠)

کەواتە لە قوتابخانەی زمانەوانی دێریندا کۆمەڵێک پێوانە و یاسایان هەیە، نەدەبوو لێی لابدرێت، کەواتە گۆڕانکاری لەو یاسایانە جێگەی قبوڵکردن نییە، پێیان وابوو گۆڕان لەزماندا، دەبێتە هۆی ئەوەی زمان تێکبدات، هەرچەندە لەڕاستیدا گۆڕانی زمان دیاردەیەکی سروشتییەو ئاساییە دەبێت زمان گۆڕانی بەسەردابێت لەبەر گۆڕانی سەردەم و پێویستی خەڵک، بێگومان گۆڕانیش لە زماندا بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵگا ئەنجامدەدرێت، کۆمەڵگاش هەرگیز گۆڕانێک لە زمانەکەدا ناکات، کە ببێتە هۆی تێکدان و شێواندنی زمانەکە، هەروەها هیچ گۆڕانکارییەکیش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ئەنجامنادرێت.

## (٢/١-٢) پێڕەوبەندیی لە سەردەمی بەراوردکارەکاندا:

بەراورد واتە دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان دوو سەردەم و قۆناغ و دۆزینەوەی ڕێڕەوێکی هاوبەش و نێوانگیری، یان دۆزینەوەی پێڕەو و یاساو دەستورێکی نێوانیان، کە بووەتە هۆی هەردووکیان پێڕەوی ئەو یاسا و ڕێسایە بکەن، لەم قۆناغەدا تێبینی و سەرنجەکانی (ولیەم جۆنز) لەساڵی (١٧٨٦)دا بوو بە دەستپێکی زمانەوانی بەراوردکاریی، تێبینیەکان سەبارەت بە لێکچوون و جیاوازی زمانەکانی (سانسکریتی و گریکی و لاتینی) بوون. (شوانی، ٢٠٠٩: ١٣)، (ولیەم جۆنز) پێیوابوو هەر سێ زمانەکە لە یەک سەرچاوەوە هاتون و دواتر سەرچاوەکە لەناوچووە، هەموو زمانەوانی سەردەمەکە بەم بۆچوونەی (ولیەم جۆنز) گۆڕا و هەموو هەوڵێکی زمانەوانی سەردەمەکە بوو بە هەوڵدان بۆ سەلماندن و چەسپاندنی ئەم بیروڕایەی (ولیەم جۆنز). (دزەیی، ٢٠٢١: ١٦٥)

زمانەوانەکان لەو سەردەمەدا لە زمانیان دەکۆڵییەوە، تەکنیک و کەرەستەی ئەم لێکۆڵینەوەیە و هەوڵی زمانەوانەکانی تر، بوون بە هۆی نووسینی کتێبە فراوانەکەی (فرانز پۆپ) دەربارەی ڕێزمانی بەراوردی هەر سێ زمانەکە، کە ئەمە بە شاکاری قۆناغی بەراوردکاری دادەنرێت، زمانەوانەکان ویستیان ڕەگ وڕیشەی هەر سێ زمانەکە دیارییبکەن، ئەویش بۆیان دەرکەوت زمانی (هیندۆئەوروپی) بووە. (فەرهادی، ٢٠١٣: ١١٠)، کەواتە زمانی هیندۆئەوروپی بوو بە پێڕەو و یاسا و ڕێسایەک بۆ هەر سێ زمانەکە، بنەما و پێوەرەکانی ناو زمانی هیندۆئەوروپی لە هەر سێ زمانەکەدا ڕەنگیدایەوە، لێرەوە پۆلێنکردنی زمانەکان هاتەکایەوە، کە ئەم پۆلێنکردنە یەکێکە لە شاکارەکانی سەردەمی بەراوردکاری (جۆری یەکەمی، ئەو پۆلێنە بوو لەسەر بنچینەی خزمایەتی و مێژویی و خێزانە زمانییەکان، زمانەکان دابەشدەکرا و بەم جۆرەی پۆلێنکردن دەوترێت (پۆلێنی وەچەیی – مێژوویی)، جۆری دووەمی پۆلێنەکە بریتیی بوو لە (پۆلێنکردن بە پێی جۆری مۆرفیمەکان- تۆپۆلۆجییانە)، کە (شلیگڵ) لە ساڵی (٨١٨) بۆ یەکەمجار خستییە بەرچاو، کە بە پێی پێڕەو و یاسا و ڕێسایەکی تایبەتی زمانەکان پۆلێندەکران.)، ئەویش ئەم سێ یاسایە بوو: (تەیب، ٢٠١٤: ٨٧)

یەکەم: هەر زمانێک گیرەکی نەبوایە، ناویانلێدەنا (زمانی دابڕاو)، بۆ نمونە: زمانی چینی، ڤێتنامی.

دووەم: هەر زمانێک بە هۆی گیرەکەوە کاریان بکردایە، پێیان دەوت (زمانی لکاو، نووساو، داتاشراو) بۆ نمونە: زمانی کوردی، زمانی تورکی و یابانی.

سێیەم: هەر زمانێک کەرەستەکانیان بدرایەتە پاڵ یەکتری، پێیان دەوترا (زمانی لێکدراو، تواوە)، بۆ نمونە: زمانی لاتینی و عەرەبی.

لەو دوو پۆلێنە (پۆلێنی وەچەیی- مێژوویی) بەربڵاوتر بوو لە پۆلێنی جۆریی (تۆپۆلۆجییانە)، هەرچەندە پۆلێنی جۆری مۆرفیم (تۆپۆلۆجییانە) سادە و ئاسانتر بوو بۆ لێکدانەوە و پۆلێنکردنی زمانەکان، هەرچەندە دوو پۆلێنەکە دژی یەکتر نین بەڵکو تەواوکەری یەکترن و هەریەکەیان لە سنور و مەودای خۆیدا ڕۆڵ دەبینێت.) (فەرهادی، ٢٠١٣: ١١٤)، بەراوردکارەکان پێیان وابوو کە ناوازەیی لەزماندا نییە و هیچ گۆڕانێک لە خۆوە نابێت، بە بەڵگەی ئەوەی (زانایەک بە ناوی (کارل ڤێرنەر) لەساڵی (١٨٧٥) سەلماندی هەموو گۆڕانێک پێشبینی دەکرێت، کە خودی زمان خۆی وەک دراو دووڕووی هەیە، کە بریتییە لە (فۆرم و ئەرک)، بەڵام بڕوای ئەم ڕێزماننووسە گەنجانە وابوو، کە تەنها بە دوای لایەنی (فۆرم – شێوە- ڕوخسار)ی زماندا دەگەڕان، کەچی لایەنی دووەمی زمان کە (ئەرک)ە، پەیوەندی بە مرۆڤ و کۆمەڵەوە هەیە، پشتگوێیان دەخست. (فەرهادی، ٢٠١٣: ١١٨).

بەگشتی پێڕەوبەندیی لە قوتابخانەی بەراوردکارەکاندا بریتییە لە دۆزینەوەی ڕێچکەیەکی هاوبەش لەنێوان زمانەکاندا، واتە ئەو خاڵە هاوبەش و جیاوازانەی زمانەکان لەڕووی یاسا و ڕێساوە پێڕەویدەکەن، سەرەتای قۆناغەکە بەچەند تێبینی و سەرنجێک دەستپێکردووە و دواتر ئەو تێبینییانە بوو بە پێڕەو و ڕێبازێکی سەرەکی بۆ کۆی قوتابخانەکە، گرنگترین کاری ئەم قوتابخانەیە پۆلێنکردنی زمانەکان بوو، کە هەردوو جۆری (وەچەیی، تۆپۆلۆجی) دەگرێتەوە، هەردووکیان گرنگی خۆیان هەبوو، هەریەکەیان شێواز و بوار و سنوری کارکردنیان جیاواز بوو، لەگەل ئەمانەشدا بەراوردکارەکان لەبارەی (گۆڕان لەزماندا) دیدگەی تایبەتی خۆیان هەبوو، بە بڕوای ئەوان هیچ گۆڕانێک لە زماندا هەڕەمەکی و بێبنەما نییە و شتی شاز و ناوازە لەزماندا بوونی نییە و گۆڕانکارییەکانی زمان هەمیشە پێشبینیکراوە، بەو واتایەی هیچ گۆڕانێک لە زماندا ڕوونادات ئەگەر پێشتر پێشبینی نەکرابێت و پێشینەی ڕوودانی بۆ سازنەکرابێت.

## (٣-٢/١) پێڕەوبەندیی لە سەردەمی بونیادگەرەکاندا:

پێڕەوبەندیی لەم قۆناغەدا (هەر لە خودی ناوی قۆناغەکە خۆیەوە دەستپێدەکات، کە لە وشەی (بونیاد)دا خۆی دەبینێتەوە، سەرەتای وشەکە (دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (struere)ی لاتینی و واتای (بنیادکردن) دەگەیەنێت.) (خۆشناو، ٢٠١٠: ٧٦)، لە بارەی واتای بونیادەوە

((لوسیا گۆڵدمان) دەڵێت بونیاد واتە پێڕەو، لە هەر پێڕەوێکدا هەموو بەشەکان بەیەکەوە بەستراون، بە شێوەیەک کاری هەر بەشێک بە سەرجەم بەشەکانی پێڕەوەکەوە بەستراوەتەوە، هیچ بەشێک ناتوانێت لە دەرەوەی بەشەکانی دیکەی پێڕەوەکەدا هەبێت، بەو پێیە ناتوانرێت سەرجەم پێڕەوەکە بناسرێت بە پێی ناسینی بەشەکەی، (ڕیڤاتیر)یش پێیوایە کە (بونیاد) پێڕەوێکی پێکەوەبەستراو و گرێدراوە و هەر گۆڕانکارییەک ڕوودات، دەبێت ڕەچاوی هەموو پێڕەوەکە بکرێت، چونکە (بونیاد) پێڕەوێکە لە ژمارەیەک توخم پێکدێت، ناکرێت گۆڕانکاری لە توخمێکدا بکەیت، بەبێ ڕەچاوکردنی گۆڕانکاری لە هەموو توخمەکانی تردا.) (حسێن، ٢٠٠٧: ١٢-١٤)

قوتابخانەی بونیادگەریی بە زمانەوانی گەورە (سۆسێر)ەوە گرێدراوە، هەر لەسەر دەستی ئەویش بۆ یەکەمین جار زمان وەک زانست ناسێنرا، هەروەها یەکەم کەس بوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا تیشکی خستەسەر پێڕەو لە زماندا، بەجۆرێک ئەم بۆچوونە گرنگترین بۆچوونی سۆسێر بوو، کە پێی وابوو زمان بەپێی پێڕەو و یاسا و ڕێسای ورد و ڕێک بەرنامەڕێژکراوە، ئەم بیروباوەڕە بوو بە بیروباوەڕی بونیادگەرەکان و هەموو قوتابخانە زمانەوانییەکە بەگشتی، لەگەڵ ئەمانەشدا چەمکی پێکهاتە و پێڕەوی زمانەوانی گرنگترین بۆچوونی (سۆسێر) بوو، کە جێگەی بایەخپێدانی بوو، هەموو زمانی وەک پێکهاتە و دروستەیەک وەرگرتووە و بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ڕێکوپێک سەیری زمانی کردووە، کە جێگە بۆ هیچ لاریی و شێواوی و ناڕێکییەک بەجێناهێڵێت.

سۆسێر لەو بڕوایەدا بوو هەموو ڕەگەزەکانی زمان پەیوەندییەکی بەهێز و توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیە و کۆی پێکهاتەکان تەواوکەری یەکترین و بە نەبوونی یەکێکیان بۆشایی و کەموکوڕیی لە زمانێکدا دروستدەبێت، هەروەها گۆڕانکاری لە شوێنی هەر یەکە و ڕەگەزێکی زمانیی، پەیکەری پێڕەوبەندیی لەزماندا تێکدەشکێنێت، چونکە شوێنی هەموو ڕەگەزێکی زمان جێگیر و دیاریکراوە و گۆڕانکاری لە شوێنی ڕەگەزەکانی زماندا ئەگەر پێویست نەبێت و لەبەر پێویستی و گرنگیی نەبێت، دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بە پێڕەوبەندیی لە زماندا، چونکە (زمان پێڕەوە و پێڕەوی ڕێبازێک دەکات و ڕەگەزەکانی زمان لە پەیوەندی دیالێکتیدان، جێگۆڕکێی هەر دانەیەکی زمانەوانی یان ڕەگەزێکی، شیرازەی پێڕەوی زمان دەشێوێنێت.) (محەمەد، ٢٠١٣: ٣٥)

زمان دیاردەیەکی تەواو و ڕێکوپێکە و هیچ ڕەگەزێکی نییە لە شوێنی خۆیدا نەبێت، یان بە پێی یاسا و ڕێسا دانەنرابێت، هیچ زمانێک ڕێگە بە جێگۆڕکێی کەرەستەکانی نادات، چونکە تایبەتمەندیی پێڕەوبەندیی زمانەکە تێکدەدات، تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێت کە جێگۆڕکێکە بەپێی پێویستی زمانەکە و بەپێی یاسا و ڕێسایەکی تایبەت دەکرێت، واتە هەموو ئەوەی لە زماندا ڕوودەدات لەسەر پێڕەو و یاسا دەڕوات بەبێ پێڕەوبەندیی هیچ هەنگاوێک نانرێت، هەروەها سۆسێر زۆر زیاتر لە زمانەوانەکانی تر بایەخی بە پێڕەو داوە لەزماندا، چونکە پێڕەوی بە

بنەمایەکی سەرەکی و گرنگ داناوە و پێیوابووە، کە بوونی پێڕەو بنەمایەکی گرنگی هەموو زمانێکە، ئەمەش وەک یاسایەکی جێگیر لەگشت زمانێکدا سەیرکردووە، لەهەمان کاتدا هیچ زمانێک لە جیهاندا نییە، کە خاوەن پێڕەوی تایبەتی خۆی نەبێت و کار بەم یاسایە نەکات، بەڵام ئەگەر زمانێک وا دەرکەوت خاوەنی پێڕەو نییە، ئەوا ڕاستییەکە ئەوەیە پێڕەو لەو زمانەدا نەدۆزراوەتەوە، نەک ئەوەی پێڕەو لەو زمانەدا بوونی نەبێت.

سۆسێر گرنگی بە لایەنێکی دیکەی زمان دا، کە ئەو کۆمەڵە شتانە بوو کە دوو دوو پێکەوە بەستراون و بە (دووانەکانی سۆسێر) ناودەبرێن، کە بریتین لە :

یەکەم/ زمان(Lange) و گوتن(Parole):

زمان پێڕەوێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئاخاوتن تاکە کەسییە، زمان پێڕەوە و لە گوتندا جێبەجێدەکرێت، چونکە زمان ئامانجە و گوتن ئامرازە بۆ گەیشتن بە یاساکانی زمان، لە هەمان کاتدا (زمان کۆمەڵایەتییە، واتە کۆمەڵە کەسێک لەسەری ڕێکدەکەون و بەکاریدەهێنن، بەڵام گوتن تاکەکەسییە و هەرکەسێک پێڕەو و یاسایەکی بۆ دادەنێت.) (محەمەد، ٢٠١٣: ٣٨)

دووەم/ هێما (Sign) و هێمابۆکراو (مدلول/Signified):

هێما، وشە واتە (دال) وێنەی دەنگییە و دەکرێت شێوەی گۆکردن و دەربڕینی وشەبێت، هێمابۆکراو، واتا، (مدلول)یش ئەو شتانەیە هێماکە دەینوێنێت، سۆسێر زیاتر خۆی بە چەمکی هێما زمانەوانییەکانەوە پەیوەستکردبوو، باوەڕی وابوو (دال و مەدلول دوو کاری ئەبستراکتین و تەواو یەکتر نانوێنن، بەڵکو سروشتێکی دەروونییان هەیە.) (ناوخۆش، ٢٠٠٨: ٤٢)

سێیەم/ مێژوویی (Diachronic) و ئێستایی (Synchronic):

مێژوویی باسی گەشەی زمان دەکات بە تێپەڕبوونی کات، بەو واتایەی (دیراسەی پەیوەندی ڕەگەزەکان دەکات بە درێژایی مێژوو، هەر ڕەگەزێک شوێنی ڕەگەزێکی دیکە دەگرێت.) (حسێن، ٢٠١٤: ١٥)، لایەنی ئێستایی بریتییە لەوەی (گرنگی بە وەسفکردنی حاڵەتی ئێستای زمانێک دەدات، زمانیش وەک پێڕەوێکی ڕێکوپێک خۆی پیشاندەدات، واتە زمان دەتوانێت بەرانبەر گۆڕانکارییەکان پتەوبێت، کە جەخت لەسەر چەسپاویی و بەرگری خۆی دەکات بەرانبەر هەڕەمەکی بوونی گۆڕانکارییەکان.) (مؤمن، ٢٠٠٢: ١٢١)

چوارەم/ نووسین و ئاخاوتن:

هەریەکەیان ڕێڕەوی خۆی هەیە و پێکەوە نارۆن لەگەڵ گەشەسەندنی زماندا، چونکە (زمان هەمیشە لەگۆڕانێکی بەردەوامدایە، بەڵام نووسین هەوڵی جێگیربوون دەدات، ئاخاوتن قۆناغ لەدوای قۆناغ لەنووسین دووردەکەوێتەوە، ئەوپیتانەی دەنگێک دەنوێنن، لەقۆناغی دواتردا لەو دەنگانە دووردەکەوێتەوە، بۆ نموونە: لە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیدا ئاخاوتن و

نووسین بە تەواوی دوورکەوتونەتەوە، تەنانەت بۆ قسەپێکەرانی زمانی دایکیش فێربوونیان ئاسان نین، بۆیە سۆسێر مەبەستی بوو نووسین بخاتە پەراوێزەوە.) (حسێن، ٢٠١٤: ٢١)

پێنجەم/ ئاستی ئاسۆیی (Syntagmatic) و ئاستی ستونی (Paradigmatic):

یەکێک لەپێناسەکانی زمان ئەوەیە، کە (بریتییە لە کۆمەڵێک هێمای یەک لەدوای یەک، پەیوەندی جۆراوجۆر لەنێوان هێماکاندا هەیە و بەجۆرێک وابەستەی یەکن، کە پێڕەوە زمانەوانییەکەی هەر زمانێک دیاریدەکەن، کاتێک لەڕووی بەدوای یەکداهاتنی هێڵییەوە سەیری پەیوەندییەکان دەکرێت، بەو پەیوەندییە دەوترێت: پەیوەندی ئاسۆیی.) (مۆمن، ٢٠٠٢: ١٠٢)

بۆ نمونە:

٥- مامۆستاکە وانەی بە خوێندکاران وتەوە.

لێرەدا کەرەستەکانی ڕستەکە، پەیوەندییەکی ئاسۆیی لەنێوانیاندا هەیە، تەبایی و گونجاویی لەڕووی ڕێزمانی و واتایی نێوان کەرەستەکان بریتییە لە پێڕەوبەندیی لەئاستی ئاسۆییدا.

بۆ نمونە:

٦- * مامۆستاکە داری بە خوێندکاران وتەوە

٧- * مامۆستاکە وانەی بە خوێندکاران لەتکرد

٨- مامۆستاکە وانەی بە خوێندکاران نوسییەوە.

٩- مامۆستاکە وانەی بە خوێندکاران لەبەرکرد.

لێرەدا ئەو کردارانە گونجاوە، کە لەگەڵ (وانە) و (مامۆستا) و (خوێندکار)دا لە ڕووی واتاوە دەشێت و توشی کەلێنی واتایی نابێت، بکەریش (مامۆستاکە) پێویستی بە بەرکارێکە بگونجێت لەگەڵیدا، بۆنمونە (وانە، خوێندکار،...هتد)، پەیوەندی نێوان ئەم کەرەستانەی ڕستە، پێیدەوترێت (ئاستی ئاسۆیی) و لەسەر ئەم بنچینەیە (ئاستی ستونی)یش بنیاتدەنرێت، کە بریتییە لە پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستەیەک لەگەڵ کەرەستەی دیکەی دەرەوەی ڕستەکەدا، ئەو وشانەی لە ئاستی ستونیدان لەدیدی سۆسێرەوە بە (پێڕەوبەندیی و یاسا و ڕێسا) ناودەبرێت، چونکە زاراوەی (پەیوەندی ستونی- پارادیگماتیک) لە بونیادگەری سۆسێردا ئەوجۆرە پەیوەندییە لەجیاتییە دەگەیەنێت، کە یەکەیەکی زمانەوانی لەگەڵ یەکەیەکی دیکەدا لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا هەیەتی.

بۆ نمونە:

١٠- من **چێشتەکە** م لێنا.

١١- ئەو **قەڵەمەکە** ی هێنا.

بەهۆی پەیوەندی ستونییەوە هەر بەشێکی ئاخاوتن جێی خۆی دەگرێتەوە و لەجیاتی ئەو، کەرستەیەکی دیکەی هەمان پۆلەئاخاوتن دادەنرێت، بۆنموونە (ئاوەڵناو) لەجیاتی (ئاوەڵناو) و (ئاوەڵکردار) لەجیاتی (ئاوەڵکردار).

بۆ نموونە:

١٢- ئیمان قوتابییەکی ڕەوشت بەرزە. ⟵ سۆلین کەسێکی زیرەکە.

١٣- سایە زمانی فارسی بەباشی دەزانێت. ⟵ کۆشاد پیاوانە هاوکاری هەژارەکەی کرد.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە بەها و نرخی ئەو هێما زمانییانە زۆرجار لەڕێی پەیوەندییەوە بە هێماکانی دیکەی زمانەوە لە قاڵبی فریز و ڕستەدا دەردەکەوێت، کە ئەمە (سۆسێر) بە پەیوەندی ئاسۆیی (سینتاگماتیک) ناویدەبات، بەو واتایەی (هەر کەرەستەیەک لە ڕستەدا کەرەستەکەی دوای خۆی ڕوندەکاتەوە، چونکە کەرەستەکانی ڕستە بەشێوەیەکی ئاسۆیی پەیوەندییان هەیە، هەندێک جار پەیوەندییەکە ئازادانە و سەرپشکانەیە.) (ئەحمەد، ٢٠١٢: ٥٧)

بۆ نموونە:

١٤- ئازاد نان دەخوات.

پێویستە ناوی (ئازاد) کە بکەرە، کەرەستەیەک بۆ بەرکار هەڵبژێرێت، چونکە کاری ڕستەکە کارێکی تێپەڕە، بەرکارەکە پێویستە بۆخواردن شیاو بێت، بۆئەوەی ڕستەکە لەرووی واتا و ڕێزمانەوە تەواو بێت، پەیوەندی نێوان (ئازاد)، (نان)، (دەخوات)، پەیوەندییەکی ئاسۆیی ئازادانەیە، چونکە دەتوانین بیانگۆڕین بە کەرەستە و وشەی دیکە.

بۆ نموونە:

١٥- ئازاد برنج دەخوات.

١٦- * ئازاد بەرد دەخوات

١٧- * ئازاد کاغەز دەخوات

لە هەموو ڕستەکاندا یاسا و پێرەوبەندییەک هەیە، کە پێویستە جێبەجێبکرێت، هەروەها (کاتێک پەیوەندییەکە ناچاری و زۆرەملێیانە بێت.

بۆ نموونە:

١٨- جریوەی چۆلەکە خۆشە.

١٩- قاسپەی کەو لە کێوان دێت.

بەجۆرێک پەیوەندی نێوان (جریوە) و (چۆلەکە)، (قاسپە) و (کەو) پێکەوەهاتووە و بەیەکەوە بەستراوە، چونکە (فرێزەکە لەڕووی دروستەوە بە فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداری زگماکی ناسراوە، واتە ناوی یەکەم دەرخراوە و ناوی دووەمیش دەرخەرە و خاوەنێکی هەمیشەیی ناوی یەکەمە.) (مەعروف، ٢٠١٠: ٥٣)، ئەگەر هەرکاتێک بەشی دووەمی وشەکان، واتە (چۆلەکە، کەو) لە ڕستەکاندا نەیەت، خوێنەر خۆی دەزانێت کە (جریوە) هی (چۆلەکە) یەو (قاسپە) یش هی (کەو) ە، بۆیە هەندێک جار بۆ ئابوریکردن دەتوانین بڵێین:

٢٠- جریوە خۆشە.

٢١- قاسپە لە کێوان دێت.

لێرەشدا ئەو پێڕەوبەندییەی جێبەجێدەکرێت، ئەوەیە هەمیشە (دەنگی ئاژەڵەکە + ناوی ئاژەڵەکە) دێت، واتە ناکرێت بوترێت:

٢٢- * چۆلەکەی جریوە

٢٣- * کەوی قاسپە

پێویستە دەنگی ئاژەڵەکە لەگەڵ ناوی ئاژەڵەکە بگونجێت و ئەو دەنگە تایبەت بێت بەو ئاژەڵە.

بۆ نمونە:

٢٤- * جریوەی ئەسپ

٢٥- * باڕەی گورگ

دەوترێت:

٢٦- حیلەی ئەسپ

٢٧- جریوەی چۆلەکە

٢٨- باڕەی بزن

٢٩- لورەی گورگ

سۆسێر بایەخ و گرنگی بە پێڕەوبەندیی و پێکهاتەی زمانیی و ڕێکخراوی داوە، پێش سەردەمی سۆسێر زمان وەک بەشێک لە لۆژیک و ژیربێژیی و فەلسەفە و بوارەکانی دیکەی سەردەم سەیردەکرا، بەڵام هەر لەگەڵ هاتنی سۆسێر و دەستپێکی سەردەمی بونیادگەرەکان، زمان وەک زانستێکی سەربەخۆ پیشاندرا، کە جیاواز بوو لە فەلسەفە و ژیربێژی، ئەو

زانستانەی دیکە لەناو چوارچێوەی خۆیاندا لێکدەدرانەوە و تێکەڵی زانستی زمان نەدەکران و بە شێوازی خۆیان شیدەکرانەوە.

## (٤-٢/١) پێڕەوبەندیی لە سەردەمی ڕۆنانکارەکاندا:

وشەی (ڕۆنانکار) بە واتای (دروستەکار)دێت، لەبنچینەدا سەرەتای ئەم ڕێبازە بۆ دەروونناسە ڕەوشتکارەکان دەگەڕێتەوە، بە ڕابەری (بلۆمفێڵد) هاتە بەرهەم، بە جۆرێک پێڕەوبەندییان ئەوەبوو (هەموو لایەنێکی ڕەوشتی مرۆڤ لەچوارچێوەی کارو کاردانەوەدا لێکدەدرێتەوە، هیچ کارێک بە بێ کاردانەوە نابێت، هەموو کاردانەوەیەکیش پێشینەیەکی کاری هەیە، کارو کاردانەوە هەوێنی بەرهەمهێنانی قۆناغەکەیە، قوتابخانەکە دژی هەموو ڕێبازەکانی پێشوو بووە، چونکە ئەوانەی پێشوو بڕوایان بەهەڵهێنجان هەبوو، لە دۆزینەوەشدا پشتیان بە (مێشک و بیر و وێنە) دەبەست، بەڵام بەلای ڕەوشتکارانەوە ڕەوشتی مرۆڤ دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ناهۆشەکی (فیزیکی)دا لێکبدرێتەوە.) (دزەیی، ٢٠٢١: ١٩٢). لە قوتابخانەی ڕۆنانکاردا کەرەستەکانی زمان پۆلێندەکرێت، بەشێوازێک (یەکەکانی زمان لە بچوکترینیانەوە بۆ گەورەترینیان پۆلێندەکات، کە ئەمەش پێڕەوبەندیی قوتابخانەکەیە، لێرەدا ئاستی واتا و پراگماتیک کراوەتە دەرەوەی ئاستەکان، لەبەرئەوەی واتا فەرامۆشکرابوو، چونکە پێیان وابوو واتا زیاتر پەیوەستە بە دەرەوەی زمانەوە.

هەریەکە لە ئاستەکان خاوەنی یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆیەتی بۆ نمونە: (ساڵح، ٢٠٢٠/١١/٨)

(١- یەکەم هەنگاو لەشیکردنەوەی زماندا، پێویستە دیاریکردنی پێڕەوی دەنگی زمانەکە بێت، دواتر ڕیزە فۆنیمەکان لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت و مۆرفیمەکان دیاریدەکرێت، کەواتە هەتا پێڕەوی دەنگی زمانەکە دیارینەکرێت، ناتوانرێت لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕیزەفۆنیمەکانەوە پاشان مۆرفیمەکان بکرێت.

٢- ژمارەیەکی کەمی فۆنێم دەبنە هۆی ڕۆنانی ژمارەیەکی زۆر لە مۆرفێم، کەواتە ژمارەی فۆنیمەکان سنوردار و دیاریکراوە، بەڵام ژمارەی مۆرفیمەکان بێسنور و دیارینەکراوە، پێڕەوبەندییەکەش لێرەدا ئەوەیە، کە پێکهاتەیەکی ژمارە کەم دەبێتە هۆی دروستکردنی پێکهاتەیەکی بێشومار.

٣- گرنگییان بە فۆرمی زمان دەدا، بە بۆچوونی ئەمان فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی دوو بابەتی بەرجەستە و فیزیکین، بەڵام واتا گرنگ نەبوو، هەر ئەم گرنگیدانەیان بە فۆرمی زمان بەڵگەی پێڕەوبەندییە، چونکە فۆرمی زمان فۆنیم و مۆرفیم دەگرێتەوە، بەڵام واتا و واتاسازی لە دەرەوەی بایەخی ڕۆنانکارەکاندا بوو، لەبەرئەوەی ئەوان بڕوایان بە هیچ پێکهاتەیەکی نەبینراو و واتایی نەبوو.

٤- جەختکردنەوە لەسەر نوسینەوەی ڕێزمانی وەسفی زمانە نەنوسراوەکان، لەبەرئەوەی هەتا ڕێزمانی زمانەکە نەنوسرێتەوە یاسا و ڕێسا و پێڕەوبەندییەکە دەرناکەوێت، واتە نووسینەوەی ڕێزمانی ئەو زمانە، دەبێتە ئامرازی پێڕەوبەندیی لەو زمانەدا و چۆنێتی جێبەجێکردنی پێڕەوبەندییەکەی.

٥- پێیان وابوو زمان پێڕەوبەندیی هەیە، هەروەها دەنگەکان دیاردەیەکە لەهەموو ئەوانی تر دەکرێت بەرجەستەبکرێن، هەر ئەم بڕوایەبوو وایکرد لەشیکردنەوەی فۆنیمەوە دەستپێبکەن.)

کەواتە پێڕەوبەندیی لە قوتابخانەی زمانەوانیی ڕۆنانکارەکاندا بریتییە لە چەند شتێک، یەکێک لەوانە (گوتن)ە، کە نمونەی پێڕەوی ڕێزمانە، واتە بەهۆی گوتنەوە پێڕەوبەندیی جێبەجێدەبێت و کەرەستە فیزیکییەکانی زمان بەکاردەهێنرێت، پێڕەوی دەنگیی گرنگترین نموونەی پێڕەوبەندییە، لەبەرئەوەی هەتا فۆنیمەکان دیارینەکرێن، ناتوانرێت هیچ یەکە و کەرەستەیەکی دیکەی زمان دیاریبکرێت، فۆنیمەکان دەبنە پێکهێنەری مۆرفیمەکان و هەموو یەکە و کەرەستەکانی تری زمان، کەواتە ئەم پرۆسەیەی بەرهەمهێنانی مۆرفیم بەهۆی گرنگی و کاریگەریی فۆنیمەکانەوەیە، فۆنیمەکانیش دەبنە بناغەی پرۆسەی بەرهەمهێنانەکە و خودی پێڕەوبەندییەکە لەم قوتابخانە زمانەوانییەدا، هەروەها هەردوو ئاستی (فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی)یان بە دوو ئاستی گرنگ و نمونەی پێڕەوبەندیی دادەنا، بەڵام ئاستی واتاسازیی ی فەرامۆشکرد، چونکە پێیوابوو واتا ئاستێکە لە دەرەوەی زمان و زیاتر پەیوەندی بە دەرەوەی زمانەوە هەیە نەک خودی زمان، هەروەها دەنگ وێنەیەکی دووبارەکراوەی هەموو ئاستەکانی دیکەی زمان بوو، هەربۆیە فۆنێم ترۆپکی پێڕەوبەندییە لەلای ڕۆنانکارەکان.

## (٢/١-٥) پێڕەوبەندیی لەلای (چۆمسکی):

چۆمسکی کە لە بنەڕەتدا (ناوی (ئەڤرام نەوام چۆمسکی/ avram noam Chomsky) یە، زمانەوانێکی ئەمەریکیی بەڕەچەڵەک جولەکەیە، توێژینەوە و تیۆرەکانی لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا ڕێز و پێزانینێکی زۆریان هەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو پرۆژەیەی کە هەنوکە ناو و ناوبانگی پێوە دەرکردووە، بونیادنانی سیستەمی ڕێزمانی بەرهەمهێنانە، چونکە پێش هەموو کەسێک باسی یاساکانی گواستنەوەی کردووە، ئەوەی جێی سەرنجە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکی مەودا و سنوری بەکارهێنانەکەی فراوانبوو، لە زانکۆکان و بوارە فێرخوازییەکانی زمانەوە بۆ بوارە هونەرییەکان و بوارەکانی تریش.) (بوقرە، ٢٠١٦: ١٧٣-١٧٨)، هەروەها چۆمسکی لە زمانەوانیدا پێیوایە زمان حاڵەتێکی گشتییە و یاساکانی زمانەوانی لەسەر هەموو زمانەکان پێڕەودەکرێت، کەرەستەکانی قوتابخانەکە یاساو ڕێسا بەهێزەکانی پێڕەودەکردو وەک ئامرازێکی پێڕەوبەندیی بەکاریدەهێنا، هەر بەهێزی یاساکانیش بوو بەهۆی مانەوەو بەهێزی قوتابخانەکە، زمانیش (لە گەورەترین کەرەستە

دەستپێدەکات، تا دەگاتە بچوکترین کەرەستە، زمانی هەموو مرۆڤەکان تا ڕادەیەک لەیەکچوون، ئەو میکانیزمە ناوەکییانەی لە مێشکدان دەربارەی زمان، هەموویان خاڵی هاوبەشیان هەیە، پێویستە هەموو زمانەوانەکان جەختبکەنەوە لە دۆزینەوەی ئەو یەکە و پێکهێنەرانەی لە هەموو زمانێکدا بەردەستن.) (Aitchisin, ١٩٩٦: ٢٦)، ئەم بۆچوونەی چۆمسکی دەریدەخات زمان شێوەیەکی گشتگیری هەیە، یاساکانی زمانەوانی لە هەموو زمانەکانی جیهاندا جێبەجێدەکرێت، کەواتە ئەو یاسایانەی لەزمانەکاندا پێڕەودەکرێن بەگشتی لەیەک نزیکە، بۆ نمونە سێ کەرەستە سەرەکییەکەی ڕستە لە هەموو زمانێکدا بریتین لە (بکەر، بەرکار، کار)، بەڵام هەندێک کەرەستەی تر لاوەکین، بۆ نمونە: (ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ئامراز)، هەروەها چۆمسکی پێیوایە، کە (گەورەترین یەکەی زمانیی، کە (ڕستە)یە، بە (دڵ)ی زمانی دەزانێت و بچوکترینیشیان بەدەنگ و فۆنێم دادەنێت، واتە بەپێچەوانەی سۆسێرەوە، کە گرنگی زیاتر بە فۆنێم داو ئاڕاستەی هەڕەمی زمانیشی لە فۆنێمەوە بەرەو مۆرفێم و ڕستە دیاریکرد، ڕستەیش جەوهەری ئەو ڕێزمانەیە کە چۆمسکی بنیاتیناوە.) (Chomsky, ١٩٥٧: ١٦)

چۆمسکی وای بۆدەچێت، کە یاساکانی هەموو زمانێک لای هەموو قسەپێکەرانی ئەو زمانە زانراوە و لە مێشکدان، دواتر هەر ئەو یاسایانە دەبنە ئامرازی پێڕەوبەندیی، بەمپێیە (هەر کەسێک زمانێک بزانێت، کۆمەڵێک یاسا لە مێشکیدایە، ئەو یاسایانە دەبێتە هۆی ئەوەی قسەکردنەکانی بە ڕیزبەندی و ڕێکوپێکی و پێڕەوبەندیی بێت، ئەرکی گرنگی زمانەوانیش دۆزینەوەی ئەو یاسایانەیە کە ڕێزمانی ئەو زمانە هەیەتی

سەرەڕای ئەمانەش ڕێزمان دوو مەبەستی هەیە، یەکەم: یاساکانی ناو مێشکی مرۆڤ، دووەم: دۆزینەوەی یاساکان و بۆچوونەکانی زمانەوان لەسەریان.) (Aitchisin, ١٩٩٦: ٢٦)، هەروەها ڕێزمان لای چۆمسکی گرنگییەکی زۆری هەیە، بەجۆرێک، کە پێوەری جیاکردنەوەی ڕستە ڕاست و ناڕاستەکانە، ئامرازی دروستکردنی پێکهاتە ڕێزمانیی و ناڕێزمانییەکانیشە، بەو واتایەی (ڕێزمان ئامرازێکە، بەهۆیەوە ڕیزبەندییە ڕێزمانییەکانی زمانێک و پێکهاتە ناڕێزمانییەکانی تریش دروستدەکات، کە دەبێت یاساکانی ڕێزمان هێندە بەوردیی دروستکرابن، هەرکەسێک بتوانێت ڕستەیەکی ڕێک لە ڕستەیەکی ناڕێک جیابکاتەوە، هەرچەندە ئەوکەسە تەنها وشەیەکی ئەو زمانەیش بزانێت.) (Aitchisin, ١٩٩٦: ٢٧)

چۆمسکی لە تیۆری پێکهاتە سینتاکسییەکان (Syntactic Structures)دا چەمکی نوێی داڕشت و چەمکە بەراییەکانی داڕێژایەوە لەسەر بنەمای هاوچەرخ، ئەم پێشکەوتنە گرنگە بوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی تیۆری بەرهەمهێنان و گەشەکردنی بۆچوونە تازەکانی بەرەو زانکۆکانی ئەوروپا و وڵاتە عەرەبییەکان.) (زکریا، ١٩٨٦: ٢٦١)، لە (تیۆری پێکهاتە سینتاکسییەکان)یدا ئەم پێڕەو و یاسایانەی جێبەجێدەکرد:

١- (عەقڵی مرۆڤ چەند زانیارییەکی خۆڕسکی لە بارەی زمانەکەی خۆیەوە پێبەخشراوە، کە بنەمای بڕیاردانی ڕاستی و ناڕاستی ڕستەیە، ژینگە و کۆمەڵگە بەگشتی پەرە بەو بەهرە

خواییەی زمانی مرۆڤ دەدەن، زانیاری هۆشەکی دەبێتە هۆی پێکهێنانی ژمارەیەکی بێکۆتا ڕستەی نویَ و نەوتراو.) (ناوخۆش، ٢٠٠٨: ٦٩)

٢- توانست و توانا: توانست یاسا دیاریکراو و سنوردارەکانی مێشکی مرۆڤە، بەرهەمیان زۆرترە لەژمارەیان، دەسەڵاتیشی بەسەر تواناد‌ا هەیە، واتە (توانست گەنجینەی ئاوەزی قسەکەرە، پەیوەستە بە پێڕەوی زمانەکەی و تەحەکوم بەهەڵسوکەوتی زمانی لەتوانادا بەرجەستەبوو دەکات، توانایش بەکارهێنانی پێڕەوی زمانییە.) (ئیسماعیل، ٢٠١٥: ٧١)

٣- دروستەی سەرەوە و دروستەی خوارەوە (ئاستی قوڵ و ڕوکەش): چۆمسکی باوەڕی وابوو (هەر ڕستەیەک دوو ئاستی هەیە، ئاستی قوڵ (واتای ڕستە) دەگەیەنێت، ئاستی ڕوکەشیش (خوێندنەوەی ڕستە)یە، کە هەردووکیان جێگای بایەخی بونیادگەران بوو.) (ناوخۆش، ٢٠٠٨: ٧١)، بۆ نمونە:

٣٠- ئەمبەردارە:

١- ئەم بەردارە: ئەم دارە بەردارە.

٢- ئەمبەر دارە: ئەمبەر یان ئەم شوێنە داری لێیە.

ئاستی ڕوکەش = ١

ئاستی قوڵ = ٢

دەکرێت دوو ڕستەکە یەک ئاستی قوڵیان هەبێت، واتە یەک واتایان هەبێت، بەڵام دوو ئاستی ڕوکەشیان هەبێت، بۆ نمونە:

٣١- شانۆ کچی ئازادە. ← ئاستی قوڵ = ١

ئازاد باوکی شانۆیە. ← ئاستی قوڵ = ١

پەیوەندی (باوک و کچ) لە نێوان (ئازاد و شانۆ) دایە. ⟵ ئاستی ڕوکەش = ٢

لە تیۆری بەرهەمهێناندا پێڕەوی چەند یاسایەک دەکرا، پێیاندەوترا (یاساکانی پێکهاتەی گریَ)، بۆ نمونە: (ڕستە پێکدێت لە گرێی ناویی و گرێی کاریی، بەمشێوەیە:

ڕستە ⟵ گرێی ناوی + گرێی کاریی

(دیارخەر + ناو) (کار+ گرێی ناوی)

(جێناو) (کار + گرێی ناویی پەیوەندی)

↓

(ئامڕازی پەیوەندی + ناو) )

(مەعروف، ٢٠١٠: ١٤-٨٤)

چۆمسکی ئاماژەی بە دوو جۆر ڕێزمان کردووە، کە بریتین لە:

## (٢/١-٥-١) پێڕەوبەندیی لە ڕێزمانی گشتیدا:

ڕێزمانی گشتی بریتییە لەو سیما گشتی یان پارامیتەرانەی زمان (کە وەکو یەک کاردەکەن) و بڕوا وایە گشتی و خۆڕسک بن. (ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ١٥٤)، لە پێناسەیەکی تردا ڕێزمانی گشتی (Universal grammer) ئەوەیە (کە لە هزری هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بە (زمانی خۆیی) ناسراوە و تەنها مرۆڤ هەیەتی و لە ڕێی جیناتەوە (بۆماوە) لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگوێزرێتەوە.) (عەلی، ٢٠١٠: ٦٤). کەواتە ڕێزمانی گشتی لە هزر و بیری هەموو مرۆڤێکدا هەیە و لە ڕێگەی بۆماوەیی و کرۆمۆسۆماتەوە نەوە لە دوای نەوە دەگوێزرێتەوە، بەو واتایەی (ڕێزمانی گشتی ئەو ڕێزمانەیە، کە لە ئاوەز (توانستگەی زمانەوانی)ی مرۆڤەکاندایە و بە شێوەیەکی بۆماوەیی لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگوێزرێتەوە.) (ئیسماعیل، ٢٠١٥: ٧٣)

سەرەتای بەکارهێنانی زاراوەی (ڕێزمانی گشتی) (دەگەڕێتەوە بۆسالّی (١٦٦٠)، کە بریتییە لە ڕێزمانێکی گشتی ژیربێژی زۆر پێشکەوتوو، بەناوی(ڕێزمانی پۆرت ڕۆیالّ) لە فەڕەنسا لەلایەن (ئا.ئەرنۆ)ی ژیربێژ و (ک.لانسلۆ)ی زمانەوانەوە نوسرایەوە، هەرچەندە ئەو ڕێزمانە لە چوارچێوە فەلسەفییە ژیربێژییەکە دانەمالّراوەو، پابەندی یاسا ژیربێژییەکانە لە زمانەوانیدا، بەلّام لەگەلّ ئەوەشدا هەنگاوی باشی ناوە بەرەو لێکۆلّینەوەی زانستی لە زمان.) (محەمەد، ٢٠١٣: ٢٥)، بۆ نمونە: لە ڕێزمانە گشتییەکەی (پۆرت ڕۆیالّ)دا بۆ یەکەم جار توانرا ئەو ڕاستییە بسەلمێنرێت، کە ڕێزمان تەنها هونەری نوسین و قسەکردن نییە، ئەمە بۆ ئەو کاتە شتێکی زۆر نوێ بوو لە زمانناسیدا، هەروەها بەپێی بۆچوونی (ئا. ئەرنۆ)ی ژیربێژ و (ک.لانسلۆ)ی زمانەوان، ڕێزمان بریتییە لە شیکردنەوەی زمان، هەربۆیە لە ڕێزمانە گشتییەکەی (پۆرت ڕۆیالّ)دا ڕێزمان لایەنەکانی ڕستەسازیی و وشەسازیی و دەنگسازیی دەگرێتەوە، هەروەها لە بەشەکانی ئاخاوتن بە شێوە فەلسەفی و ژیربێژییەکەی کۆلّراوەتەوە و لە ڕستەسازیشدا باس لە گرێ و ڕستە کراوە.) (میدیا، ١٩٩٨: ٣٧)

ئەم ڕێزمانە گشتییەی (پۆرت ڕۆیالّ) بەگرنگترین کاری زمانەوانیی سەدەکانی (١٧ و ١٨) دادەنرێت، بەبەلّگەی (گرنگترین کاری زمانەوانی سەدەی (١٧ و ١٨) ڕێزمانی (پۆرت ڕۆیالّ) بوو، کە کاریان گەڕان بوو بە دوای بیردۆزێکی گشتی، کە بۆ هەموو زمانەکان دەستبدات و ڕێزمانێک بێت تەنها بەند نەبێت بە زمانی لاتینییەوە. لە سەدەکانی دواتردا، لەپێناو دۆزینەوەی ڕێزمانێکی گشتیدا، زمانەوانەکان لەوانەش (چۆمسکی)، هەندێک بیری فەلسەفییان هێنایە ناو زمانەوانییەوە، وەک ئەو بیرەی، کە زمان دەبێت لەدووئاستدا لێی بکۆلّرێتەوە (ئاستی قولّ و ئاستی ڕوکەش)، کە سەرچاوەکەی لەبیرێکی فەلسەفەی (دیکارت)ەوە وەرگیراوە، ئەو بیرەش (گیان/ تەن)ە.) (دزەیی، ٢٠٢١: ١٥٩)

به بۆچوونی چۆمسکی توانست زمانه و توانا زانستێکی دەرونییە، لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (G.B.)دا توانا تێدەپەڕێنێت و کار لەسەر توانست دەکات، بەو بڕوایەی ماهییەتی زمانە، ئەمەش یەکێکە لە بنەما بەهێزەکانی ڕێبازەکە و هۆکاری سەرەکی هەنگاونان بوو بەرەو ڕێزمانی گشتی، کە لە کۆکردنەوە و دەستنیشانکردنی یاسا ڕێزمانییە گشتییەکانی زمانی مرۆڤایەتیدا خۆی دەنوێنێت.(دزەیی، ٢٠٢١: ١١٨)، هەروەها (توانست کۆتاییەکی داخراوی هەیە، کە مەبەست یاساکانە، بەڵام توانا کۆتاییەکی کراوەی هەیە، کە ڕستەکان دەگرێتەوە، لە هەمان کاتدا توانست یاسا چەسپاو و قاڵبە ڕێزمانییەکەی ناو مێشکە، بەڵام توانا ئەو دەنگە زمانییانەن، کە ئاخێوەر دەیاندرکێنێت و مەرجیش نییە وێنەیەکی ڕاست و دروستی زمان بن.) (کەمال، ٢٠٠٢: ١٨)

ڕێزمانی گشتی ی هەموو زمانەکانی جیهان چەندین تایبەتمەندیی و خاڵی هاوبەشی نێوان زمانەکانی هەیە، کە هاوبەشە لە نێوان هەموو زمانەکاندا:

(١- زمانەوانەکان لەوباوەڕەدان زمانەکان لە دیوی دەرەوە، (واتە لە ئاستی ڕوکەشدا) جیاوازن، بەڵام لە دیوی ناوەوە(واتە لە ئاستی قوڵدا) هاوشێوەن.

٢- چۆمسکی پێیوایە زمانەکان لە هەندێک پێڕەوبەندیی ڕێزمانیی و وشەسازیی و دەنگیی لەیەکدەچن، بە بەڵگەی ئەوەی هەموو زمانەکان (ناو) لە (کار) جیادەکەنەوە، چونکە هەریەکەیان شوێنی خۆیان لە بەکارهێناندا هەیە.) (ئەمین، ٢٠٠٤: ٢٣٧)

(٣- زۆربەی زمانەکان جیاوازی لە نێوان ناسراوی و نەناسراوی دەکەن و زۆربەشیان نیشانە بۆ جیاکردنەوەی ژمارەکانی تاک و کۆ بەکاردەهێنن.

٤- ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کار.

٥- هاوشانبوونی ئاسۆیی و ستونی.) (بوقره، ٢٠١٦: ٧٧)

٦- هەموو زمانێک لە هەندێک فۆنیمدا هاوبەشن، بەڵام ژمارەی فۆنیمەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، هەربۆیە (هەندێک زمانەوان بۆچوونیان وایە، کەمترین ژمارەی فۆنیم لەزمانەکاندا (١١) فۆنیمە، زۆرترینیان (٦٧) فۆنیمە، بەڵام زمانەوانی ڕووسی (ستیپانڤ) ئاماژە بەوە دەکات فۆنیمەکان لە (١٠-١٥) کەمتری نییە، وەک لە هەندێک لە زمانە پۆلۆنییەکاندا، لە (٨٠) فۆنیم زۆرتری نییە، وەک لە هەندێک زمانی قەفقاسیدا.) (ساڵح، ٢٠١٢ :٥٣)، بۆ نمونە: ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٧)، زمانی عەرەبی (٢٨) و زمانی ئینگلیزی (٢٦)ن، کە لە ڕوی ژمارەوە هیچیان لەیەکترناچن.

(٧- لە هەموو زمانەکاندا بکەر و بەرکار و کار بەدیدەکرێت.

٨- لە هەموو زمانەکاندا پۆلەکانی وشە بۆ نمونە ناو، جێناو، ئاوەڵناو،...هتد، هەیە.

٩- هەموو زمانەکان چەند زارێکیان هەیە.

١٠- هەموو زمانەکان لە ڕووی پێکهاتەییەوە قوچەکین، بەو واتایەی زمان پێڕەوێکی هەرەمی (قوچەکی) پلیکانەیی هەیە و لە بچوکترین دانە دەستپێدەکات تا دەگاتە گەورەترین دانە، بەمشێوەیە:

(فۆنیم ⟵ بڕگە ⟵ مۆرفیم ⟵ وشە ⟵ گرێ ⟵ ڕستە ⟵ دەق ⟵ گوتار) (دزەیی، ٢٠٢١: ٣٥)

(١١- هەموو زمانەکان ئاستەکانی دەنگسازی و ڕێزمان (وشەسازیی و ڕستەسازیی) و واتاسازیی جیادەکاتەوە.

١٢- هەندێک چەمکی واتایی وەک: کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە هەموو زمانەکاندا خاڵی هاوبەشن.

١٣- قسەکەری هەموو زمانێک دەتوانێت هەموو ڕستەکانی زمانەکە بەرهەمبهێنێت و لە هەمووشیان بگات.

١٤- زمانەکان ناغەریزەیین، منداڵ لە هەر شوێنێک و لە هەر دایکوباوکێک بێت، زمانی ئەوشوێنە فێردەبێت، کەواتە شوێن لە زمان و کەس گرنگترە، شوێن حوکمی زمانی منداڵ دەکات.) (ئەمین، ٢٠٠٤: ٢٣٥)

(١٥- هەموو زمانێک بەپێی پێویستیی کەرەستە دەخاتە بەردەم قسەپێکەرانی، هەتا ژیانیش بەرەوپێش بڕوات، زمان بەرەو ئاسانی دەڕوات، چونکە مرۆڤ هەمیشە دەیەوێت لەزماندا ئابوری بکات، واتە بەکەمترین کات و وزە زۆرترین واتا و مەبەست و ئەنجام بگەیەنێت.

١٦- هەموو زمانێک لە گۆڕاندایە، واتە کەرەستە ناپێویستەکان فڕێدەدرێن، بەڵام گۆڕان لە ئاستەکاندا جیاوازە، بۆنمونە لە ئاستی وشەسازی زۆرترە لە دەنگسازی، لەویشدا زۆرترە وەک لە ڕستەسازی، ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی سەلامەتی زمان.) (ساڵح، ٢٠١٢: ٥٣)

(١٧- دەنگەکانی هەموو زمانێک بەسەر ڤاوڵ و کۆنسنانتدا دابەشدەبێت.) (میدیا، ١٩٩٨: ٢٩)

## (٢/١-٥-٢) پێڕەوبەندیی لە ڕێزمانی تایبەتیدا (Special Grammar):

ڕێزمانی تایبەت (بریتییە لەو تایبەتمەندییانەی زمانێکی پێ جیادەکرێتەوە لە زمانێکی تر، ئەم جۆرەی ڕێزمان سەرەتا (چۆمسکی) ئاماژەپێداوە.) (ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ١٩)، ڕێزمانی تایبەتیش پێڕەوبەندیی تێدایە و بەگرنگییەوە لێی دەڕوانێت، ڕێزمانی تایبەت ئەو سیفەت و مۆرکە تایبەتییانەی هەر زمانێکە، کە جیاوازە لە زمانێکی دیکەی جیهان، ئەو تایبەتمەندییانە وەک یاسا لەناو چوارچێوەی زمانەکەدا بەکاردێت، واتە وەکو ئامرازێکی پێڕەوبەندیی

جێبەجێی دەکات، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا شێوەی سەرە و ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە، بەمشێوەیەیە:

بکەر + بەرکار + کار

لە ڕێزمانی تایبەتیدا یاسا و تایبەتمەندییەکانی زمانەکانی جیهان بە جۆرێکە، کە (لە زمانی چینی و ڤێتنامیدا هیچ جۆرە وشەکاری و داتاشینێکی تێدانییە، لەزمانی هیندۆئەمریکیدا ناوی تاک و کۆ لەیەک جیاناکەنەوە، هەروەها لەزمانی عەرەبیشدا تەنها یەک مۆرفێمی بچوککردنەوەی تێدایە.) (بوقرە، ٢٠١٦: ٧٨)، لە زمانی کوردیشدا هەندێک تایبەتمەندیی هەیە، کە لەزمانەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، بۆ نمونە: (کۆمەڵە جێناوی (م – مان، ت – تان، ی – یان) بۆ کاری تێپەڕ، هەروەها (م – ین، یت – ن، Ø – ن) بۆ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ (بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کۆمەڵە جێناوی (م – ین، یت – ن، Ø – ن) لەسەر شێوەزاری خانەقین جێبەجێنابێت.)، هەروەها (م – ین، یت – ن، ات / ێت – ن) بۆ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێت، کە بووە بە مۆرکێکی تایبەت بە زمانی کوردی، ئەمە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا نابینرێت.) (بابان، ٢٠١٢: ١١)، هەروەها (دوو بۆچوون لەسەر بوونی ناوگر لەزمانی کوردیدا هەیە، یەکیان ئەوەیە، کە ناوگر لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا زۆرە و بە (سەر و بۆر و ژێر) دەردەبڕدرێت و دەچێتە ناوەڕاستی پیتەکانەوە و لەگەڵ خۆیاندا ڕەگی وشەکە دەسمن، بۆ نمونە:

ناوگر

٣٢- کُ ◌ِت ◌َب ◌َ ( Kutiba ) (فەتاح & قادر، ٢٠٠٦: ٨٨)

ڕەگ

تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی کوردی ئەوەیە (کار لەکۆتایی ڕستەدایە، ئەمە پارێزراوە لە هەموو ڕستەیەکدا، ڕستەیش بەبێ کار نابێت، پێنج نیشانەی ناوی کرداری هەیە، بەڵام لە زمانی فارسیدا دوو نیشانە هەیە، پێشگر و پاشگر نیشانەیەکی گرنگە لەزمانی کوردیدا، سەرەڕای دەرخستنی خاسیەت و سەربەخۆیی.) (فەخری، ٢٠٠٢: ١١٢)

## (٢/١-٦) تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە پەیوەست بە پێڕەوبەندییەوە:

ئەم تیۆرە لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی قوتابخانەی ڕەفتاریی (بلۆمفیڵد)بوو، لەلایەن چۆمسکییەوە، هەردوو زاراوەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکاندا

سەریهەڵدا، هەر بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەڕتوکە بەناوبانگەکەی چۆمسکی (پێکهاتە سینتاکسییەکان) لە ساڵی (١٩٥٧) بە خاڵی وەرچەرخانی سەدەی بیستەم دادەنرێت لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکاندا، لەبەرئەوەی هاتنەکایەی تیۆرەکەی چۆمسکی وەک شۆڕشێکی مەزن وابوو لە بواری زانستی زماندا، بە شێوەیەک چەندین بیر و بۆچوونی نوێی هێنایە مەیدانی زانستی زمانەوە، بیر و بڕواکانی چۆمسکی بەجۆرێک بوون، کە لەوەوپێش هیچ کەسێک ئەو بۆچوونانەی ئەوی دەرنەبڕیبوو.

گرنگترین خاڵی تیۆرەکەی چۆمسکی لە بواری زانستی زماندا بریتییە لەوەی (لێکۆڵینەوە لە مێشکی مرۆڤ بکرێت، بەمشێوەیە زانستی زمان زیاتر وردتر و ڕونتر دەبێت.) (ساڵح، ٢٠٢٠ : ٤٣)، لەگەڵ ئەمەشدا تیۆرەکەی چۆمسکی ڕێبازێکی مێشکییە و تواناکانی زمان دەکاتە توانایەکی کارای زگماکی، کە تایبەتە بە مرۆڤ، دەرکەوتنی تیۆری (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی چۆمسکی، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر زانستی زمان بەگشتی و کەرەستەی زانستی و لایەنی جێبەجێکاریی بۆ هەموو بوارەکانی زمان تەرخانکرد، هەر ئەم تیۆرەش بوو بە هەوێن و سەرچاوەی دروستبوونی تیۆری عەقڵگەرایی (Mentalism Theory)، کە دەرگایەکی بەڕووی تێڕوانینی نوێ بۆ ڕەفتاری زمانەوانی کردەوە. (ساڵح، ٢٠٢٠: ٤٢)

تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە لەگەڵ تیۆری عەقڵگەرایی لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە، کە لایەنی هۆشەکی زمان شرۆڤەدەکەن، بە بۆچوونی ئەوان زمان دیاردەیەکی هۆشەکییە، لەم ڕوانگەیەوە (مەودای سەرەکی و بواری بنەڕەتی لە شیکردنەوەی زمان بریتییە لە وەسفکردنی زانیاری زمانیی.) (عبابنە، ٢٠٠٥: ٥٦)، ئاشکرایە زمانی مرۆڤ جیاوازە لە زمانی ئاژەڵ، بە بەڵگەی (پێڕەوبەندیی یەکێک لەو لایەنانەیە، کە وا دەکات زمانی مرۆڤ لە زمانی ئاژەڵ جیاببێتەوە، هەربۆیە ناکرێت دەنگی ئاژەڵان بە زمان دابنرێت و بە جۆرێک بێت، کە یاسا و ڕێسای هەبێت و هەموو کەس لێی تێبگات، جگە لە چەند ئاژەڵێک، بۆ نمونە: (توتی) زمانەکەی بە شێوازێکە، کە لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە، ئەگینا وەکو خودی خۆی زمانێکی سەرەکی نییە، هەرچەندە دەوترێت دۆلفینیش زمانی قسەکردنی هەیە، بەڵام هەڕەمەکییە و هیچ یاسایەکی تێدا نییە.) (Brown, ١٩٨٧: ١٩)

بەرهەمهێنان یەکێکە لە تایبەتمەندی و جیاکەرەوەکانی زمانی مرۆڤ و ئاژەڵ، بەمپێیە (یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی زمانی مرۆڤ، کە لە زمانی ئاژەڵان جیایدەکاتەوە، بەرهەمهێنان (productivity)ە، بەو واتایەی قسەکەران دەتوانن پێکهاتەی نوێی پێشتر نەبیستراو بەرهەمبهێنن.) (یونس، ٢٠١٠: ٣٧)

تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوە یەکێکە لە گرنگترین تیۆرەکانی چۆمسکی، بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگیی بەدەزگای ناوەوەی مێشکی مرۆڤ دەدات، لە بری ئەوەی گرنگی بە ئاکارە کردەییەکانیان بدات، چونکە (لەسەر وەسف و شیکردنەوەی توانای قسەکەر

و گوێگری نمونەیی جەختدەکاتەوە، کە زمانەکەی خۆی باش دەزانێت و لەژێر گوشاری هیچ سەرچاوەیەکی تێکدان و شڵەژانی پەیوەندیدا نەبێت، وەکو کێشەی دەرونی و دەمارگیری و هەڵەی هەڕەمەکی لە کاتی قسەکردن و لەبیرچوونەوە.) (Chomsky, ١٩٥٧: ٣٠)

تیۆرەکە بەشێوەیەک کار لەسەر زمان دەکات، کە زمان پێکهاتەیەکی هۆشەکی مرۆڤە، بەو واتایەی ڕێزمانی زمانەکە بە شێوەی پێڕەوێکی ڕێکوپێک بەتایبەتی لایەنی دەنگیی و وشەسازیی و واتایی دەتوانێت ژمارەیەکی ناکۆتا لە ڕستە بەرهەمدەهێنرێت، لەمبارەیەوە چۆمسکی پێیوایە، کە (ئێمە زمان فێرنابین، بەڵکو ڕێزمانی زمانەکە لە مێشکماندا گەشەدەکات.) (موور، ١٩٩٨: ٣٢)

لەم تیۆرەدا مۆدێلی توانست و توانا ڕووندەبێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە مۆدێلی توانست بریتییە لە زانیاری مێشکی مرۆڤ، هەروەها یاسا و ڕێساکانی ئاوەز، زانیارییەکان نەبینراون و لە ڕوی ژمارەوە سنوردارن، بەڵام لەڕووی بەرهەمەوە بێسنورن، مۆدێلی توانایش بریتییە لە جێبەجێکردنی زانیارییەکانی ناومێشک و بەکارهێنانی یاساکان، لە پێناسەیەکی دیکەدا دەوترێت توانست ئەو زانیارییانەیە، کە ناهۆشیارانە دەربارەی ڕستە و وشە و دەنگ هەیە، واتە لە نەست(لا شعور)دا جێگیربووە و لەدەسەڵاتی مرۆڤدا نییە.

هەروەها توانایش بریتییە لە بەکارهێنانی زمان، واتە (زمان بەکارهێنان لەمرۆڤدا بریتییە لە توانای زمانیی، کۆمەڵێک بوار دەگرێتەوە، ئەوانیش بریتین لە (تەندروستی و سۆزداری و یادگەیی و توانای سەرنجدان لە بابەت و دەق)، دەبێت زمانەوان وردبێت لەبەکارهێنانی تواناکەیدا.) (Falk, ١٩٧٨: ١٤)

ئەم تیۆرە پێیوایە ئەرکی سەرەکی مرۆڤ پێکهێنانی چەمکی زمانە، واتە زمان هەڕەمەکی نییە و لەخۆیەوە دروستنابێت، بەڵکو پێکدەهێنرێت و بەرهەمدەهێنرێت، ئەمەش بەهۆی یاسابەندیی و ڕێسای تایبەتییەوەیە، کە بریتییە لەو پێڕەوبەندییەی مەبەستمانە، هەربۆیە دەوترێت مرۆڤ بەرهەمهێنەری زمانەکەیەتی، چونکە بێگومان مرۆڤ خاوەنی توانای تاکەکەسیی خۆیەتی، کە توانستی زمانەوانی خۆی پێدابیندەکات، گرنگی تیۆرەکە لە ئامانجەکەیدایە، کە گەیشتنە بە شرۆڤەکردنی تەواو، ناوەڕۆکی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە (تەنها وەسفی دیاردەکان ناکات، بەهۆی پەنابردنە بەر کۆمەڵە پێڕەوێکی کۆنترۆڵکردن، بەڵکو ئامانج لێی ئەوەش بوو بۆچی شتەکە و حاڵەتەکەی بەم شێوەیەیە و بەشێوەیەکی تر نییە.) (الوعر، ١٩٨٣: ٧٣)

## (٢/١-٧) پێڕەوبەندیی لەزانستی زمانی درکپێکردندا:

زانستی زمانی درکپێکردن، کە زانستێکی گرنگ و نوێی مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانە، کە زانستەکە هەندێک جار بە (زمانەوانی زانین)یش ناودەبرێت، لەڕووی مێژووی قوتابخانەکەوە،

سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٠)، زانایان (لانگەر) و (جۆرج لاکۆف) پێشەنگ و سەرمەشقی قوتابخانەکە بوون.

ئەم قوتابخانەیە وەکو وەڵامدانەوەیەک بەرانبەر ڕاوبۆچوونەکانی قوتابخانەی (ڕەفتاریی بافلۆف) هاتەکایەوە، لێکۆڵینەوە بچوکەکانی ساڵانی حەفتاکان بوون بەسەرەتای سەرهەڵدانی زانستی زمانی درکپێکردن، پاشان (لەلایەن (ڕۆناڵد لانگاکار) لە ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٢) زیاتر پەرەیسەند، هەروەها زانایان (لاکۆف، تالمای، فاوکونیار) لەم زانستەدا ئیشی خۆیان کردووە و پەرەیان پێداوە.) (حەسەن، ٢٠١٥: ٢٠)، زانستەکە پەیوەندییەکی بەهێزی بە زمانەوانییەوە هەیە، چونکە (زمان و زانستی زمانی درکپێکردن کار لەسەر ئاوەزی مرۆڤ دەکەن، کەرەستەکانی زمانیش بۆ لێکۆڵینەوەکانیان بەکاردەهێنن، بەهۆی زمانەوە باری دەرونی مرۆڤەکان ئاشکرادەبێت و بەرجەستەدەکرێت، کە گرنگی زانستەکە لە لێکۆڵینەوەی زماندا دەردەخات، چونکە زمان وەکو بنەمایەک بەکاردەهێنن و دەیکەن بە ئامڕازی لێکۆڵینەوەکانیان.) (قادر، ٢٠٢٠: ٩٣)

پێڕەوبەندیی لەم زانستەدا بەجۆرێکە، پەیوەستە بە (کۆزانیاری دنیایی)و (زانیاری کەسیی)ی ئەوکەسەوە، کە زانیارییەکانی پێدەگات، بەو واتایەی مرۆڤ بەپێی ئەزمون و پەیپێبردن و کردە ئاوەزییەکانی تر، درک بە شتەکانی دەوروبەر دەکات و زانیارییەکانی لێوە هەڵدەگوازێت، چونکە (ناوەڕۆکی درکپێکردن پەیوەندیدارە بە کردە ئاوەزییەکانەوە، وەک: ئەزمون، فێرکردن، پەیبردن، بیرکردنەوە، تێگەیشتن،...، یان کردەیەکی ئاوەزییە بۆ بەدەستهێنانی کۆزانیاری، کە یەکەکانی  پەیبردن و پێشبینیکردن پێکدەهێنن.) (حسێن، ٢٠٢١: ١١)

زمان لە زانستی زمانی درکپێکردندا هۆکارە بۆ گواستنەوەی زانیاری، لە پێڕەوی دەربڕینە زمانییەکاندا چەمک و ئەزموون دوو ڕەگەزی گرنگن، لەم ڕوانگەیەوە (زمان لە بنەرەتدا پێڕەوێکە لەدەربڕینەکان پێکهاتووە، پێکهاتەکانی فۆرمی زمان، سەربەخۆ نین، بەڵکو بەشێوەی پێڕەوێکی گشتیی چەمکی و بنەمای کەتیگۆریکردنن، کاریگەریی ئەزمون و دەوروبەر لە فۆرمەکاندا کۆدەبنەوە و پێکەوە لەبەرچاودەگیرێن.) (فەتحوڵا و...، ٢٠١٧: ٥١)

لێرەوە ئەوەی دەردەکەوێت زمان لە پێڕەوبەندیی پێکهاتووە، بەو واتایەی پێکهاتەکانی فۆرمی زمان گشتیی و پێکەوەبەستراون، لەهەمان کاتدا (جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی کردە درکپێکردنەکانی مرۆڤە، هەروەها سەربەخۆ و جیا نییە، وەک ئەوەی ڕێزمانی گشتی بانگەشەی دەکات.) (قادر و. ..، ٢٠١٧: ٢٧). یەکێک لە بنەماکانی زانستی زمانی درکپێکردن پەیوەست بە پێڕەوبەندییەوە ئەوەیە، کە دنیابینیی مرۆڤ ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەی هەیە و هەر ئەویش یاساکان دیاریدەکەن، بەمپێیە یاساکان بەپێی تێڕوانینی مرۆڤ دادەڕێژرێت، بە بەڵگەی ئەوەی (واتای زمانیی سروشتێکی ڕوانگەیی پەیپێبردنانەی هەیە، ئەم پەیپێبردنە لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە، واتە مرۆڤ چۆن واقیعی بینیوە،

ئاوەهاش لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە، نەک جیهانی واقیع چۆنە ئاوەها لە زماندا ڕەنگبداتەوە.) (قادر، ٢٠١٢: ٧٨)، بنەمایەکی تری زانستەکە لە ڕوانگەی پێڕەوبەندییەوە بریتییە لەوەی (کۆزانینی زمانیی لەبەکارهێنانی زمانییەوە هەڵدەگوێزرێت.) (غەریب، ٢٠١٥: ٩)

لەم دید و تێڕوانینەوە توانا، کە دەکاتە بەکارهێنانی زمانیی و دەبێتە سەرچاوەی توانست و یاسا و ڕێساکانی مێشک، یاساکانیش لە بەکارهێنانیاندا گرنگییان دەردەکەوێت، بەوپێیە ئەگەر یاساکان بەکارنەهێنرێن تەنها بوونیان لە مێشکدا و گرنگییان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کەواتە پێویستە یاساکان بەکاربهێنرێن، بۆئەوەی بایەخیان دەربکەوێت، لەهەمان کاتدا زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە (ڕەگی واتا لە شارەزاییەوە بە شێوەیەکی ئەزمونگەرییانە هەڵگواستوە، واتە یاسا و ڕێساکانی ڕستەکان ڕاستەوخۆ تێبینیناکرێن، بەڵکو ڕستەکان تێبینیدەکرێن، کە لە ڕیزکردنی وشەکان پێکهاتووە.) (قادر، ٢٠١٢: ٨١)

زمانەوانانی زانستی زمانی درکپێکردن ئامانجیان وەسفکردنی پێڕەوبەندیی دروستە و ئەرکەکانی زمانە، بەبەڵگەی ئەوەی (بە ئامانجی وەسفکردنی پێڕەوبەندیی دروستە و ئەرکەکانی زمان لێکۆڵینەوە لەزمان دەکەن، کار بۆئەوە دەکەن، چۆن ئەم ئەرکانە لەڕێگەی پێڕەوی زمانەوە بەدیدێت.) (حەسەن، ٢٠١٥: ٢٢)، زمانیش لە دانە و کەرەستەی جیاجیا پێکهاتوە، کە بەهۆی یاسا و دەستورەوە لە مێشکی مرۆڤدا پارێزراوە، کەواتە (زمان پێڕەوێکی ڕێکوپێک و ڕێکخراو و پۆلێنکراوی ڕێزمانە و وەکو گەنجینەیەک وایە پڕ بێت لەکەرەستە، بەڵام گەنجینەی مێشک پڕە لە وشە و وێنەی شت و برەکان، بۆیە زمان کۆمەڵەوشەیەکی پێڕەوداره، بەپێی پێویستی مرۆڤ سودی لێدەبینرێت.) (قادر، ٢٠١٢: ٧)

# بەشی دووەم

# پێڕەوبەندیی لە ئاستی ڕستەسازیدا

## بەشی دووەم/ پێڕەوبەندیی لە ئاستی ڕستەسازیدا:

### (١/٢) پێڕەوبەندیی لە ئاستی ڕستەسازیدا پەیوەست بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە:

ئاستی ڕستەسازیی لقێکە لە ئاستی ڕێزمان، لەگەڵ ئەمەشدا ئاستی ڕستەسازیی لە ڕوانگەی چۆمسکییەوە بە ئاستێکی گرنگ دادەنرێت، هەروەها تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکی (ڕستە)ی لەپێشەوەی ریزبەندی پێکهاتەکان داناوە.) (ئەحمەد، ٢٠١٢: ١٥)، لەگەڵ ئەمەشدا ڕستەی بە دڵی زمان ناوبردووە، لە سەرەوەی هەرەمی زماندا داناوە، هەرەمی زمانیشی بەمشێوەیە نەخشاندووە: (برزۆ، ٢٠١٠: ٢٢)

ڕستە

فرێز فرێز

وشە وشە وشە

مۆرفیم مۆرفیم مۆرفیم مۆرفیم

فۆنیم فۆنیم فۆنیم فۆنیم فۆنیم فۆنیم

دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ

هێڵکاریی ژمارە (١)

هەرەمی کەرەستەکانی زمان

ئەمە بەو واتایەی بۆ لێکۆڵینەوە لە کەرەستەکانی زمان، سەرەتا لە ڕستەی کۆڵیوەتەوە، پاشان وشەسازیی و دواجار دەنگسازیی، بەمشێوەیە:

ڕستەسازیی

↓

وشەسازیی

↓

دەنگسازیی

چۆمسکی پێیوایە (زمان بریتییە لە کۆمەڵێک ڕستەی بێسنور، کە درێژی هەر ڕستەیەک سنوردارە، هەروەک ڕستەکان ئەو چەند یاسایەی ڕستەکانی لێپێکهاتووە، سنوردارن، کە ژمارەی ڕستەکان لەگەڵ ژمارەی یاساکان یەکسان نین، چونکە لەڕێی چەند یاسایەکەوە ژمارەیەکی بێکۆتا لە ڕستەی ڕێزمانیی بەرهەمدەهێنرێت.) (Chomsky, ١٩٥٧: ١٣)، بە دەربڕینێکی دیکە (یاساکانی سینتاکس دەبێت ژمارەیەکی دیاریکراو و سنوردار بن و بەهۆی ئەم یاسایانەوە ژمارەیەکی بێسنور لە ڕستە بەرهەمبهێنرێت.) (ساڵح، ٢٠١٢: ١٤٤)، ئەمەش پێڕەوبەندیی بە تیۆری (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)وە پەیوەستدەکات، لەبەرئەوەی یاسای پێکهێنانی هەر ڕستەیەک بەرهەمهێنەری چەندەها ڕستەی دیکەیە، کەواتە بەهۆی چەند یاسایەکی کەم و سنوردارەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر و بێسنور ڕستە بەرهەمدەهێنرێت، لەبەرئەوەی (زمان ژمارەیەکە لە ڕستە، یان ڕژێمێکی زمان لە لیستی گەنجی کەرەستە سەرەتاییەکان و لە گەنجی وشەکان و لەو یاسایانە پێکهاتووە، کە فۆرمدروستیی ڕستەکانی لەسەر هەردوو ئاستەکە دیاریدەکەن و دەچەسپێنن.) (مەحویی، ٢٠٠١: ٨٥)، ڕێزمانی بەرهەمهێنانیش (بریتییە لەو یاسایانەی کە لەسەر فەرهەنگێکی سنورداری یەکەکان پراکتیزە دەبن و کۆمەڵە پێکهاتەیەکی بێسنور یان سنورداردا بەرهەمدەهێنرێت.) (یونس، ٢٠١٠: ١٠٢)

لەگەڵ ئەمانەشدا واتای گشتی ڕێزمان بەوە دەناسرێت (بریتییە لە کۆمەڵێک یاسای زمانەکە، کە لە مێشکی قسەکەردایە.) (غلفان، ٢٠١٠: ٢٨)، ئەمەش لەگەڵ پێناسەی توانستدا یەکدەگرێتەوە، کە بریتییە لە سەرجەم یاسا و ڕێساکانی ناو مێشکی مرۆڤ، واتە هەموو زانیارییەکانی ناو مێشک دەگرێتەوە، چۆمسکی ڕێزمان بە میکانیزمێک دادەنێت، پێیوایە ڕێزمانی زمانێکی دیاریکراو پێکهاتووە لە میکانیزمێک (mechanism)، کاری سەرەکی هەژمارکردنی ڕستەکانی زمانەکەیە، بە جۆرێک وەسفێکی ڕۆنانی و داڕێژراوبێت.

چۆمسکی بە چوارچێوەیەکی تر وەسفی ڕێزمان دەکات، کە دەڵێت: ڕێزمان بریتییە لە ئامێرێک، واتە کۆمەڵە یاسا و دەستورێکە تایبەتمەندیی و وەسفێکی ڕۆنانیی تەواوی زمان بەدەستەوە دەدات، ئەویش بریتییە لە کۆمەڵە ڕستەیەکی بێسنور، جگە لە ڕستەی ڕێزمانیی، هیچ ڕستەیەکی دیکە پەسەندناکات.) (غلفان، ٢٠١٠: ٢٨)، ئەو کاتەی ڕستەیەکی ناڕێزمانیی بەرهەمدەهێنرێت، واتای ئەوەیە لە چوارچێوەی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە دەرچووە و پێڕەوی یاسا نەکراوە، بەهۆی نەزانینی زمانەکە یان پێڕەونەکردنی یاسا ڕێپێدراوەکان بێت لەو زمانەدا، لەبەرئەوەی هەموو زمانێک سینتاکسی تایبەت بە خۆی هەیە، بەو واتایەی زمان تەنیا کۆمەڵێک وشەی بەدواییەکداهاتوو نییە، بەڵکو ئەو وشانە بۆ بەرهەمهێنانی فرێز و ڕستەی سادە و ئاڵۆز یەکدەگرن، سینتاکسیش لە خودی خۆیدا بە واتای (دروستکردنی ڕستە و واتای خوێندن و لێکۆڵینەوە لە سیفاتەکانی پێکهاتە و ستراکچەری زمان دێت.) (,Maggie) ١ :١٩٩٨، تەنانەت ئەو کۆمەڵگایانەش کە لە ئاستێکی سەرەتاییدان، ئەوانیش زمانێکیان هەیە، لەگەڵ بوونی زمانیشدا یاسا هەیە، واتە پێویستە بەپێی پێڕەوێک بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە و گەیاندنی بیرۆکە کاربکات.

ئەركی گرنگی تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسكی تەنیا پەسنكردن نییە، بەڵكو دەچێتە ناو قوڵایی ناوەوەی زمان بە ئامانجی زانینی زانیاریی هۆشەكیی ئاخێوەر دەربارەی زمانەكەی، بۆ تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ڕستەی نوێ و نەوتراو، كە لە ڕابردودا هیچ كەس نەیوتون و نەیبیستون، ئەم تیۆرە ڕێزمانییەی چۆمسكی چەند تایبەتمەندییەكی هەیە، كە ئەمانەن:

یەكەم/ تیۆرێكی عەقڵانیی و هۆشەكییە، لەو ڕوانگەیەوە كە عەقڵی مرۆڤ چەند زانیارییەكی سروشتی و خۆڕسكی تێدا پارێزراوە، بە شێوەیەک كە وردە وردە و قۆناغ بە قۆناغ گەشەدەكات، ئەو یاسا و ڕێسایانە یارمەتیدەر و ڕێپیشاندەرن، بۆ جیاكردنەوەی ڕستەی دروست لە ڕستەی نادروست، بەو واتایەی ئەو یاسایانەی توانای بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزمانیی و پەسەندكراویان هەیە، ڕستەی ناڕێزمانیی و ناپەسەندیان نییە، ئامانج و مەبەستی تیۆرەكەی چۆمسكیش هێنانەكایەی ڕێزمانێكی گشتی و سەراپاییە.

دووەم/ جیاكردنەوەی زاراوەی توانست و توانا، كە دوو زاراوەی گرنگی ئەم تیۆرە ڕێزمانییەیە، مەبەست لە (توانست سیستەمی ئەو یاسا و ڕێسایانەیە، قسەكەری زمانەكە شارەزایی تەواوی لەبارەیانەوە هەیە، لە ڕێگەی ژمارەیەكی دیاریكراو و سنوردار لە یاسا و ڕێسا، كە ژمارەیەكی بێكۆتا لە ڕستەی ڕێزمانیی و واتای گونجاو و پەسەندكراو بەرهەمدەهێنرێت، توانایش چۆنێتی بەكارهێنانی ئەو یاسا و ڕێسایانەی زمانە، كە زۆر جار كەسی قسەكەر لەكاتی بەكارهێنانی زمانەكەدا لەبەر ماندووبوون، یان نەشارەزایی، یان پەلەكردن، یان هەر هۆكارێكی تر دەكەوێتە هەڵەوە.) (كەمال، ٢٠٠٢: ٢١)، لەگەڵ ئەمانەشدا چوونە ناو وردەكاریی هەڵەكانەوە ئیشی زمانەوان نییە، بەڵام زمانەوان توانای چارەسەركردنیان و ڕاستكردنەوەی هەڵەكانی هەیە، چونكە توانا كۆتاییەكی كراوەی هەیە، بەو واتایەی ئاخێوەران توانای جیاوازی شێوازی دەربڕینیان لەكاتی قسەكردندا هەیە، كاتێک گوێگریش گوێی لە ڕستەیەكی نادروست دەبێت، هەوڵی ڕاستكردنەوەی دەدات، چونكە یاسا و ڕێساكان (توانست)ەكەی ناو مێشكی هانی ئەم پرۆسەی ڕاستكردنەوەیە دەدات، بۆ نمونە:

٣٣- * پێرێ تۆ دەبینم

نادروستی ئەم ڕستەیە لەوەدایە كە ئاوەڵكاری كاتی (پێرێ) پێویستە لەگەڵ كاری ڕابردوودا بەكاربهێنرێت، بەڵام كاری ئەم ڕستەیە كارێكی ڕانەبردووە، هەربۆیە پێویستە كارەكە بۆ كارێكی ڕابردوو بگۆڕین، یان ئاوەڵكارەكە بە ئاوەڵكارێكی دیكە بگۆڕین، كە لەگەڵ كاری ڕانەبردوودا بگونجێت، بە مەبەستی ڕاستكردنەوەی لایەنی واتایی و ڕێزمانیی ڕستەكە، واتە بەم شێوەیەی لێ بكەین:

٣٤- پێرێ تۆم بینی.. ........ (گۆڕینی كار)

٣٥- بەیانی تۆ دەبینم.. ........ (گۆڕینی ئاوەڵكار)

سێیەم/ ئەم تیۆرە ڕێزمانییە لە بەرهەمهێنانەوە دەستپێدەکات، لەسەر ئەم بنەمایە، دەتوانرێت لەو فۆنیمانەی، کە هەر زمانێک بۆ خۆی هەڵیبژاردون، ژمارەیەکی بێکۆتا لە وشە و فرێز و ڕستە بەرهەمبهێنێت.

چوارەم/ دروستەی قوڵ و ڕوکەش شیدەکاتەوە و گرنگی زۆریان پێدەدات، هەرچی دروستە/ ئاستی قوڵە بایەخی خۆی هەیە، چونکە لێڵیی و نادیارییەکی تیایە، کە دواتر لە ئاستی ڕوکەشدا ڕووندەبێتەوە، هەروەها (ئاستی قوڵ لە یاسا سەرەکییەکانەوە بەرهەمدەهێنرێت، کە ئەوانیش یاسا فەرهەنگییەکان و یاساکانی ڕۆنانی فرێزن، کە تاڕادەیەک ئەم یاسایانە لە سەرجەم زمانەکاندا وەک یەکن، ئاستی ڕوکەشیش هەندێک لە جۆرە ئازادەکانی وشە ڕیزبوون و جێکەوتەکانیان تیایدا لەڕێگەی یاساکانی جێگۆڕکێوە پەیدادەبن، تەنها یەک ڕۆنان لە ئاستی قوڵدا هەیە، کە بەرانبەر زیاتر لە ڕۆنانێک لە ئاستی ڕوکەشدا دەوەستێت.) (کەمال، ٢٠٠٢: ٢٨)، کەواتە ئاستی قوڵ پەیوەندی بە واتای ڕستەوە هەیە، ئاستی ڕوکەشیش پەیوەندی بە چۆنێتی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەوە هەیە، بۆ نمونە:

٣٦- من نامەکە نوسین ............. ئاستی قوڵ

٣٧- من نامەکەم بە مۆبایل نوسی. ............ ئاستی ڕوکەشی یەکەم

٣٨- نامەکەم، (من) بە مۆبایل نوسی. ............. ئاستی ڕوکەشی دووەم

٣٩- بە مۆبایل، (من) نامەکەم نووسی. ............ ئاستی ڕوکەشی سێیەم

ئەم گواستنەوانە لە ئاستی قوڵەوە بۆ ئاستی ڕوکەش تەنها فۆرم و شێوەی ڕستەکان دەگرێتەوە، لایەنی ناوەڕۆک و واتای ڕستەکان ناگرێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە هەردوو زمانەوان (کاتز و فۆدۆر) پێیانوایە، کە (گواستنەوەکان لەنێوان ئاستی قوڵ و ئاستی ڕوکەشدا بێلایەنن لە واتادا و کاریگەرییان لەسەر واتا نییە.) (Katz, Fodor, ١٩٦٣: ٢١٣)

## (١-١/٢) پێڕەوبەندیی لە ڕستەی سادەدا:

ڕستەی سادە وەک یەکێک لە دوو جۆرەکەی ڕستە لە زمانی کوردیدا، خاوەنی یاسا و پێڕەوبەندیی خۆیەتی، پەیوەست بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە (جۆن لیۆنز) پێیوایە (ڕستە بەهۆی زنجیرەیەک هەڵبژاردنەوە بەرهەمدەهێنرێت، واتە پرۆسەی بونیادنانی ڕستە و بەرهەمهێنانی، پشت بە بنەمای هەڵبژاردن دەبەستێت.) (لیۆنز، ١٩٨٧: ١٠٣)، بەو واتایەی کاتێک پێکهاتەی یەکەم هەڵدەبژێرین، هەڵبژاردنی پێکهاتەی دووەم دێتە ئاراوە.

بۆ نمونە:

٤٠- شیرین چا دەخواتەوە.

له نمونەی (٤٠)دا کاتێک پێکهاتەی (شیرین) دەگۆڕین بۆ (تۆ)، پێویستە پێکهاتەی سێیەمیش بگۆڕین، کە لە نمونەی (٤١)دا ڕوندەبێتەوە، بەمشێوەیە:

٤١- تۆ چا دەخۆیتەوە.

٤٢- ئەو ژنانە چەند خواردنێکیان دروستکرد.

کاتێک پێکهاتەی یەکەمی نمونەی (٤٢) لە ناوێکی کۆوە بگۆڕین بە ناوێکی تاک، پێویستە (ئەو ژنانە) بگۆڕین بۆ (ئەو ژنە)، هەروەها جێناوی لکاوی (یان)یش بگۆڕین بۆ (ی)، واتە بەمشێوەیە لە نمونەی (٤٣) و (٤٤)دا ڕوندەبێتەوە:

٤٣- ئەو ژنە چەند خواردنێکی دروستکرد.

٤٤- ئەو ژنە خواردنێکی دروستکرد.

٤٥- من وانەکەم خوێند.

کاتێک بکەری ڕستەی (٤٥) دەگۆڕین بۆ (ئێمە)، پێویستە جێناوی لکاوی (م)یش بۆ (مان) بگۆڕێت، ئەم گۆڕانەش بە یاساکانی گواستنەوەی تیۆرەکەوە پەیوەستە، وەک لە نمونەی (٤٦) و (٤٧)دا ڕوندەبێتەوە:

٤٦- ئێمە وانەکەمان خوێند.

٤٧- ئێمە وانەکانمان خوێند.

٤٨/ أ- منداڵەکە وریایە.

ب- * منداڵەکە وریان

ت- * منداڵەکان وریان

ڕستەی (٤٨/ أ) ڕستەیەکی ڕێزمان دروست و واتا دروستە، لەبەرئەوەی کەرەستەکانی ڕستەکە لەڕووی هەڵبژاردن و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا لە شوێن و پێگەی خۆیاندا دانراون، بەڵام ڕستەکانی (٤٨/ ب)، (٤٨/ ت) لەڕووی ڕێزمان و واتاوە نادروستن، بەهۆی نەگونجانی کەرەستەکان بەیەکەوە لە باری ئاسۆیی ڕستەکاندا.

٤٩- ? دیوارەکە وریایە

ڕستەی (٤٩) لەڕووی ڕێزمانەوە دروستە، بەڵام لەڕووی واتاوە نادروستە، بەهۆی ئەوەی کەرەستەی (دیوار) ناگونجێت (وریا) بێت، واتە لەڕووی هەڵبژاردن و گونجانی نێوان کەرەستەکانی ڕستەوە، ڕستەیەکی واتا نادروست و نەگونجاو هاتۆتە بەرهەم.

٥٠- ئەو منداڵەی، کە زوو بنوێت، ژیرە.

ڕستەی (٥٠) لەڕووی ڕێزمان و واتاوە دروستە، لەبەرئەوەی هەموو کەرەستە پێویستەکانی ڕستەی تێدایە، هەموو کەرەستەکانیش لەڕووی هەڵبژاردنەوە گونجاو و شیاون، پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستە پەیوەندییەکی تەواو و ڕاست و ڕێکوپێکە.

٥١- * ئەو بەردەی، کە زوو بنوێت، ژیرە

ڕستەی (٥١) لەڕووی ڕێزمانەوە تەواو و دروستە، بەڵام لەڕووی واتاوە نادروستە، چونکە یەکێک لە کەرەستەکانی ڕستەکە، کە (بەرد)ە، ناگونجێت (بنوێت) یان (ژیر) بێت.

٥٢- فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی

دروستەی (٥٢) لەڕووی ڕێزمان و واتاوە ڕاست و دروستە، لەبەرئەوەی وشەی(فرۆکەخانە) بە ئاوەڵناوی (نێودەوڵەتی) دیارخراوە، نەک ئەوەی ئاوەڵناوی (نێودەوڵەتی) وەسفی ناوی (هەولێر) بکات، کەواتە دروستە ڕاستەکەی لە دروستەی (٥٣)دا ڕوندەبێتەوە:

٥٣- قوتابخانەی نمونەیی شەهید جەبار

٥٤- ? ڕێگای کۆنی چوارتا

ئەم دروستەیەش دیسان لەڕووی واتاوە نادروستە، چونکە ڕێگا کۆن نابێت، بەڵکو دەوترێت (چوارتای کۆن)، واتە ئەمە شێوازە دروستەکەیە: (ڕێگای چوارتای کۆن).

هەموو ڕستەیەکی زمانی کوردی لە فرێزی ناویی و فرێزی کاریی پێکدێت، فرێز لە خودی خۆیدا یەکەیەکی زمانیی (کەتیگۆرییەکی سینتاکسی)یە، بەو واتایەی (فرێز شوێنی ڕۆنانێکی لە ڕستە نزمتر دەگرێت، ڕستەیش گەورەترە، بەو پێیەی شوێنی ڕۆنانێکی باڵاتر لە وشە دەگرێت، بەمەش فرێز پێکهێنێکی ناوەندییە دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستەوە.) (Fattah, ١٩٩٧: ١٨٢)، بە دەربڕینێکی تر (فرێز کەرەستەیەکی ڕێزمانییە، لە ڕستەدا وەک یەکەیەکی سینتاکسیی لە جێکەوتەی ڕستەدا، کە لە کەرەستەیەک یان کۆمەڵە کەرەستەیەک پێکدێت، یەکێکیان بەسەر کەرەستەکانی دیکەدا زاڵدەبێت و بەهۆیەوە جۆری فرێزەکەی پێدیاریدەکرێت، بۆ نمونە فرێزی ناوی، فرێزی کاریی، فرێزی پێشناویی،... هتد.) (Davidson, ٢٠٠٦: ٣٦). یاسا ڕێزمانییەکانی ڕستە و پێکهاتەکانی (فرێزەکانی) بەمشێوەیەن، کە دەتوانرێت بۆ بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە ڕستەکان بەکاربهێنرێت.

یەکەم: ڕستە = فرێزی ناویی+ فرێزی کاریی، بۆ نمونە:

٥٥- منداڵەکە نان دەخوات.

دووەم: فرێزی ناویی= ناو یان ئاوەڵناو یان ناوی تایبەتیی + نیشانەی ناسراویی، بۆ نمونە:

٥٦- منداڵەکە، یەکەمەکە، نەوزادەکە

سێیەم: فرێزی کاریی= فرێزی ناویی+ کار، بۆ نمونە:

٥٧- نان دەخوات

چوارەم: فرێزی بەند= پریپۆزیشن+ فرێزی ناویی، بۆ نمونە:

٥٨- لەماڵەوە، بۆ زانکۆ، بە ئۆتومبیل

ئەم یاسا ڕێزمانییانەش چەند یاسایەکی فەرهەنگیشیان لەگەڵدایە، کە ئەرکیان ئەوەیە پۆلێنکردنە ڕێزمانییەکانی تێدا وەردەگیرێت بۆ کۆمەڵە وشەیەکی ئەوتۆ، کە لەسەر ئەو جۆرە ڕێزمانانە پراکتیزە دەبێت، لە نمونەی یاسا فەرهەنگییەکان:

ناو ← (گوڵ، سێو، ئاسن، مندال، پشیلە، دیوار،...هتد)

ناوی تایبەتی ← (لەنیا، شنۆ، نیان، ئەوین، ناسک، بەیان،...هتد)

ئامرازی ناسین ← (ەکە، کە، ە، ..هتد)

ئاوەڵناو ← (نویَ، گەورە، جوان، خۆش، لار،...هتد)

کار ← (خوارد، هات، سەرکەوت، بنیاتنرا، داهێنا،...هتد)

پریپۆزیشن ← (بە، لە، بۆ)

ئاوەڵکار ← (کاتی: ئەمڕۆ، پار، لەم ڕۆژانەدا،...هتد)

(شوێنی: لە ماڵەکەدا، بەسەر دیوارەکەدا، بەژێر پردەکەدا،...هتد)

(چۆنیتی: بەپەلە، وردە وردە، بە ئۆتۆمبیل، بەیەکجاریی،...هتد)

دەتوانرێت بەم یاسا فەرهەنگییانە چەندین ڕستەی ڕێزمان دروست و واتا ڕاست دروستببکرێت، بۆ نمونە:

٥٩- پشیلەکەی ئەوین بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوت.

٦٠- گوڵەکەی لەنیا جوانە.

٦١- منداڵەکەی شنۆ بە ئۆتۆمبیل هات.

٦٢- دیوارە نوێیەکەی ماڵی ناسک لەم ڕۆژانەدا بنیاتنرا.

٦٣- نەمامە سێوەکەی نیان وردەوردە گەورە دەبێت.

٦٤- بەیان سێوە گەورە جوانەکەی خوارد.

هاوکات لەگەڵ ئەم ڕستە دروستانەی سەرەوە، چەندین ڕستەی ڕێزمان نادروست و واتا نادروست بەرهەمدێت، کە لە نمونەکانی(٦٥) تا (٧٢)دا بەمشێوەیە ڕیزکراون:

٦٥- * سێوەکەی ناسک داهێنا

٦٦- * ناسک داهێنا

٦٧- * نیان ئاسنەکانی هات

٦٨- * دیوارەکە بەپەلە خوارد

٦٩- * دیوارەکە خوارد

٧٠- * پشیلەکەی لەنیا بنیاتنرا

٧١- * پشیلەکە بنیاتنرا

٧٢- * گوڵەکەی شنۆ بەئوتۆمبیل سەرکەوت

دروستە ڕاستەکانی ئەو ڕستە ڕێزمان ناڕاست و واتا ناڕاستانە ئەمانەن، کە لە نمونەکانی(٧٣) تا (٧٩)دا بەمشێوەیە ڕیزکراون:

٧٣- ناسک سێوەکەی خوارد.

٧٤- ناسک ئەمڕۆ قژی داهێنا.

٧٥- دەرگاکانی ماڵی نیان ئاسن بوون.

٧٦- پشیلەکە گۆشتەکەی بەپەلە خوارد.

٧٧- دیوارەکەی ماڵی لەنیا بنیاتنرا.

٧٨- پشیلەکە لەماڵەکەدا دەهات و دەچوو.

٧٩- گوڵەکەی شنۆیان لەم ڕۆژانەدا هێنا.

ئاستی دروستە و واتا لە ڕستە و فرێزدا لەڕوانگەی چۆنێتی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەوە سەیردەکرێت، (کەرەستەکانیش بریتین لە (بکەر (Subject)، بەرکار (Object)، کار (Verb))، هەموو زمانەکان بەپێی ڕیزبەندیی ڕیزبەندیی کەرەستەکانی ڕستە دابەشکراون، واتە ڕیزبەندیی کەرەستە پێوەری زمانەکانە، (چوار) جۆر شێوە ڕیزبوون هەیە.) (ئەمین، ٢٠٠٤: ٢٣٧)، کە ئەمانەن:

٨٠- زانکۆی سلێمانی پێشانگایەکی کردەوە. (S. + O. + V.) (دروستەی زمانی کوردی)

٨١- پێشانگاکە زانکۆی سلێمانی کردییەوە. (O. + S. +V.) (دروستەی ڕستەی باسمەندی زمانی کوردی)

٨٢- زانکۆی سلێمانی کردییەوە پێشانگایەک. (S. + V. + O.) (دروستەی زمانی ئینگلیزی، بۆ نمونە: .The boy typed a message)

٨٣- * کردییەوە زانکۆی سلێمانی پێشانگاکە (V. + S. + O.) (دروستەی زمانی عەرەبی، بۆ نمونە: کتب الولد الرسالة.)

یاساکانی پێکهێنانی فرێز هەر لەم بونیادە سادانەدا نییە، واتە لەگەڵ ئەمانەشدا (جاری وا هەیە ڕستەی ئاڵۆز ڕۆڵی خۆی تێدا دەبینێت، ئەویش بەهۆی پرۆسەیەکەوە، کە بە (دووبارەکردنەوە- Recursion) ناودەبرێت، لە ڕستەی ئاڵۆزدا هەندێک لەو توخمە زمانەوانییانە بۆ درێژکردنەوە و ئاڵۆزکردنی ڕستەکە دووبارەدەبنەوە.) (Yule, ١٩٩٦: ١٠٦)

بۆ نمونە: زیادکردنی کاری (وایزانی) لەسەر ڕستەی(٨٤)، کە لە نمونەکانی(٨٥) و (٨٦)دا ڕوندەبێتەوە:

٨٤- (پشیلەکەی ئەوین بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوت.):

٨٥- شیلان وایزانی پشیلەکەی ئەوین بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوت.

٨٦- شانۆ وتی: شیلان وایزانی پشیلەکەی ئەوین بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوت.

هەر لەگەڵ پێشکەوتنی ڕێزمانی بەرهەمهێنان، زمانەوانەکان هەستیان بە گرنگی چارەسەری ئەو توخمە زمانەوانییانە کرد، کە لە شوێنەکانی خۆیان گوازرابێتنەوە، لەبەرئەوە ژمارەیەک لە یاساکانی گواستنەوە بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕانکارییەکەیان داهێنا، بۆ ڕونکردنەوەی ئەو گواستنەوەیەش، کە لەو دروستانەدا ڕوودەدات، واتە لە دروستەی قوڵەوە بۆ دروستەی ڕوکەش، کە لە یاساکانی پێکهێنانی فرێزدا هەیە، ئەمەش بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان ڕستەکانی بکەردیار و بکەرنادیار و هەواڵیی و پرسیاریی، بەڵام لەکاتی گواستنەوەی کەرەستەکانی ڕستەدا هەندێک کێشە سەرهەڵدەدات، لەو کاتەدا کەرەستەیەک دەهێنرێتە پێشەوە لەبەر دەرخستنی بایەخەکەی لە (ڕستەی باسمەند)دا، (بە ڕەچاوکردنی ڕیزبوونی ئازاد و ڕیزبوونی چەسپاو، کە دوو جۆری ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەیە، هێنانەپێشەوەی ئاوەڵکاریش لەو ڕستانەدا ڕوودەدات، کە جۆری ڕیزبوونەکەیان ئازادە.) (عەلی، ١٩٩٨: ١٠-١٢) بۆ نمونە لەو کاتانەدا، کە ڕستەکە ئاوەڵکاری تێدایە و قسەکەر بەهۆی یەکێک لە یاساکانی گواستنەوە، کە پێی دەوترێت پێشخستن، ئاوەڵکارەکە دێتە سەرەتای ڕستەکە و کەرەستەکانی تریش بەدوایدا، لەم کاتەدا ڕێزماننناسەکان لە چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتانە لقێکی ئەم درەختە دەگوازنەوە، پاشان لکاندنی بە بەشێکی دیکەی جیاوە، بۆ نمونە ئەو دوو لقەی بۆ ڕونکردنەوەی چۆنیەتی هێنانە پێشەوەی ئاوەڵکاری (ساڵی پار) بەسەر شوێنە ڕەسەنەکەی

پێشویدا لە نمونەی (٨٨)دا دیارخراوە، ئەمەش بەهۆی ڕۆڵ و گرنگیی فۆنیمە ناکەرتییەکانەوە ڕوودەدات، بۆ نمونە:

٨٧- سایە ساڵی پار یارمەتی ئیمانی دا٠    (ڕستەی ئاسایی)




هێڵکاریی ژمارە (٢)

ڕونکەرەوەی ڕستەی (٨٧)

٨٨- ساڵی پار سایە یارمەتی ئیمانی دا٠(ڕستەی باسمەند، کە یەکێکە لە یاساکانی گواستنەوە)




هێڵکاریی ژمارە (٣)

ڕونکەرەوەی ڕستەی (٨٨)

ڕێزمانی گواستنەوە ئەو ڕێزمانەیە بەهۆیەوە دەتوانین ڕستەیەک بۆ ڕستەیەکی دیکە بگوازینەوە، کە لە ڕوی واتاوە وەکیەک بن، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەو پەیوەندییە هاوشێوانەی لەنێوان ڕستەکاندا هەیە، لەگەڵ سەرنجدانی ئەو ڕێوشوێنانەی ڕوودەدەن، بۆئەوەی ڕستەیەک لە ئاستی ڕوکەشدا جیاوازی لەگەڵ ڕستەکانی دیکەدا هەبێت، کەواتە ئەرکی ڕێزمانی گواستنەوە بەستنەوەی بونیادی ڕوکەشە بە بونیادی قوڵەوە، کە (بونیادی ڕوکەش شێوەی دەنگیی بەدوای یەکداهاتنی زنجیرەیی (ئاسۆیی) وشەکانی ڕستەیەکە لەلایەن قسەکەرێکەوە.) (لیۆنز، ١٩٨٧: ١٥٩)، بەو واتایەی ڕێکخستنی یەکە ڕوکەشەکانە، کە بۆ فۆرم و شێوەی قسە دەگەڕێتەوە، بەپێی چەند کاریگەریی و هۆکارێک لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، چونکە بۆ ئەو شێوەیەی مەبەستمانە دەگەڕێتەوە، واتە لە تواناوە نزیکە، لە هەمان کاتدا بونیادی قوڵ ئەو یاسا ڕێزمانییانەیە، ئەم بەدوای یەکداهاتنە دروستدەکات، لە مێشکی قسەکەردایە، بە دەربڕینێکی تر (بنەمایەکە بۆ تێگەیشتن لە قسەو شیکردنەوەی، لەو بەدوای یەکداهاتنەی قسە درکێنراوەکانی بونیادی ڕوکەشدا ڕەنگدەداتەوە.) (زکریا، ١٩٨٦: ٢٦٨)، کەواتە بونیادی قوڵ شیکردنەوەی واتایی ڕستە دیاریدەکات، گریمانە دەکرێت بەهۆی یاسای ڕێزمانی گواستنەوەوە ببێت بە بونیادی ڕوکەش، هەروەها لە توانستەوە نزیکە، بۆیە لەلای هەموو خەڵکی نزیکن لە یەکترەوە، وەک لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت: (عەبدوڵلا، ٢٠١٠: ٧)، کەواتە لەم تیۆرەی چۆمسکیدا هەموو ڕستەیەک تا بەرهەمدێت، بەم ئاستانەدا تێدەپەڕێت:




هێڵکاریی ژمارە (٤)

(گۆڕانی دروستەی قوڵ بۆ دروستەی ڕوکەش لەتیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا)

تیۆرەکە لە چوارچێوەی چەند یاسا و پرەنسیپێکدا ئیشدەکات، واتە چەند یاسا و پرەنسیپێکی بۆ هەموو زمانەکانی جیهان پەسەندکردووە، لەگەڵ بوونی ئەم هاوبەشییانەدا، جیاوازییەکانی هەر زمانێکیش لە شێوەی تایبەتمەندێتیی ئەو زمانەدا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی (زمانە سروشتییەکان لە ڕوی بەرهەمهێنانی دروستەی قوڵەوە چونیەکن و هەر ئەو یاسایە لە هەموویاندا بەدیدەکرێت، چونکە زۆربەی بەڵگەی مەنتیقی و تەجریبی دەیسەلمێنن، کە زمانی مرۆڤ هەموو بەپێی هەمان پێڕەو کاردەکەن و هەڵدەسوڕێن، کەواتە لە بنجدا هەموو یەکن و یەکدەگرنەوە.) (حسێن، ٢٠٠٨: ٣) بەو واتایەی (یاساکانی گواستنەوە لە هەر زمانێکدا بێت بە هەمان پێڕەو کاردەکات، کەرەستەکانی ڕستە بە ئەرکی جیاواز و جێکەوتەی جیاوازەوە لە ئاستی ڕوکەشدا دەردەکەون، بەڵام لە ئاستی قوڵدا هەمان واتا و هەڵکەوتی ڕێزمانییان هەیە.) (کەمال، ٢٠٠٢: ٥٨)، بەگشتی لەڕێگەی ئەم یاسا ڕێزمانییانەوە یاساکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە جێبەجێدەبێت:

یەکەم/ کورتکردنەوە:

واتە کورتکردنەوەی کەرەستەیەک لە ئاستی ڕوکەشدا بەبێ گۆڕانی لایەنی واتا.

بۆ نمونە:

٨٩- من ڕۆیشتم.. ....... ڕۆیشتم.

pro چوو.. ......... چوو.

٩٠- دەستی مرۆڤی ماندوو لەسەر سکی مرۆڤی تێرە.. ...... دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە.

دووەم/ زیادکردن:

واتە زیادکردنی کەرەستەی دیکە بۆ سەر ڕستەکە، کە لەڕووی واتاوە ڕستەکە دەوڵەمەند دەکات.

بۆ نمونە:

٩١- مامۆستاکەم زیرەکە.. .......مامۆستاکەم هەمیشە لە هەموو بوارێکدا زیرەکە.

سێیەم/ کۆپیکردن (لەبەرگرتنەوە):

بریتییە لە کۆپیکردنی کەرەستەکانی ڕستە، یەکێکە لە یاساکانی گواستنەوەی ئارەزوومەندانە، بەو واتایەی (کاتێک قسەکەر کەرەستەیەک بەئارەزوو لە شوێنی بنجیی و چەسپاوی خۆیەوە بۆ شوێنێکی تر لە سنوری ڕستەدا دەگوازێتەوە لە جێبەجێکردنی کردە ڕێزمانییەکاندا، یاسای کۆپیکردن ڕێخۆشکەر و یاریدەدەری دەبێت.) (حوسێن، ٢٠١٢: ٢٣١)، بۆ نمونە ئەوەی لە ئامرازە پەیوەندییەکانی (بە، لە)دا ڕوودەدات، کاتێک هەندێک گۆڕانی دەنگیی بەسەر ئامرازەکاندا دێت، بێجگە لە ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، کە گۆڕانی دەنگیی تیادا ڕوونادات.

بۆ نمونە:

٩٢- لە من کەوت.. ....... لێم کەوت.      (لە. ..... لێ)

٩٣- ئەو لە من دەدات.. ...... ئەو لێم دەدات.. ....... لێم دەدات.

٩٤- لە تۆ گەیشت.. ......... تێت گەیشت.      (لە. ..... تێ)

٩٥- منداڵەکە بەردێکی گرتە سەگەکە.. ...... منداڵەکە بەردێکی تێگرت.

٩٦- بە من دەبەخشێت.. ....... پێم دەبەخشێت.      (بە. ...... پێ)

٩٧- من ئیشەکەم بە ئەو کرد.. ...... من ئیشەکەم پێکرد.. ....... پێیمکرد.

٩٨- من دەڕۆم بۆ زانکۆ.. ........ من دەڕۆمە زانکۆ. (بۆ. ...... ە)

چوارەم/ لابردن:

یەکێکە لە یاساکانی ڕێزمانی گواستنەوەی سەرپشکیی، واتە لابردنی کەرەسەیەکی زیادەی ڕستەکە، لەم ڕوانگەیەوە چۆمسکی دەڵێت: (گواستنەوە ئەو کەرەستانەی ڕستە لادەدات، کە ئەو کەرەستانە نوێنەرە نیشانگرەوەکەیان پۆلێک بێت، یان ئەگەر مەرجەکانی ڕێزمانیی، کە پێناسەی گواستنەوەکە دەکەن، دەستنیشانی ئەوە بکەن، کە ئەم کەرەستەیە تەواو لە کەرەستەیەکی دیکەی زنجیرەکە دەچێت.) (Grillet, ١٩٧٨: ٣٧)، بە دەربڕینێکی تر (لابردن بەشێکە لە گواستنەوە، بە واتای لابردنی بەشێک لە ڕستەی سەرەکی بۆ مەبەستێک لە مانادا، لەکاتێکدا ڕستەکە هەمان واتا هەڵدەگرێت، بۆنمونە: کاتێک پرسیاردەکرێت (کێ هات؟) (وەڵام: (ئازاد)، واتە وشەی (ئازاد) لە دەقەکەدا واتایەکی تەواو هەڵدەگرێت، ئەویش بە لابردنی یەکێک لە پێکهاتەکانی وەکو (هات)، واتە (ئازاد هات.)، بەڵام لابراوەکە بۆ مەبەستی کورتبڕییە، کە ئەمەیش گواستنەوەیە.) (ساڵح، ٢٠١٢: ١٤٦)، تیۆری ڕێزمانیی گواستنەوە هەوڵی ئەوە دەدات چۆنیەتی پەیوەندی و بەرهەمهاتنی دیوی دەرەوە/ ئاشکرای زمان لە دیوی ناوەوە/ شاراوەی زمان بەهۆی گواستنەوە و یاساکانی لێکبداتەوە، یاسای لابردنیش یەکێک لەو یاسا گواستنەوەییانەیە، کە بەهۆیەوە دەشێت یەکێک لە کەرەستەکانی ئاستی ڕوکەشی ڕستە لەکاتی گواستنەوەی بۆ ئاستی قوڵی ڕستە لاببرێت، چ بەهۆی یەکسانی واتایی بێت یاخود یەکسانی فۆرم و واتا.

بۆ نمونە:

٩٩- خوێندکارە یەکەمەکە. ......... یەکەمەکە

١٠٠- باشترین منداڵیان لێرەیە.. ......  باشترینیان لێرەیە.

پێنجەم/ فراوانکردن: واتە فراوانکردنی کەرەستەکانی ڕستە لە ئاستی ڕوکەشدا، بۆ نمونە:

١٠١- دوێنێ پورم هات.. ..... دوێنێ پورم (بۆ ماڵی ئێمە لە ماڵی خۆیانەوە بە ئۆتومبیل) هات.

شەشەم/ پێشخستن، باسمەند (بەلوتکە کردن): واتە هێنانەپێشەوەی کەرەستەیەکی ڕستە لە ئاستی ڕوکەشدا، لەبەر گرنگی و زیاتر دەرخستنی.

بۆ نمونە:

١٠٢- ئێمە پەرتوکەکەمان خوێندەوە.. ....... پەرتوکەکە، ئێمە خوێندمانەوە.

١٠٣- ئەو خواردنەی کە تۆ لێتنا، ئەو نەیخوارد.. .... ئەو نەیخوارد، ئەو خواردنەی کە تۆ لێتنا.

لێرەدا (بۆ بریندارنەکردنی بنەماکانی یاسای گواستنەوە، هەر گواستنەوەیەک ڕووبدات، بە پرۆسەی هاونیشانەکردن چارەسەردەکرێت، بۆ نمونە:

١٠٤- من سێوەکانم خوارد.

١٠٥- سێوەکان، من خواردمن.

i j j i

کەواتە بەرکار لەڕێگەی هاونیشانەکردنەوە دۆخی ڕێزمانیی و لە ئاستی قوڵدا ڕۆڵی بابەتانەی پێدەدرێت، گواستنەوەکەش بەرەو لای ڕاستە.) (مەعروف، ٢٠٠٩: ١٢٨)

حەوتەم/ دەرنەبڕین: یەکێکە لە خاسیەتە گشتی و جیهانییەکانی هەموو زمانەکان، بەڵام پێویستە ناوەڕۆکی کەرەستە دەرنەبراوەکە گەیشتوو(مفهوم) بێت و زمان ڕێگە بەو دەرنەبڕینە بدات، بەوپێیە (هەندێک جار لە ئاخاوتن و نووسیندا هەست بە بوونی کەرەستەیەک دەکرێت، کە لە دیوی شاراوەدا واتاکەی دیارە، بەڵام بەدەنگ واتە بە فۆنەتیکی، ئەو دەنگە نابیسترێت.) (حاجی، ٢٠٠٧: ١٢٧)، بۆ نمونە:

١٠٦- ئێمە نامەی ماستەرەکەمان نوسی.. ....... pro نامەی ماستەرەکەمان نوسی.

ئەم پرۆسەی گواستنەوەیە بەپێی ئەم دوو پرسە ڕێزمانییە بەرهەمدەهێنرێت:

یەکەم/ ڕێزمانی ئارەزوومەندانە- سەرپشکییانە: ئەو ڕێزمانەیە، کە بەشێوەیەکی سەرپشکی گواستنەوە ئەنجامدەدرێت، واتە (بەبێ گواستنەوەکەش ڕستەی ڕێزمانیی بەرهەمدەهێنرێت، کە لەڕێگەی (کۆپیکردن)ەوە، کە کردەیەکی گواستنەوەیە، پێویستی سەرەکی ڕستە نییە.) (کەمال، ٢٠٠٢: ٦٧)، بۆ نمونە:

١٠٧- تۆ نانەکەت دەخوارد. . ......... نانەکە، تۆ. .t.. دەتخوارد.

i → i i

کەواتە لەکاتی گواستنەوەی کەرەستەیەکدا مەرجە کەرەستەیەک هەبێت، کە لەگەڵ کەرەستە لابراوەکەدا هاونیشانەبێت و پێکەوە پۆلێک بن، وەک لابردنی بکەر، یان ئەو کەرەستەیەی لە زنجیرەکەی خۆی بچێت وەک لابردنی فرێزی کاریی لە نمونەی(١٠٩)دا، بۆ نمونە:

١٠٨- من دەستم شکا، بەڵام قاچم نەشکا. (ئاستی قوڵ)

١٠٩- من دەستم شکا، بەڵام قاچم نا. (ئاستی ڕوکەش)

دووەم/ ڕێزمانی بەخورتی- بەزۆریی: ئەو ڕێزمانەیە، کە جێبەجێکردنی یاساکانیان لەسەر ڕستە پێویست و گرنگە، نابێت ڕستە وازیان لێبهێنێت، لەبەرئەوەی لە ئاستی قوڵدا ڕستە خودی خۆی پێویستی پێیەتی، بە بێ جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە بەرهەمنایەت، یاساکانیش بەگشتی ئەم یاسایانە دەگرێتەوە: (کات، پاشکۆکان، سنور جیاکەرەوە):

**(١) یاسای کات:** کاتی ڕوودانی ڕستەکان دیاریدەکات، واتە (تایبەتە بە دەستنیشانکردنی کاتی کاری ڕستەکە و دەکرێت بەمشێوەیە بنوێنرێت.) (الوعر، ١٩٨٨: ١٣٧)، بۆ نمونە:

١١٠- من وانەکەم خوێند. (کاری ڕابردوو)

١١١- من وانەکە دەخوێنم. (کاری ڕانەبردوو)

**(٢) یاسای پاشکۆکان:** ئەمجۆرەی یاساکانیش هەموو ئەو پێشگر و پاشگرانە دەگرێتەوە، کە دەچنە سەر کاری ڕستەکە، واتە ئەو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییانەی لەگەڵ کاری ڕستەدا بەکاردێن جگە لە مۆرفیمەکانی کات، کە بەم (سێ) شێوەیە دەنوێنرێت:

- کار + پاشکۆ (پاشگر)، بۆ نمونە:

١١٢- دەبات+ ەوە (دەباتەوە)

١١٣- دەهێنێت+ ەوە (دەهێنێتەوە)

- پێشگر+ کار، بۆ نمونە:

١١٤- دە + کرد (دەکرد)

- پێشگر+ ڕەگ+ پاشگر، بۆ نمونە:

١١٥- ب+ خوێن+ ە (بخوێنە)

**(٣) یاسای سنور و جیاکەرەوەکان:** ئەم یاسایانە بۆ دیاریکردن و لێکجیاکردنەوەی وشەکان و دەستنیشانکردنی سنوری ڕۆنانی هەریەکێکیان تایبەتکراوە، کە لە چوارچێوەی ڕۆنانێکی گەورەتردایە، کە ڕستەکەیە، بۆ نمونە:

١١٦- خوێندکار + ە + زیرەک + ەک + ان + مان + یان + بۆ + هێنا + ین + ەوە.

ڕێزمانی گواستنەوە ئەو گرێکوێرەیەی لە زۆربەی ڕستەکاندا بەدیدەکرێت، دەکاتەوە، وەک ئەو ڕستانەی لە بونیادی ڕوکەشدا لەیەکدەچن، بەڵام لە واتا (بونیادی قوڵ)دا جیاوازن، بەهۆی ئەوەی ئەم ڕستانە لەڕووی واتاوە لێڵن، لە زماندا بە (لێڵی مۆرفۆسینتاکسی) ناودەبرێت، کە (بەهۆی یاساکانی گواستنەوە و بە کلیتیککردنی هەندێک کەرەستەی ڕستەوە دروستدەبێت، بەمەش لە دروستەی ڕوکەشدا هەمان دروستەیان دەبێت، بەڵام لە دروستەی قوڵدا جیاوازن.) (برزۆ، ٢٠١٠: ١٤٦)، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە لێڵییە لەئەنجامی ئەوەوە دێت، کە (دروستەکە لە بنچینەدا لە دوو دروستەی جیاوازەوە گوێزراونەتەوە و بە لێڵی گواستنەوە (Transformational ambiguity) ناودەبرێت.) (قادر، ٢٠٠٠: ٣٥)، بۆ نمونە:

١١٧- أ- پێ هەڵگرن. (ئاستی ڕوکەش) ← خێرا بکەن. (ئاستی قوڵ)

ب-پێ هەڵگرن. (ئاستی ڕوکەش) ← قاچ بەرز بکەنەوە. (ئاستی قوڵ)

١١٨- أ-پێم باشە. (ئاستی ڕوکەش) ← قاچی من باشە. (ئاستی قوڵ)

ب-پێم باشە. ( ئاستی ڕوکەش) ← بە لای منەوە وەها باشە کە. .....(ئاستی قوڵ)

١١٩- أ- پێم دەخورێ. (ئاستی ڕوکەش) ← قاچی من بەهۆی نەخۆشی و خورانی پێست و بێرووەوە دەخورێ. (ئاستی قوڵ)

ب- پێم دەخورێ. (ئاستی ڕوکەش) ← بە من دەخورێ. (ئاستی قوڵ)

پ- پێم دەخورێ. (ئاستی ڕوکەش) ← قاچی من ئاژەڵێک دەیخوات. (ئاستی قوڵ)

بەپێچەوانەشەوە، ئەو ڕستانەی لە ڕوکەشدا جیاوازن، بەڵام واتاکانیان وەکیەکە، چونکە هەندێک وشەی دژواتای تێدا بەکاردەهێنرێت، کە لە دژواتادا، بە (دژواتای بەرانبەری) دانراون، دژواتای بەرانبەریش یەکێکە لە پەیوەندییە واتاییەکانی زمان، کە (لەنێوان دوو یەکەی زمانیدا دروستدەبێت، واتای یەکێکیان لەوی دیکەدا هەیە، واتاکانیان بەرانبەر یەکترین.) (ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ١٣٤)، بۆ نمونە:

١٢٠- شوانە خانووەکەی بە شەماڵ فرۆشت.

شەماڵ خانووەکەی لە شوانە کڕی.

لەو ڕستانەدا، کە فرێزی تەکخراویان تێدایە، بەپێی یاسای سەر کۆتایی، سەری فرێزەکە دەکەوێتە کۆتایی فرێزەکەوە و (سەر)یش حوکمیدەکات، هەربۆیە (تەنها دەرخەرەکانی ناوەوەی ڕستە، دەشێت لاببرێن، چونکە سەری ڕێزمانی فرێزی دووەم، سەری حوکمکەری

دۆخی ڕێزمانیی هەردوو فریزەکەیە، لەگەڵ سەری واتاییدا لەدوای تەواوکەرەکانیانەوە دێن و دەکەونە کۆتایی دروستەکانیانەوە.) (مەحویی، ٢٠٠٤: ٥٥)، بۆ نمونە:

١٢١- پێنوسەکەم و جانتاکەمم هێناوە.. ........ پێنوس و جانتاکەمم هێناوە.

## (٢-١/٢) پێرەوبەندیی لە ڕستەی ئاڵۆزدا:

ڕستەی ئاڵۆز وەک جۆرێک لە ڕستەی زمانی کوردی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، کە بریتییە لە پاڕستە و شاڕستە، پاڕستە ئەو ڕستەیەیە، کە ئامرازی گەیەنەری تێدایە، بە شاڕستە دەوترێت ئەنجام، بە پاڕستە دەوترێت هۆکار، هەموو ڕستەیەکی ئاڵۆز یاسا و پێرەوبەندیی خۆی تێدایە، بەمشێوەیە:

شاڕستە + کە + پاڕستە

بۆ نمونە:

١٢٢- أ- منداڵەکەم بینی، کە لە شەقامەکە دەپەڕییەوە.

ب- ئیمانم خۆشدەوێت، چونکە کچێکی گوێڕایەڵە.

پ-کەناڵەکان ڕایانگەیاند، کە مانگی یەک بەفر دەبارێت.

یەکێک لە یاساکانی گواستنەوەی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکی بریتییە لە جێگۆڕکێ، کە ناتوانرێت لە نمونەکانی (١٢٢- أ) و (١٢٢- ب) و (١٢٢- پ)دا جێبەجێبکرێت، لەبەرئەوەی (هەریەکە لەو دوو ڕستانەی ناو ڕستە ئاڵۆزەکە، ڕستەی سەربەخۆن و لە چێوەی ئەو دوو ڕستانەدا جێکەوتەیان چەسپاوە، بۆیە جێگۆڕکێ پێکردنیان ڕستەی ناڕێزمانیی دێنێتەکایەوە.) (مەعروف، ٢٠٠٩: ٨٧)، بۆ نمونە:

١٢٣- أ- * کە لە شەقامەکە دەپەڕییەوە، منداڵەکەم بینی

ب- * چونکە کچێکی گوێڕایەڵە، ئیمانم خۆشدەوێت

پ- * کە مانگی یەک بەفر دەبارێت، کەناڵەکان ڕایانگەیاند

لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێک جێگۆڕکێی ڕستەکان لە ڕستەی ئاڵۆزدا ئاسایی و ڕێگەپێدراو و گونجاوە لەڕووی ڕێزمان و واتاوە، بۆ نمونە لە ڕستەی (١٢٥)دا:

١٢٤ - ماستی مەڕ پەیدادەبێت، کە بەهار هات.

١٢٥- کە بەهار هات، ماستی مەڕ پەیدادەبێت.

گواستنەوە یەکەیەکی سەرەکییە لە تیۆری (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی چۆمسکیدا، لەو ڕوانگەیەوە تیۆری ڕێزمانیی توانای شیکردنەوەی ڕۆنانی ڕستەی نییە بەشێوەیەکی تەواو، هەربۆیە هاوکات لەگەڵ بەرهەمهێنان، گواستنەوەیش بەجۆرێکی دیکە لەڕێگەی یاساکانییەوە خزمەت بە ڕۆنانی ڕستە دەکات و کێشەکانی چارەسەردەکات، واتە (لە دروستەی قوڵدا کاری ڕستە ڕۆڵی بابەتانە بە ئارگۆمێنتەکانی دەدات، بۆ نمونە کاری (خوێندەوە) دوو ئارگۆمێنت وەردەگرێت، بۆئەوەی ڕۆڵی بابەتانەی (کارا- بە ئارگۆمێنتی بکەر، کارتێکراو- بە ئارگۆمێنتی بەرکار) بدات.) (قادر، ٢٠٠٧: ٤٣)، هەر سێ جۆرەکەی ڕۆڵی بابەتانە، کە لە دروستەی قوڵدا دەدرێت(سەر بە دۆخی دروستەییە، کە لەگەڵ دۆخی زگماکیدا دوو جۆری سەرەکی دۆخن.) (والی، ٢٠١٥: ١٠)، ڕستە بەبێ گواستنەوە بە دروستەی ڕوکەش ناگات، کەواتە ڕستە هەمیشە لە ئاستی قوڵدا نامێنێتەوە و دەبێت بەرەو ئاستی ڕوکەش هەنگاوبنێت، واتە (گواستنەوە کۆمەڵێک کردەی گواستنەوەی بەشداری لە بەرهەمهێنانی ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەکات و زۆربەی ڕستەکان لەڕێگەی زیاتر لە گواستنەوەیەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئاستی ڕۆنانی سەرەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گواستنەوە لە ڕۆنانی خوارەوە دەستپێدەکات و بە ڕۆنانە ناوەندییەکاندا تێپەڕدەبێت بەرەو ڕۆنانی سەرەوە، بۆ نمونە:

١٢٦- أ- ئومێد زۆر دورە لەوەی، کە شەڕ لەگەڵ خەڵک بکات. ئاستی/ ڕۆنانی ڕوکەش

ب- ئومێد زۆر دورە لەوەی، کە شەڕ بکات. ڕۆنانی ناوەندی١

پ- ئومێد زۆر دورە لەوەی، شەڕ بکات. ڕۆنانی ناوەندی٢

ت- ئومێد زۆر دورە لە شەڕکردن.

ج- ئومێد دورە لە شەڕکردن.

چ- ئومێد دورە لە شەڕ. ڕۆنانی قوڵ) (کەمال، و...، ٢٠٠٤: ٢٥٧)

یاساکانی گواستنەوە لە ڕستەی ئاڵۆزدا خۆی لە (کرتاندن/ دەرنەبڕین)دا دەبینێتەوە، لەبەرئەوەی (پێکەوەبەستنی دوو ڕستە زۆرجار دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی کەرەستەی وەک: (بکەر، بەرکار، ئاوەڵکار، کار)، واتە هەندێک کەرەستەی هاوبەش دێتەکایەوە، بۆئەوەی ئەم دووبارەبوونەوەیە ڕوونەدات، هەندێک لەو کەرەستانە دەکرتێنرێن.) (عەلی، ١٩٩٢: ٤٦)

یەکەم/ کرتاندنی بکەر و کار: بۆ نمونە:

١٢٧- یا کتێب دەخوێنمەوە، یا نامە دەخوێنمەوە. (ئاستی قوڵ)

↓

یا کتێب دەخوێنمەوە، یا نامە. (ئاستی ڕوکەش)

دووەم/ بەرکار و کار: بۆ نموونە:

١٢٨- نە بەڕاستی دەتبینم، نە بەخەو دەتبینم. (ئاستی قوڵ)

نە بەڕاستی دەتبینم، نە بەخەو. (ئاستی ڕووکەش)

سێیەم/ ئاوەڵکار و کار: بۆ نموونە:

١٢٩- چ تۆ بەجوانی کارەکان بکەیت، چ ئەو بەجوانی کارەکان بکات. (ئاستی قوڵ)

چ تۆ بەجوانی کارەکان بکەیت، چ ئەو. (ئاستی ڕووکەش)

چوارەم/ ئاوەڵکار و بەرکار: کاتێک ڕستەکان لەڕووی شێوەی پێکهاتن و جۆری کارەکانەوە هاوشانی یەکتر نەبن، بۆ نموونە:

١٣٠- تۆ نانەکە بە دڵی خۆت بخۆ، چونکە من نانەکە بە دڵی خۆم ناخۆم. (ئاستی قوڵ)

تۆ نانەکە بە دڵی خۆت بخۆ، چونکە من نایخۆم. (ئاستی ڕووکەش)

پێنجەم/ کار: بۆ نموونە:

١٣١- من کولێرەم خوارد و ئەو سەمونی خوارد. (ئاستی قوڵ)

من کولێرەم خوارد و ئەو سەمون. (ئاستی ڕووکەش)

هەروەها لەو ڕستە ئاڵۆزانەدا، (کە کاری ویست و ئارەزوویان تێدایە، کاری ویست و ئارەزووەکان لە دروستەی ڕوکەشدا بەپێی یاساکانی گواستنەوەی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکی دەکرتێن، واتە لە دروستەی قوڵیاندا دوو کاری ویست هەبێت و لە دروستە ڕوکەشەکەیاندا یەکێکیان دەرنەبڕدرابێت.) (مەعروف، ٢٠٠٩: ١٢٥)

بۆ نموونە:

١٣٢- دەمەوێ بڕۆم و دەمەوێ نەیەمەوە. (ئاستی قوڵ)

دەمەوێ بڕۆم و نەیەمەوە. (ئاستی ڕوکەش)

شەشەم/ بکەر:

١٣٣- من هاتم و من چووم. (ئاستی قوڵ)

↓

من هاتم و چووم. (ئاستی ڕوکەش)

١٣٤- أ- پۆلیسەکان دزەکەیان گرت. (بکەردیار)

ب- دزەکە گیرا. (بکەرنادیار)

لە ڕستەی (بکەرنادیار)دا، (بکەر) و (جێناوەکەی جێگری بکەر) لابراوە، هەروەها شێوەی کارەکەش گۆڕاوە.

هەموو کەرەستە بەتاڵەکانی ڕستەی لێکدراو بە (pro) ی بچوک هێمادەکرێت، بۆ نمونە:

١٣٥- ئەوین پشیلەی خۆشدەوێت و pro ڕقی لە باڵندەیە. (دەرنەبڕینی بکەر)

١٣٦- ئەو سێوەکانی لێکردەوە و pro pro شۆردنییەوە و pro pro خواردنی. (دەرنەبڕینی بکەر و بەرکار)

١٣٧- من حەزم لە ڕۆمانە و ئەو pro pro چیرۆک. (دەرنەبڕینی بەرکاری ناڕاستەوخۆ و پێشبەند و کار)

١٣٨- ئەو شارەی pro خنجیلەیە، pro زۆردڵگیرە. (دەرنەبڕینی ئامرازی لێکدەر و بکەر)

هەموو ئەمانە بەهۆی یاساکانی گواستنەوە لە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکیدا ڕوودەدات.

## (٢/٢) پێڕەوبەندیی لە پەیوەندی واتایی ئاسۆییدا:

پەیوەندی واتایی ئاسۆیی (کە پەیوەندی (هاونشینی، تەکنیشنی)شی پێدەوترێت)، بە یەکێک لە پەیوەندییە واتاییە گرنگەکان دادەنرێت، ئەم پەیوەندییە پەیوەندی سینتاکسیی نێوان وشەکانی ڕستە دەگرێتەوە، بەپێی دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکدی، بەو واتایەی (ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان یەکە زمانییەکانی ڕستەدا هەیە، بەهۆی ڕوودانیان یان پێکەوەهاتنیان لە زنجیرەیەکی ئاسۆییدا.) (ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ١٤٥)، لەم ڕوانگەیەوە (بەها و نرخی وشەکان لەڕێگای پەیوەندییەوە لەگەڵ وشەکانی دیکەی ڕستەکەدا بەدەستدەهێنرێت، جا لەپێشیەوە بێت یان لەدوایەوە بێت.) (بالمر، ١٩٨٥: ٧٦)، کەواتە وشەکانی ڕستە لەباری ئاسۆییدا پەیوەندییەک و گونجانێک لە نێوانیاندا دروستدەبێت، پێویستە وشەکان لە هەموو ڕوویەکەوە تەبا و گونجاو بن لەگەڵ یەکتر، ئەگینا نەگونجان و نادروستیی واتایی و ڕێزمانیی دەهێنێتە کایەوە، بەو

هۆیەشەوە خوێنەر یان گوێگر توشی سەرلێتێکچوون و تێنەگەیشتن لە پەیامی ڕستەکە (قسەکەر) دەبێت، لەبەرئەوەی سروشتی پەیوەندی واتایی ئاسۆیی بە شێوەیەکە، کە (یەکەیەکی زمانیی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لە یەک کۆنتێکستدا هەیەتی، وەک پەیوەندی نێوان وشەکانی ڕستەیەک، یان پەیوەندی نێوان دەنگەکانی وشەیەک.) (الخولي، ١٩٨٢: ٢٨٠)، بۆ نمونە:

١٣٩- ئارام هەنگ بەخێودەکات.

١ ٢ ٣

ئەم ڕستەیە وەڵامی ئەم (سێ) پرسیارە دەداتەوە:

یەکەم/ کێ هەنگ بەخێودەکات؟

دووەم/ ئارام چی بەخێودەکات؟

سێیەم/ ئارام هەنگ چی لێدەکات؟

ڕستەی (١٣٩) لە (سێ) بەش، یان یەکە پێکهاتووە، کە بریتین لە: (ئارام، هەنگ، بەخێودەکات)، پەیوەندی نێوان ئەم یەکانەی ڕستە پەیوەندییەکی ئاسۆیی سینتاکسییە، لەبەرئەوەی (بەخێودەکات)، کە کاری ڕستەکەیە، لەو کارانەیە مرۆڤ توانای ئەنجامدانی هەیە، کەواتە پێویستە کەسێک ڕۆڵی (بکەر) ببینێت، هەروەها کاری ڕستەکە کارێکی تێپەڕە، پێویستی بە یەکەیەکی وەک (بەرکار) هەیە، بۆئەوەی کاری ڕستەکە لە ڕوی واتا و ڕێزمانەوە ئەرکی خۆی جێبەجێبکات، کەواتە لای چەپی ڕستە، کە شوێنی کەرەستەی سەرەکی ڕستە (کار)ە، (بەرکار، بکەر) هەڵدەبژێرێت، هەربۆیە پێویستە کاری ڕستەکە ئەو کەرەستانەی هەڵیدەبژێرێت، لەهەموو لایەکەوە لەگەڵ خۆیدا واتە لەگەڵ کاردا بگونجێت، هەردوو لایەنی ڕێزمانیی و واتایی زۆر پێویستن بۆ هەڵبژاردنی یەکە و کەرەستەکانی ڕستەکە، ئەم گونجان و شیاوییەی نێوان کەرەستەکانی ڕستەش بە پەیوەندی واتایی ئاسۆیی ناودەبرێت.

بۆ نمونە:

١٤٠- خوێندکارەکە ئەمساڵ لەکارەکانیدا بەگشتی سەرکەوتوو بوو.

بکەر — ئاوەڵکاری کاتی — ئاوەڵکاری شوێنی — ئاوەڵکاری چۆنێتی — کار

کەرەستەی پێویست — کەرەستەی زیادە — کەرەستەی پێویست

لەم ڕستەیەدا کەرەستە سەرەکییەکەی (کار)ە، کارێکی تێنەپەڕە، لەبەرئەوە بۆ گەیاندنی واتایەکی ڕاست و دروست، تەنها پێویستی بە یەک کەرەستەی تر هەیە، ئەویش (بکەر)ە، چونکە هەموو کارێکی تێنەپەڕ تەنها پێویستی بە بکەرە، واتە پێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ نییە، کەواتە هەموو تەواوکەرە ناڕاستەوخۆکانی ئەم ڕستەیە، کە بریتین لە (ئاوەڵکاری کاتی، ئاوەڵکاری شوێنی، ئاوەڵکاری چۆنێتی) زیادەن، هەموو ئاوەڵکارە کاتی و شوێنی و چۆنێتییەکانی ئەم ڕستەیە لەڕووی واتاوە پێویستە، واتە تەواوکەرە ناڕاستەوخۆکان (ئاوەڵکارەکان) لایەنی واتایی ڕستەکە ڕوندەکەنەوە. لێرەوە دەکرێت سەرنجبدەین لە ئاستی ڕستەسازیدا ئەگەر ڕستە بە گەورەترین دانە وەربگرین و بۆ پێکهێنەرەکانی شیبکەینەوە بەپێی ئەرکەکەی، دەبینین هەر پێکهێنەرێک وەک (بکەر، بەرکار، کار، تەواوکەر)، دەتوانین پێنج قاڵبی ڕستەی کوردی دیاریبکەین، کە ئەمانەن:

یەکەم/ بکەر، بەرکار، کار. ............ (کاری تێپەڕ)، بۆ نمونە:

١٤١- منداڵەکە خواردنەکەی ڕشت.

دووەم/ بکەر، کار. ........................ (کاری تێنەپەڕ)، بۆ نمونە:

١٤٢- مامۆستاکە هات.

ئەمشێوە ڕیزبوونەی دووەم (بکەر، کار) لەو ڕستانەشدا، کە کارەکانیان بکەر نادیارە، دەبینرێت، بۆ نمونە:

١٤٣- خانووەکە ڕوخێنرا.

سێیەم/ بکەر، تەواوکەر، کار، بۆ نمونە:

١٤٤- پیاڵەکە بەدەستمەوە شکا.

چوارەم/ بکەر، بەرکار، کار، تەواوکەر، بۆ نمونە:

١٤٥- جلەکەی دایە بەر ئاوەکە.

پێنجەم/ بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کار، بۆ نمونە:

١٤٦- من ئەو بە پیاوێکی مەرد دەزانم.

لە زمانی کوردیدا دوو جۆر شێوە ڕیزبوون لە ئاستی ئاسۆییدا هەیە، کە بریتین لە:

یەکەم/ ڕیزبوونی ئازاد: ئەو شێوە ڕیزبوونەیە، کە (دەتوانرێت جێگۆڕکێ بە کەرەستەکانی بکرێت، بە بێ ئەوەی کار لە واتا و ئەرکی ڕێزمانی ڕستەکان بکات.) (دزەیی، ٢٠٢١: ٩٣)، بەو واتایەی ڕیزبوونی وشەکان لەناو ڕستەدا بە چەند شێوەیەکی جیاوازە، بە بێ کاریگەری

خستنەسەر واتای ڕستە، کەواتە هەر گۆڕانێکی وەک پاش و پێشکردنێک لە کەرەستەکانی ڕستەدا ڕوودات، نابێتە هۆی گۆڕانی ئەرک، بۆ نمونە:

١٤٧- أ- تابان کراسە کوردییەکەی دوری.

ب- کراسە کوردییەکە، تابان دوری.

دووەم/ ڕیزبوونی چەسپاو و نەگۆڕ: ئەو شێوە ڕیزبوونەیە، کە (هەر گۆڕانێک لە سنوری کەرەستەکان، یان لە سنوری گرێکاندا ڕوودات، دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەرکی سینتاکسی ڕستەکە و لێکدانەوەی واتای کەرەستەکان دەگۆڕێت.) (عەلی، ١٩٩٨: ١١)، بەمپێیە بە پێچەوانەی ڕیزبوونی ئازادەوە، بە هیچ جۆرێک ناتوانرێت کەرەستەکانی ڕستە جێگۆڕکێیان پێبکرێت و لە شوێنی خۆیان بجوڵێنرێت، بۆ نمونە:

١٤٨- ژنەکە منداڵەکەی بوو.

١٤٩- * منداڵەکە ژنەکەی بوو

لە ڕستەی (١٤٨)دا جیاواز لەوەی ئەرکی سینتاکسی (ژن) و (منداڵ) گۆڕاوە، هەروەها لەڕووی واتاوە ڕستەی (١٤٩) هەڵەیە و واتا ناڕاستە، کەواتە هیچ زمانێک ڕێگە بەم شێوە ڕیزبوونە واتا شێواو و نادروستە نادات. کەواتە پێڕەوبەندیی لە پەیوەندی واتایی ئاسۆییدا بەشێوەیەکە هەر کەرەستەیەک کەرەستەی پێش خۆی هەڵدەبژێرێت و لەڕووی واتا و ڕێزمانەوە لەگەڵ کەرەستەکانی دیکە دەیگونجێت، ئەمەش ئاستی ئاسۆیی ڕستە دەگرێتەوە.

## (٣/٢) پێڕەوبەندیی لە مۆرفۆسینتاکسدا:

مۆرفۆسینتاکس بریتییە لە نێوانە ئاستێکی وشەسازیی (مۆرفۆلۆجی) و ڕستەسازیی (سینتاکس)، هەروەها بە یەکەی نێوان هەردوو ئاستەکە دادەنرێت، ئەو مۆرفیمەیە، کە لە ئاستی سینتاکسدا ڕۆڵ دەبینێت، لەبەرئەوەی (مۆرفۆسینتاکس نواندنی ڕستەیە بە مۆرفیم.) (مەعروف، ٢٠٠٩: ٤٢)، کەواتە خۆی مۆرفیمە، بەڵام لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا ئەرکی خۆی بەجێدەهێنێت، لەبەرئەوەی (مۆرفۆسینتاکس زاراوەیەکی زمانەوانیی و ئاماژەکردنە بۆ پۆل و تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان، کە بە خستنەڕووی هەردوو پێوەرە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان جێبەجێدەکرێت.) ( Crystal, ١٩٩١: ٢٢٦)، کەواتە (مۆرفۆسینتاکس زاراوەیەکی زمانەوانی هەڵقوڵاوی بواری مۆرفۆلۆژی و سینتاکسە، واتە هەموو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجییانە دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکسییان، لە بارەکانی وەکو ناسراوکردن، ژمارە (تاک و کۆ)، ڕەگەز، تیایاندا هەیە، ئەم فۆرمانە بەگشتی مۆرفیمی بەندن.) (قادر، ٢٠٠٣: ١٤، ١٨)، هەروەها ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کار، یان بەرکار و کار لە چوارچێوەی سینتاکسدا، مۆرفۆسینتاکس دەنوێنێت،

لەمبارەیەوە (چۆمسکی گۆڕانکاری بەشە ئاخاوتنەکان بە دیاردەیەکی ڕێککەوتنی سینتاکتیکی دادەنێت و لە چوارچێوەی یاسای فرێز پێکهێناندا چارەسەریان دەکات، کە بریتییە لە:

S. ⟶ NP. + VP.

VP ⟶ Verb. + NP.) (Katamba, ١٩٩٣: ١٣)

واتە ئەگەر لەڕوانگەی ئەم بۆچوونەی چۆمسکییەوە، سەرنجی ئەم دوو ڕستەیە بدەین:

١٥٠- لیا شیرەکەی خواردەوە.

١٥١- * لیاکە شیر خواردەوە

١٥٢- کچەکە شیری خواردەوە.

ئەم سێ ڕستەیە جیاوازییەکی زۆریان هەیە، ڕستەی (١٥٠) ڕێزمان دروست و واتا دروستە، لەبەرئەوەی لەڕووی ڕێزمان و واتاوە ڕاستە، بەڵام ڕستەی (١٥١) لەڕووی ڕێزمان و واتاشەوە ناڕاستە، ئەم ناڕاستی و نەگونجانە بۆ چالاکی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (-ەکە) دەگەڕێتەوە، کە دەچێتە سەر بەرکارەکە و ناچێتە سەر بکەرەکە، کەچی لە نمونەی (١٥٢)دا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی (-ەکە) دەچێتە سەر بکەری ڕستە و ناچێتە سەر بەرکار، ئەمەش بە مەبەستی ڕێککەوتن و گونجانی هەردوو فرێزی ناوی و کارییە لە چوارچێوەی ڕستەدا، بە واتایەکی دیکە بکەر و بەرکار وەک بەشە ئاخاوتنێک ئاستی مۆرفۆلۆجییە و ئەو ئەرکانەش، کە دەینوێنن، ئاستی سینتاکس نیشاندەدات. لێرەوە پێرەوبەندیی لە مۆرفۆسینتاکسدا بریتییە لەوەی خۆی مۆرفیمێکە، بەڵام لە ئاستی سینتاکسدا ڕۆڵ دەبینێت، (گرێ و ڕستە)ش یەکەی ئاستی ڕستەسازییە، دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی دەق، کە لە ڕستە گەورەترە، لە چەند ڕستەیەک پێکهاتووە، ئەمەش پێرەوبەندیی بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە پەیوەستدەکات، لەبەرئەوەی هەموو یەکەیەکی بچوک پێکهێنەر و بەرهەمهێنەری یەکەی گەورەترە، کۆمەڵەی جێناوە لکاوەکانی (م، مان- ت، تان، ی، یان) لە بەرهەمهێنانی پرۆسەکەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن، لەم ڕوانگەیەوە (دروستەی ڕستەی ناوەکی لە جێناوی سفر و کارێکی ئاڵۆز، کە لە ڕەگی کار و نوسەکی بکەری (واتە جێناوی لکاوی بکەر)و نوسەکی بەرکاری و ئەسپێکت و لاگرەکان پێکهاتووە، بە دروستەی مۆرفۆسینتاکسی دادەنرێت.)(قادر، ٢٠٠٤: ٧٤)، کەواتە مۆرفۆسینتاکس پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی تێکچرژاوە، واتە (بە بەشداریکردنی مۆرفیمە وشەسازییەکان و ڕستەسازییەکان لە پێکهاتەیەکی ڕستەسازیدا، کە بەهۆی پەیوەندییە سینتاکسییەکانەوە بە یەکدییەوە بەستراون، ئەم ڕستەیە بە ڕستەیەکی ناوکەوتوو لەناویەکدا شکاوە ناودەبرێن.) (حەمەد، ٢٠١٣: ٧١)

بۆ نمونە:

١٥٣- من ئەوانم برد.. ......... بردمن. (مۆرفۆسینتاکس)

ئەم هێڵكارییە گۆڕانی ئاستی قوڵ بۆ ئاستی ڕوكەشی ڕستەی (١٥٣) دەردەخات.

من ئەوانم برد. (دروستەی قوڵ/ سەرەوە)

ئەوانم برد.

بردمن. (دروستەی ڕوكەش) (مۆرفۆسینتاكس)

هێڵكاریی ژمارە (٥)

گۆڕانی ئاستی قوڵ بۆ ئاستی ڕوكەشی ڕستەی (١٥٣)

١٥٤- من ئێوە دەبینم. (ڕستەی ئاسایی)

Pro ئێوە دەبینم.

t دەتانبینم. (مۆرفۆسینتاكس)

ئەم هێڵكارییە گۆڕانی ئاستی قوڵ بۆ ئاستی ڕوكەشی ڕستەی (١٥٤) دەردەخات.

من ئێوە دەبینم. (دروستەی قوڵ)

pro ئێوە دەبینم.

t دەتانبینم. (دروستەی ڕوكەش) (مۆرفۆسینتاكس)

هێڵكاریی ژمارە (٦)

گۆڕانی ئاستی قوڵ بۆ ئاستی ڕوكەشی ڕستەی (١٥٤)

لێرەدا ئەوەی دەردەكەوێت ئەوەیە، كە ڕستەی مۆرفۆسینتاكسی بەرهەمی دروستەی ڕوكەش (Surface Structure)ە، بەوەی (جێكەوتەكانی بەركار و تەواوكەر و سەربار و دیارخەر، كە لە دروستەی قوڵی ڕستەدا بە فرێزێكی ناویی یان جێناویی لەڕێی كەرەستە

فەرهەنگییەکانەوە دێنەئاراوە، بەهۆی یاسای گواستنەوەو و بە کلیتیککردن (Cliticization)، واتە جێگیرکردنی هەریەکەیان بە جێناوێکی لکاو و لکاندنیان بە بەشێکی ناو ڕستەکەوە، ئەم دروستەیە بەرهەمدێت، بەمشێوەیە:

دروستەی قوڵ (Deep Structure)

↓

a بجوڵێنە

↓

دروستەی ڕوکەش (Surface Structure).)     (برزۆ، ٢٠١٠: ١٣٠)

هێلکاریی ژمارە (٧)

یاسای گواستنەوەی دروستەی قوڵ بۆ دروستەی ڕوکەش

لەگەڵ ئەمانەشدا کلیتیکی بکەریی بەرهەمی دروستەی قوڵە، چونکە (لە فرێزی بکەرییەوە کەس و ژمارە و توخم ناگوێزرێتەوە بۆ ناو کارەکە، بەڵکو کارەکە خۆی کلیتیکی بکەری لە دروستەی قوڵدا هەیە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت لە شوێنی فرێزی بکەر، کەرەستەیەکی بەرجەستەنەکراو (pro) لە دروستەی قوڵی ڕستەدا دابنرێت، کە (pro) یەکێکە لە کەتیگۆرییە بەتاڵەکان و نیشانەی جێناوی هەیە.) (قادر، ٢٠٠٤: ٥٥)، بۆ نموونە:

١٥٥- ئانا ئێمە دەناسێت. (دروستەی قوڵ)

↓

Pro ئێمە دەناسێت.

↓

Trace   دەماننناسێت. (دروستەی ڕوکەش)

کەواتە ئەوەی پەیرەوبەندیی و تیۆری ڕێزمانیی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی چۆمسکی بە مۆرفۆسینتاکسەوە دەبەستێتەوە، ئەوەیە، کە هەمیشە ڕستە ئاساییەکان لە ئاستی قوڵدان، بەڵام کاتێک لە ئاستی قوڵەوە بۆ ئاستی ڕوکەش دەگوازرێتەوە، بە چەند گۆڕانکارییەکدا تێپەڕدەبێت، کە پەیوەستدەبێت بە یاساکانی گواستنەوە لە تیۆرە ڕێزمانییەکەی چۆمسکیدا، بۆ نموونە لێرەدا یاساکانی کورتکردنەوە و لابردن و جێگرتنەوە جێبەجێکراون.

## (٤/٢) پێڕەوبەندیی لە هاوواتادا:

هاوواتا یەکێکە لە پەیوەندییە واتاییەکانی زمان، کە (بریتییە لەوەی دوو وشە یان زیاتر، لە هەموو ڕوویەکەوە بەتەواوی هاوتا بن لەگەڵ یەکتر، هەروەها قسەپێکەرانی زمانیش بە هیچ شێوەیەک هەست بە جیاوازی نێوانیان نەکەن و بە سەربەستیش بتوانن لە هەموو دەوروبەرێکی زمانیدا ئاڵوگۆڕیان پێبکەن.)(عمر، ١٩٨٢: ٢٢٠)، بەو واتایەی لە هەموو لایەنەکانی واتای هۆشەکی و ویژدانی و دابەشبوونی وشەکاندا یەکسان و وەکیەک بن، هەروەها (هاوواتا ئەو وشانەن، کە لە واتادا یەکن و لە شوێنی یەکتر دەتوانن لە هەر دەوروبەرێکدا بێت، ئاڵوگۆڕبکرێن، بەمجۆرە دیاردەکە سنورێکی دیاریکراو و تایبەتی دەبێت.) (اولمان، ١٩٨٦: ١٢٤)، پێڕەوبەندیی لە وشە هاوواتاکاندا بەپێی یاسای تایبەت بە زمانەکە و واتا، وشەی هاوواتای وەک خۆی بۆ دەدۆزرێتەوە، کەواتە هەموو وشەیەک نابێت بە هاوواتا، بەڵکو پێویستە وشەکە لەڕووی واتاوە یەکسان بێت بە وشەکەی تر، لە هەر دەوروبەرێکیشدا جێی وشەکەی تر بگرێتەوە، ئەمەش وەک مەرجی هاوواتای تەواو، یان لەڕووی واتاوە نزیک لەیەکن، ئەمەش وەک مەرجی هاوواتای ناتەواو، پێڕەوبەندیی لە وشە هاوواتاکاندا بەشێوەیەکە، کە وشەکە تەنها یەک دانەیە، بەڵام چەندین لقی لێدەبێتەوە، کە لە ڕووی واتاوە پێکەوە هاوبەشن، کەواتە کاتێک بیر لە واتای وشەیەک دەکەینەوە، چەندین وشەی هاوواتامان دەستدەکەوێت.

هاوواتای تەواو یەکێکە لەجۆرەکانی هاوواتا، کە تێیدا ئەو وشانەی یەک واتای هاوبەشیان هەیە، دەتوانرێت لەبری یەکدیش بەکاربهێنرێت، بەهۆی ئەوەی وشەکان لە واتادا یەکسانن.

بۆ نمونە:

١٥٦- تورە = پەست = بێتاقەت

١٥٧- خەم = خەفەت = مەراق

واتای وشەش لە ڕستەدا ڕوندەبێتەوە، بۆ نمونە:

١٥٨- خەم کوشتمی.

١٥٩- خەفەت کوشتمی.

١٦٠- مەراق کوشتمی.

وشەکانی (١٥٨، ١٥٩، ١٦٠) (خەم، خەفەت، مەراق) لەبەرئەوەی لەڕووی واتاوە یەکسانن، هاوواتای تەواون، بۆیە هەر کام لە وشەکان دابنرێت، پەیامەکە دەگات، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی بوونی هاوواتا ئەوە بێت، کە زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە، لەڕووی بەرهەمهێنانی وشە و وشەکارییەوە، هەربۆیە بۆ هەر وشەیەک کۆمەڵێک وشەی هاوواتای بەرهەمهێناوە.

بۆ نمونە:

١٦١- داخ = حەیف = خەسار = مەخابن

له نمونەی (١٦١)دا دیاردەی هاوواتای تەواو دەبینرێت، بۆیە دەکرێت هەریەکەیان لەبری یەکێکی تریان دابنرێت، چونکە لەڕووی واتاوە یەکسانن و هەمان واتای یەکتریان هەیە.

بۆ نمونە: له ڕستەکانی:

١٦٢- داخم لێهات.

١٦٣- حەیفم لێهات.

١٦٤- خەسارم لێهات.

بەپێی تیۆری هۆشەکی (واتای وشە بریتییە لە کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوە.) (عمر، ١٩٨٢: ١٢٦)، کەواتە بەهۆی ئەو سیمایانەی وشە هاوواتاکان بەخۆیانەوە دەگرن، دەکرێت بڕیار لەسەر هاوواتاییان بدەین، بەوەی کە هەمان سیمای پێکهێنەریان هەیە، واتە ئەو سیمایانە لە هەردوو وشەکەدا وەک یەکن.

بۆ نمونە:

١٦٥- (کچ = کیژ

کچ

کیژ (سیماکانیان: + مرۆڤ، + مێ، ± هەراش، – شوکردن).) (عەلی، ٢٠١١: ٧١)

دەردەکەوێت هاوکات لەگەڵ ئەوەی وشەکان هاوواتای تەواون، پەیوەندی واتایی ستونیشی تێدا دەبینرێت، لەبەرئەوەی وشەکان لە باری ستونی شوێنی یەکتر دەگرنەوە، ئەمەش پێرەوبەندیی دەبەستێتەوە بە پەیوەندی واتایی ستونیی و تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە.

# بەشی سێیەم

# پێڕەوبەندیی لە ئاستی وشەسازیدا

## بەشی سێیەم/ پێڕەوبەندیی لە ئاستی وشەسازیدا:

### (١/٣) پێڕەوبەندیی لە ئاستی وشەسازیدا پەیوەست بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە:

ئاستی وشەسازیی ئاستێکی گرنگی زمانە، وشە لە ئاستی وشەسازیدا بایەخی زۆری هەیە، وشەسازیش بەشێکە لە زانستی زمانی تیۆریی، لە ڕوانگەی تیۆرە ڕێزمانییەکەی چۆمسکییەوە کاتێک وشە لە ئاستی قوڵەوە بەرەو ئاستی ڕوکەش هەنگاودەنێت، بە چەند گۆڕانکارییەکدا تێپەڕدەبێت، کە ئەوانیش بەهۆی یاساکانی بەرهەمهێنانی تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە ڕوودەدات، یاساکانیش بریتین لەمانە: (Stagaberg, ١٩٨١: ١٢١)، (Andrew carstairs-McCarthy, ٢٠٠٢: ٢٨ )

**یەکەم/ دارشتن (Derivation):** بریتییە لە لکاندنی مۆرفیمە بەندە دارشتنەکان بە بناغەی وشەکانەوە، بۆ نمونە پاشگرەکانی ناوی واتایی، بچوککراوە، خاوەنێتی، پاشگرە ڕێزمانییەکان، هەروەها پێشگرە ڕێزمانیی و وشەدارێژەکان، بۆ نمونە: پاشگرەکانی شوێن، کە بریتین لە: (-گە، -دان، -خانە، -ستان،...). بۆ نمونە:

١٦٦- خوێندن+ (- گە) ⟵ خوێندنگە

١٦٧- خانە+ (- دان) ⟵ خانەدان

١٦٨- کتێب+ (- خانە) ⟵ کتێبخانە

١٦٩- کورد+ (- ستان) ⟵ کوردستان

**دووەم/ لێکدان (Compounding):** بریتییە لە لێکدانی دوو وشە یان زیاتر، بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نویَ، ئەم یاسا و ڕێگایە زۆر چالاک و بەبەرهەمە، لەبەرئەوەی لێکدان تایبەتمەندییەکی گرنگی زمانی کوردییە، زمانی کوردی لە خودی خۆیدا ڕێگا بە لێکدان دەدات و ڕێگای بۆ خۆشدەکات. هەموو وشەیەکی لێکدراو لە دوو بەش پێکدێت، کەواتە یاسای دروستەی وشەی لێکدراو بریتییە لە پێڕەوبەندیی تێیدا، یاساکەش بەمشێوەیەیە: تەواوکەر+ سەری ڕێزمانیی.

سەرە ڕێزمانییەکانی وشەی لێکدراو کرۆکی وشە و حوکمکەری وشەکەیە، لەبەرئەوەی (لە زمانی کوردیدا ڕەگ و پێشناو و کات و کەس، سەری حوکمکەرن، جگە لەوانەش لە دروستەی فرێزەکاندا دیارخەر و ئاوەڵناو و ناو و جێناوە سەربەخۆکانیش سەری ڕێزمانین و دۆخ بە ناو دەدەن و کۆتایی وشە دەگرن.) (محەمەد، ٢٠٠٦: ٦٩)، چونکە لە زمانی کوردیدا زۆربەی کات لای چەپی وشە و ڕستە حوکمدەکات و لای ڕاست دۆخ وەردەگرێت، بەمپێیە (شامەرجی چۆمسکی ئەوەیە، کە هەموو ئارگۆمێنت داواکەرێک تەنها یەک دۆخ دەدات، ئارگۆمێنتەکانیش یەک دۆخ وەردەگرن.) (مەعروف، ٢٠٠٩: ٢٣). بۆ نمونە:

١٧٠- چاو + جوان ← چاوجوان (تەواوکەر+ ئاوەڵناو)

لە نمونەی (١٧٠)دا ئەگەر دروستەکە بە پێچەوانەی (تەواوکەر+ سەر)ەوە بێت، هەڵەیە، مەگەر ڕۆڵەکانیان بگۆڕینەوە، واتە بڵێین (تەواوکەر+ سەری واتایی)، وەک لە نمونەکانی (١٧١) تا (١٧٣)دا دەبینرێت، بۆ نمونە:

١٧١- ڕوناک + بیر ← ڕوناکبیر (ئاوەڵناو+ ناو)

١٧٢- ڕەش+ مار ← ڕەشمار (ئاوەڵناو+ ناو)

١٧٣- تەڕ+ ە + پیاز ← تەڕەپیاز (ئاوەڵناو+ مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی+ ناو)

کەواتە سەری ڕێزمانیی (ڕوناک، ڕەش، تەڕ) پێویستە لەلای چەپی وشەکەوە بن و دۆخ بە لای ڕاستی وشەکان (تەواوکەر) بدەن. یاسای هەندێک نمونەی دیکە بەمشێوازەیە:

١٧٤- سوێندخواردن (ناو+ ناوی کاریی)

١٧٥- دەستکرد (ناو+ قەدی کار)

١٧٦- پیاوکوژ (ناو+ ڕەگی کار)

١٧٧- * زانکۆ

نمونەی (١٧٧) لە ڕوی دروستەی ڕێزمانییەوە هەڵەیە، چونکە (زان-) ڕەگی کارە، واتە سەری وشەکە و (حوکمکەر)ە، بۆیە پێویستە لای چەپی وشەکە بگرێت، نەک سەرەتای وشە.

**سێیەم/ داهێنان (Invention):** بریتییە لە گۆڕینی واتای هەندێک وشە، بۆ بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ. بۆ نمونە:

١٧٨- گەڵا: سەد دۆلاری ئەمریکیی

١٧٩- دەفتەر: سەد گەڵا

**چوارەم/ گۆڕانی ناو یان ئاوەڵناوی هەندێک کەس بۆ ناوی گشتی(Antonomasia):**بۆ نمونە:

١٨٠- (عاشقە و ماشقە) لە بنچینەدا ناوی دوو مار بووە، بەڵام بۆ دەربڕینی خۆشەویستی نێوان دوو کەس بەکاردەهێنرێت.

١٨١- وشەی (بەکر مەرگەوەڕ) لە سەرەتادا ناوی مرۆڤێک بووە، بەڵام دواتر بووە بە ناوێکی گشتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی، کە دوو کەسی خۆشەویست لەیەکدەکەن.

**پێنجەم/ تێکەڵکردن (Blending):** بریتییە لە وەرگرتنی برگەی یەکەمی وشەیەک و لێکدانی لەگەڵ برگەی دووەمی وشەیەکی دیکەدا، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی وشەیەکی نوێ. بۆ نمونە:

١٨٢- ڕۆڤار ← ڕۆژنامە + گۆڤار

١٨٣- کۆمپیونێت ← کۆمپیوتەر + ئینتەرنێت

**شەشەم/ دەنگداریی (Echoism):** دووبارەبوونەوەی دیاردە دەنگییەکانە لەسروشتدا. بۆ نموونە:

١٨٤- ناڵە ناڵ، گرمە گرم، هاژە هاژ، جیکە جیک، لورە لور، زریکە زریک، قیرە قیڕ...هتد.

**حەوتەم/ دووبارەبوونەوەی مۆرفیم وەک خۆی (Doublication):** بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ. بۆ نموونە:

١٨٥- یەک یەک، هێواش هێواش، بەش بەش، زوو زوو،...هتد

دەکرێت بڵێین، یەکە بچوکەکانی زمان، یەکە گەورەکانی زمان دروستدەکەن، بەو واتایەی هەموو فۆنێم و بڕگەکانی ئاستی دەنگسازیی بۆ پێکهێنانی مۆرفیم کۆدەبنەوە، پاشان مۆرفیم بەسەر بڕگەدا دابەشدەبێت، بڕگەش بۆ دەنگ و فۆنیم جیادەکرێتەوە، بەمشێوەیە:

وشە

↓

مۆرفیم

↓

بڕگە

↓

دەنگ

↓

فۆنێم

هێڵکاریی ژمارە (٨)

دابەشبوونی وشە

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) مۆرفێم بە بچوکترین دانەی واتاداری زمان دادەنێت. (مارف، ١٩٧٧: ٢٣)، (محەمەد مەحویی)یش لەمبارەیەوە دەڵێت: (مۆرفێم دەتوانرێت بە گچکەترین پێکهێنەری پرواتای دەربڕاوی زمانیی دابنرێت.) (مەحویی، ٢٠١٠: ٧)، هەروەها (محەمەد

مەعروف فەتاح پێیوایە (هەموو کەرەستەیەکی ڕێزمانیی، شیدەکرێتەوە بۆ چەند دانەیەکی بچوک، کە پێیدەوترێت (مۆرفێم).) (فەتاح، ٢٠١١: ٨٤)، کەواتە مۆرفێم بچوکترین یەکەی زمانە، کە خاوەنی واتا بێت و لەوە زیاتر بچوکنەکرێتەوە، چونکە بە لەتکردنی بۆ پارچەی وردتر، واتاکەی دەشێوێت، هەموو مۆرفێمێکیش یان واتاگۆڕە، یان ئەرکی ڕێزمانیی هەیە.

بۆ نمونە:

١٨٦- شاخەوان (شاخ + ەوان) (- ەوان: مۆرفێمی واتاگۆڕە).

١٨٧- باخەکە (باخ + ەکە) (- ەکە: مۆرفێمی ڕێزمانییە).

لەگەڵ ئەمانەشدا مۆرفیم یەکەیەکی نادیاری ئاستی مۆرفۆلۆجییەو بەهۆی (مۆرف)ەوە ڕوندەبێتەوە و بەرجەستەدەکرێت، کەواتە کۆمەڵێک (مۆرف) کۆدەبنەوە بۆ نواندنی (مۆرفێم)، چونکە (مۆرفێم دانەیەکی ئەبستراکتە، (مۆرف)یش دانەیەکی کۆنکرێتییە.) (ساڵح، ٢٠١٢: ٩٩)

بۆ نمونە:

١٨٨- مۆرفی (چاو) لە هەریەکە لەم وشانەدا مۆرفێمی/چاو/ پێکدەهێنێت:

/چاوەزار/، /چاوشین/، /چاوپیس/، /دەموچاو/، /چاوەنوارِ/، ..هتد.

چاو (مۆرف) (ئاستی قوڵ)

↓

/چاوەزار/،/چاوشین/،/چاوپیس/،/دەموچاو/،/چاوەنوارِ/،...هتد (مۆرفیمی(چاو) (ئاستی ڕوکەش)

لێرەدا مۆرف بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە دەبەسترێتەوە، بەوەی لە ئاستی قوڵدا مۆرفی (چاو) یەک دانەیە، بەڵام کاتێک بۆ ئاستی ڕوکەش دەگوازرێتەوە، بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە، ژمارەیەکی زۆر مۆرفیم بەرهەمدێت، زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، مۆرفیم دانەیەکی سەرەکی ڕێزمانە، لە فۆنیم گەورەترە، هەرچەندە فۆنیم هەڵگری واتایە، بەڵام مۆرفیم خاوەنی واتایە، یان ئەرکی ڕێزمانیی هەیە.

مۆرفیمەکان لە ڕوی واتاوە سێ جۆرن:

**یەکەم/ پڕ واتا:** ئەوانەن لە خودی مۆرفیمەکاندا واتا هەیە، بە شێوەیەکی پڕاوپڕ ئەو واتایە دەگەیەنێت، مۆرفیمە سەربەخۆکان دەگرێتەوە.

بۆ نمونە:

١٨٩- بازرگان، خواردن، دار، دڵ،...هتد.

**دووەم/ خاوەن واتا:** ئەوانەن واتاکانیان گرانتر پەسەنددەکرێت، مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکان لەمجۆرەن.

بۆ نمونە:

١٩٠- مۆرفیمی /-یی/، کە مۆرفیمی بەندی وشەدارێژە، بۆ بەرهەمهێنانی ناوی واتایی، لە وشەکانی: /ئەدەبیی/،/کەرکوکیی/، /جوانیی/، ..هتد دا.

**سێیەم/ هەڵگری واتا:** ئەمانە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانن، کە ئەرکی ڕێزمانییان هەیە، لە چوارچێوەی ڕێزماندا ئەرکەکانیان جێبەجێدەکەن، دوو جۆرە: یەکەم/ ئەو مۆرفیمانەن، کە هەڵگری کۆمەڵێک نیشانەی واتایی وەک ( کەس، ژمارە، توخم)ن، دووەم/ ئەو مۆرفیمانەن واتا هەڵناگرن، بۆ نمونە: مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانی /s/ لە وشەی (reads)ی زمانی ئینگلیزیدا، کاتێک دەردەکەوێت بکەر کەسی سێیەمی تاکە، هەروەها /ە/ لە هەردوو وشەی (جلەبوک و بەردەنوێژ)دا، کە گۆکردنی ڕێزمانییان هەیە و ئەرکی ڕێزمانیی بەجێدەهێنن، چونکە لە هەردووکیاندا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانین، بەمپێیە مۆرفیم لە پێکهێنانی دانەی گەورەتردا بەشداریدەکات، کە (وشە)یە و لە مۆرفیم گەورەترە، لێرەوە دەتوانین بڵێین، وشە و مۆرفیم لە چەند خاڵێکدا جیاوازییان هەیە: (تەیب، ٢٠١٤: ٦٣-٧٣)

(١- مۆرفیم بچوکترین دانەی وشەسازییە و کەرت ناکرێت، بەڵام وشە بچوکترین دانەی ڕستەسازییە و کەرت دەکرێت.

٢- هەموو مۆرفیمێک وشە نییە، بەڵام هەموو وشە سەربەخۆکان مۆرفیمن.

٣- مۆرفیم بە سەربەخۆیی نابێتە زاراوە، بەڵام وشە دەبێتە زاراوە و ئیدیۆم.

٤- مۆرفیم لە فۆنیمێک یان زیاتر پێکدێت، بەڵام وشە لە مۆرفیمێک یان زیاتر پێکدێت.)

بۆ نمونە:

١٩١- (وشە) مۆرفیمی سەربەخۆیە و وشەیشە، بەڵام (وشەسازیی) وشەیە، لە هەر (سێ) مۆرفیمی (وشە + ساز+ یی) پێکهاتووە.

زمانەوانان هەریەکەیان بە شێوازێک و لە ڕوانگەی خۆیانەوە مۆرفیمیان بۆ چەند جۆرێک پۆلێنکردووە، بۆ نمونە فرۆمکین (Fromkin, ٢٠٠٣: ٧٢) بۆ پۆلێنکردنی مۆرفیمەکانی زمانی ئینگلیزی، ئەم هێڵکارییەی دروستکردووە:




هێڵکاریی ژمارە (٩)

جۆرەکانی مۆرفیم

کەواتە (فرۆمکین) لە ڕوانگەی واتا و ئەرک و شوێنەوە، جۆرەکانی مۆرفیمی بەم شێوازە ئاماژەپێداوە:

- بەپێی واتا:

١- مۆرفیمی سەربەست        ٢- مۆرفیمی بەند

- بەپێی ئەرک:

١- مۆرفیمی وشەداڕێژ        ٢- مۆرفیمی ڕێزمانیی

- بەپێی شوێن:

١- پێشگر        ٢- ناوبەند        ٣- پاشگر

نزیک لەم هێڵکارییە و لە زمانی کوردیدا (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر) دابەشکردنێکی گونجاویان بۆ مۆرفیمەکانی زمانی کوردی کردووە، کە تیایدا بەمشێوەیە دابەشکاریی بۆ مۆرفیم کردووە: (مۆرفیم لە زمانی کوردیدا دوو جۆرە: ئازاد و بەند، مۆرفیمی ئازاد (وشە سادەکان)ە، مۆرفیمە بەندەکانیش (گیرەک، بنکەی بەند، نووسەک)دەگرێتەوە، گیرەکەکانیش بەپێی ئەرکیان (وشەدارێژ و ڕێزمانیی) دەگرێتەوە، مۆرفیمە وشەدارێژ و ڕێزمانییەکان هەریەکەیان بەپێی ئەو شوێنەی، کە تێیدا جێگیردەبن دەبن بە (چوار) جۆرەوە: (پێشگر، ناوبەند، جوتەگر، پاشگر)، بەڵام لە زمانی کوردیدا مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان زۆربەی جار (پاشگر)ن، واتە دەکەونە کۆتایی وشە یان ڕەگەکانەوە، هەندێک جاریش (پێشگر)ن، بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر، نووسەکەکانیش بریتین لە (بەرگر، دواگر) (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٢٩)

هەندێک وشەمان هەیە لە زمانی کوردیدا پێیاندەوترێت (وشەی ئەرکیی/ وشەی ڕێزمانیی)، کە تەنها لە ڕێزماندا ئەرکیان هەیە، ئەمانە لە ڕیزی مۆرفیمە سەربەخۆکاندا ئەژماردەکرێن، ئەم وشانە (ئامرازەکانی بەستن، جێناوە سەربەخۆکان) دەگرێتەوە، بێگومان مۆرفیمەکان لەڕووی واتا و ئەرک و شوێنیانەوە جیاوازن، هەیانە واتاکەیان سەربەخۆیە، بۆیە پێیاندەوترێت مۆرفیمی سەربەخۆ، هەیانە واتاکەیان بەندە بە مۆرفیمێکی ترەوە، بۆیە بە مۆرفیمی بەند ناودەبرێن.

مۆرفیمەکان لەڕووی ئەرکەوە دوو ئەرک دەبینن:

یەکەم: ئەرکی دارشتن: واتە وشە سادەکان دەگۆڕن بۆ وشەی دارێژراو.

بۆ نموونە:

١٩٢- خۆش + ی. .................. خۆشی

وشەی سادە                وشەی دارێژراو

١٩٣- ساز + گە. ...................... سازگە

وشەی سادە                وشەی دارێژراو

دووەم: ئەرکی ڕێزمانیی: واتە وشەکان بار و حاڵەتی ڕێزمانییان بۆزیاددەبێت، وەک ناسراوی و نەناسراوی و کۆکردنەوە و جێناوی لکاو.

لە ڕوانگەی شوێنیشەوە، مۆرفیمەکان لە شوێنی جیاوازدا جێگیردەبن، هەندێکیان بەشی پێشەوەی وشەکان و هەندێکیان بەشی کۆتایی وشەکان یان ڕەگەکان دەبێتە شوێنیان، لەو شوێنانەدا دەبینرێن، ناوگریش لە زمانی کوردیدا بوونی نییە، جوتەگریش دەبێتە هۆی سازکردنی (وشەی ئاڵۆز)، چونکە لە هەردوو جەمسەری وشەکەوە (پێشگر و پاشگر) دەوری

مۆرفیمە سادەکە دەدەن، واتە دەکەونە ئەملا و ئەولای وشە سادەکەوە، لە وشەی سادەوە دەیگۆڕن بۆ وشەی ئاڵۆز.

## (١-١/٣) پێڕەوبەندیی لە مۆرفیمی سەربەخۆدا:

مۆرفیمی سەربەخۆ ئەو مۆرفیمەیە واتاکەی لە خودی خۆیدایە و پشت بە هیچ مۆرفیمێک، یان پاشگر و پێشگرێک نابەستێت بۆئەوەی واتا بگەیەنێت، چونکە (بەتەنیا وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت و وشەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنێت.) (ئەمین، ٢٠٠٩: ١١٨)، چونکە واتاکەی پەیوەستە بە خودی مۆرفیمەکەوە، سیما و نیشانەی سەرەکی ئەم مۆرفیمە ئەوەیە، کە بەتەنها دەتوانێت یەک وشە دروستبکات، دوو جۆرە:

یەکەم/ مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگیی (لێکسیکیی):

مۆرفیمە سەربەخۆ فەرهەنگییەکان ئەو وشانەن (بە شێوەی سەربەخۆ و ڕاستەوخۆ و بەبێ وەرگرتنی هیچ پێشگر و پاشگرێک واتا دەبەخشن.) (ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ١٤٠)، کاتێک ئەم مۆرفیمانە دەبینین لە نووسیندا دەبینین، یان لە ئاخاوتندا دەیانبیستین، لە بیرماندا واتاکانیان لێکدەدەینەوە، بەمەش دەتوانین بڵێین مۆرفیمی سەربەخۆ واتایەکی هۆشەکی هەیە، بۆ نمونە: (دار، جوان، دڵ، کچ، منداڵ،...هتد)، ئەمجۆرەی مۆرفیم لە زانستی زماندا بە (مۆرفیمی ڕیشەیی) ناودەبرێت، چونکە خاوەنی واتای سەربەخۆی خۆیانن.

(کەوسەر عەزیز ئیبراهیم) لە پێناسەی ئەمجۆرەی مۆرفیمدا دەڵێت: (ئەوەیە لە شێوەی وشەیەکی سەربەخۆدا دەبینرێت یان بەتەنیا دێت.) (ئیبراهیم، ١٩٩٠: ٢٧)، ئەمجۆرەی مۆرفیم بۆیە پێیاندەوترێت (لێکسیکی)، چونکە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا تۆمارکراون و بوونەتە ناوی کەرەستە بەرجەستە و نابەرجەستەکانی سروشت، لە هەمان کاتدا پێویستیان بە هیچ شتێکی دیکە نییە، تا واتاکانیان ڕوونبکاتەوە، لە بەکارهێنانیشدا سەربەستن، هەربۆیە مۆرفیمە بەندەکان پێیانەوە دەلکێن، بۆ ئەوەی وشەی دیکە پێکبهێنن، هەروەها قورسایی خستنەسەر وەردەگرن، واتە ئەو هێزەی لەکاتی دەربڕینیاندا دەکەوێتەسەریان، چونکە یەکەیەکی زمانیی پڕواتان. بۆ نمونە: (ڕەشە) ناوە، کورتکراوەی ناوی (ڕەشید)ە، مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگییە، هەروەها هێز واتە قورسایی کەوتۆتە سەر فۆنیمی کۆتایی وشەکە، واتە (ە)، (ڕەشە) کەواتە ئەم مۆرفیمە بەتەنیا لەڕستەدا هەڵدەکەوێت و واتای تایبەتی خۆی هەیە، وشەی سادە لەمجۆرە مۆرفیمەن، لە ژمارەی بڕگەدا جیاوازن، بۆ نمونە: مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی یەک بڕگە: کەو، ژن، دڵ،...هتد، دوو بڕگەیی: شەوبۆ، زمان، کوردی،...هتد، سێ بڕگەیی: ئەستێرە، ئاوێنە، بانیژە،...هتد.

مۆرفیمی سەربەخۆ بە پێڕەوبەندییەوە دەبەسترێتەوە، ئەویش لەو کات و ژینگەیەدا، کە مۆرفیمێک جێی ڕستەیەک بگرێتەوە، بە مەبەستی ئابوریکردن، بۆ نمونە:

١٩٤- أ- کێ شوشەکەی شکاند؟

ب- من.

ئەم مۆرفیمەی، کە بە مۆرفیمی سەربەخۆ ناسراوە، لەڕوی شێوە و پێکهاتن و واتاوە سەربەخۆن، (کاتامبا) پێیوایە (مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی (لێکسیکی) (ڕەگ)ە، واتە کرۆکی نەگۆڕی وشەیە، ئەو ڕەگەی، کە هیچ شتێکی پێوە نەنووسابێت.) (خدر، ٢٠١٠: ٤٥)، بۆ نمونە: (گوڵەکانمان) کە لە (٤) مۆرفیم پێکهاتووە، تەنها وشەی (گوڵ) مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگییە، مۆرفیمەکانی دیکە (ەک، ان، مان) مۆرفیمی بەندی ڕێزمانین، بەمشێوەیە:

| ١٩٥- گوڵ | + | ەک | + | ان | + | مان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مۆرفیمی سەربەخۆی | | مۆرفیمی بەندی | | مۆرفیمی بەندی | | مۆرفیمی بەندی |
| فەرهەنگی | | ناسراوی ڕێزمانی | | کۆی ڕێزمانی | | جێناوی لکاوی ڕێزمانی |
| ڕەگ | | | | گیرەکی ڕێزمانی | | |

دووەم/ مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکیی:

مۆرفیمە سەربەخۆ ئەرکییەکان، کە جۆرێکی مۆرفیمی سەربەخۆن، ئەرکی ڕێزمانییان هەیە و پەیوەندییە ڕێزمانییەکان جێبەجێدەکەن، لە ئامڕازەکانی لێکدەریشدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەندێکیان بەر وشەی سەربەخۆ دەکەون، بۆ نمونە: (بەڵام، ئەگینا، کەچی، ئەمجا، دەنا)، ئەمانە لەڕووی شێوەوە سەربەخۆن، بەڵام بە تەنها واتادار نین، مۆرفیمە سەربەخۆ ئەرکییەکان ئەو وشانەن (ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دیاردەی واقیعییەوە نییە و سەربەخۆ ناتوانن وەک ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن، بەڵکو ڕۆڵیان یارمەتیدانی وشە تەواوەکانە.) (مارف، ٢٠٠٤: ٧٢)، ئەم مۆرفیمانە لەبەرئەوەی لەڕووی چەندێتی و ژمارەیانەوە، بەدەگمەن وشەی دیکەیان بۆزیاددکرێت، پێشیاندەوترێت (پۆلی داخراو)، بۆ نمونە: ئامرازەکان و جێناوە سەربەخۆکان.

ئامرازەکان (سێ) جۆرن، بۆ نمونە: ئامڕازەکانی (لێکدان، گەیاندن، پەیوەندی)، جێناوەکانیش جۆراوجۆرن، بۆ نمونە: جێناوی کەسیی سەربەخۆ، جێناوی خۆیی، جێناوی پرس، ئامڕازەکان یان مۆرفیمەکانی لێکدان زۆر گرنگن بۆ لێکدانی ڕستەکانی زمان، واتە هیچ ئامڕازێکی لێکدان بەتەنیا لەدەرەوەی ڕستەیەک بەکارنایەت، چونکە شوێنی ئامڕازە لێکدەرەکان ڕستەیە، بۆ نمونە: ئامڕازەکانی (و، یان، بەڵام، ئینجا،...هتد)، بەمەش دەکرێت بڵێین جێناوەکانی پرس و لێکدان، هەروەها جێناوی سەربەخۆ و جێناوی خۆیی مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکین و ئەرکیان لە ڕێزمان و ڕستەدایە، چونکە لە چوارچێوەی ڕستەدا ئەرکی ڕێزمانی بەجێدەهێنن، (جێناوی نیشانە)یش بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک یان شتێکە.

ئەوەی جێناوەکان بە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان وگواستنەوەوە دەبەستێتەوە، ئەوەیە، کە یاسای جێگۆڕکێی تێدا جێبەجێدەکرێت، کە یەکێکە لە یاساکانی گواستنەوەی تیۆرەکە، بۆ نمونە جێناوی خۆیی (م) لە ڕۆڵی (تەواوکەری ناو)دا جێی خۆی دەگۆڕێت، بەتایبەتی لەگەڵ کاری ڕابردوودا نیشانەی بکەر لە کارەکە دەبێتەوە، وەک لە نمونەی (١٩٦)دا، ئەم جێگۆڕکێیەی نیشانەی بکەر، شوێن بە جێناوی خۆیی (یت) لەقدەکات و وای لێدەکات بەرەو دواوە بچێت، وەک لە نمونەی (١٩٧)دا دەبینرێت، ئەمەش تایبەتمەندییەکی زاری سلێمانییە، بۆ نمونە:

١٩٦- دڵت شکاندم.

١٩٧- دڵم شکاندیت.

هەر لەبارەی جێناوە سەربەخۆ و خۆیی و نادیارەکانەوە (کە سەر بە مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکین و ئەرکەکانیان لە ڕستەدا ڕووندەبێتەوە)، دەکرێت بوترێت، کە یاسای لابردن (کە یەکێکە لە یاساکانی گواستنەوەی تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان وگواستنەوە)، ڕۆڵێکی گرنگی لە بەستنەوەی جێناوەکان بە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە هەیە، لەو کاتانەدا کەرەستەیەکی زیادە لە ڕستەکەدا هەیە، بە لابردنی کارناکاتە سەر لایەنی واتا، بۆ نمونە:

١٩٨- أ- من خۆم نامەکەم بۆنوسی. (ئاستی قوڵ)

ب- من نامەکەم بۆ نوسی. (ئاستی ڕوکەش)

١٩٩- أ- تۆ وەرە. (ئاستی قوڵ)

ب- وەرە. (ئاستی ڕوکەش)

٢٠٠- أ- تۆ بڕۆ. (ئاستی قوڵ)

ب- بڕۆ. (ئاستی ڕوکەش)

٢٠١- أ- شیرین هیچ کەسێک نابینێت. (ئاستی قوڵ)

ب- شیرین کەس نابینێت. (ئاستی ڕوکەش)

٢٠٢- * شیرین هیچ نابینێت (واتە نابینایە.)

## (٣/١-٢) پێڕەوبەندیی لە مۆرفیمی بەنددا:

### (٣/١-٢-١) پێڕەوبەندیی لە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیدا:

مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی ڕێزمانیی لەناو ڕستەدا هاتونەتە ئاراوە، واتە (لە چوارچێوەی ڕێزماندا کاردەکەن و پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان وشەکان

دەردەبڕن.) (خدر، ٢٠١٠: ٥٢)، هەموو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان گیرەکن، لە فەرهەنگدا ئامادەکراون، واتاکانیان سەربەخۆ نییە، لە چوارچێوەی ڕستەدا، ئەرکی ڕێزمانی بەجێدەهێنن، (ئەبوبەکر عومەر قادر) لەبارەی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانەوە پێیوایە (وشەگۆڕەکان (گیرەکی ڕێزمانیی)، بەندن بە حوکمی ڕەفتاری ڕستەسازییەوە و ڕۆڵی ڕێکخستنی پەیوەندیی ڕستەیی کەرەسەکان دەنوێنن.) (قادر و...، ٢٠١٠: ١٢٥)، پەیوەندییەکی ئاشکرا لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەدا هەیە، ئەم پەیوەندییەش مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان ڕێکیدەخەن، بۆ نمونە پەیوەندی نێوان بکەر و بەرکار، بکەر و کار، بەرکار و کار،...هتد، مۆرفیمی بەند ئەو مۆرفیمەیە بە یارمەتی وشەکانی تری زمانەکە، واتاکانیان بەرجەستەدەبێت، لەبەرئەوەی هەرگیز وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێت و دەبێت لەگەڵ مۆرفیمێکی دیکەدا بەکاربێت، وەک: (- ەکە، - ان، نە-.. ..هتد)، بۆنمونە: پیاوەکە، کوڕان، نەڕۆیشت، بۆ نمونە:

٢٠٣- خانووەکەتان: خانوو + ەکە + تان

| | | |
|---|---|---|
| مۆرفیمی سەربەخۆی | مۆرفیمی بەندی | مۆرفیمی بەندی |
| فەرهەنگی | ناسراوی | خاوەنێتی |
| بناغە (وشە) | گیرەک | |

مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی پێشیدەوترێت مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕ، ئەو جۆرەی مۆرفیمە، کە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ڕستەسازییەوە، ئەم مۆرفیمە دەچێتە پێکهاتەی فۆرمی وشەوە، بەڵام ئەرکەکەیان ئەرکێکی ڕستەییە، وەک مۆرفیمەکانی ناسراویی، نەناسراویی، کۆ، بانگهێشت لە ناودا دەگرێتەوە، هەروەها مۆرفیمەکانی پەیوەست بە فۆرمی کار، وەک: کات، کەس، ڕوکار(ئەسپێکت)، گۆڕینی توانای کار(تێپەڕی، تێنەپەڕی)، بۆ نمونە:

٢٠٤- کوڕ. ....... کوڕەکە

کوڕێک

کوڕان

کوڕینە

٢٠٥- پور. ...... پوریَ

٢٠٦- فرۆشتبام. ..... فرۆشتبێتم

دەتوانین بڵێین پێشگر و پاشگرەکان هەندێک تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە، لەوانە:

یەکەم: هیچ کاتێک کۆمەڵێک ئەفێکس بەتەنیا وشە دروستناکەن، چونکە هیچ کامیان بەتەنیا ئەو واتایەی نییە، کە لەگەڵ مۆرفیمی سەربەخۆدا هەیانە، بۆ نمونە:

٢٠٧- ەکە + ان = * ەکان

مۆرفیمی بەندی ناسراویی مۆرفیمی بەندی کۆ

دووەم: پێشگر و پاشگرەکان بەگشتی (سنوریان دیاریکراوە و ژمارەیان زیادناکرێت و سەر بە پۆلە داخراوەکانی زمانن.) (قادر، ٢٠٠٢: ٢٣)، واتە لەڕووی ژمارەوە کەمن، هەرچەندە ئەم ژمارە کەمییەیان ڕێگری لەوە ناکات بەبەردەوامی بەکاربهێنرێن لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا.

سێیەم: پێشگر و پاشگرەکان لەبەرئەوەی سەربەخۆ نین، واتە مۆرفیمی بەندن، بۆیە نابنە وەڵام بۆ ڕستەی پرسیاریی، بۆ نمونە:

٢٠٨- کەی هاتیت؟

* ەکە

وەڵامی ڕستەی پرسیاری دەبێت مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادار بێت، بۆئەوەی وەڵامێکی تەواوی پرسیارەکە بداتەوە، مۆرفیمە بەندەکانیش واتایان بەندە بە مۆرفیمە سەربەخۆکان یان ڕەگەکانەوە، بۆیە مۆرفیمی بەند (ئەفێکس) ناتوانێت وەڵامی ڕستەی پرس بداتەوە.

چوارەم: پێشگر و پاشگرەکان لە مێشکدا وێنەی هۆشەکییان نییە، بەو واتایەی لە دەرەوەی زمان دانەیەک نییە بەرامبەریان بوەستێت، بەڵکو بەهۆی ئەرکە ڕێزمانییەکانەوە دەناسرێنەوە، بۆ نمونە:

٢٠٩- وانەکە دەخوێنین.

مۆرفیمی بەندی ناسراویی

٢١٠- گوڵەکە بچێنە.

مۆرفیمی کاری داخوازیی

مۆرفیمی بەند لە ڕوی دارشتنەوە سێ جۆرە، کە ئەمانەن: ناوگر، بنکەی بەند/ ڕەگ، کلیتیک، مۆرفیمی بەند(گیرەک) ڕاستەوخۆ بە بنکەی وشە (ڕەگ)ەوە دەلکێن. واتە لە بەشی پێشەوەی مۆرفیمە سادەکان یان کۆتایی مۆرفیمە سادەکان و لە مۆرفیمە سادەکان گیردەبن و پێیانەوە دەنوسێن، کەواتە شوێنیان تا ڕادەیەک دیاریکراوە، هەندێک لە مۆرفیمە بەندەکانیش (نووسەک)ن، کە بە وشەوە نالکێن، بەڵکو بە گرێوە دەنووسێن، واتە بەپێی شوێنی (بنکە، بناغە) دەتوانێت شوێنی خۆی بگۆڕێت، ئەمەش لەگەڵ یاساکانی ڕێزمانی گواستنەوەی چۆمسکیدا یەکدەگرێتەوە، کە بریتییە لە کورتکردنەوە و ڕێکخستنەوە و جێگۆڕکێ، بۆ نمونە:

٢١١- پارەکەم برد. (بە بەرکارەوە نووساوە.)

٢١٢- بردم. (بە کۆتایی کارەوە نووساوە.)

٢١٣- دەمکڕی. (بە مۆرفیمی ڕوکارەوە نوساوە.)

٢١٤- نەمدەکڕی. (بە مۆرفیمی نەرێکردنەوە نوساوە.)

٢١٥- زۆرم خوارد. (بە ڕادەوە نوساوە.)

٢١٦- لێم سەند. (بە ئامرازی بەندەوە نوساوە.)

پێڕەوبەندیی لە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیدا لەوەدایە، کە دەتوانێت بە (بنکە، بناغە)یەکەوە بنوسێت، کە نووسەک واتە تریشی تێدابێت، بەو واتایەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک سێ تا چوار نوسەک بەدوای یەکدا دێن، بەتایبەتی کاتێک مۆرفیمەکانی (ناسراوی و کۆ و جێناوە لکاوەکان) دەچنە لای یەکەوە، ئەمەش مۆرفیمە بەندەکان بە دیاردەی پێڕەوبەندیی و یاسابەندییەوە دەبەستێتەوە، لەبەرئەوەی یاسا و ڕێسا بۆ مۆرفیمە بەندەکان دادەنێت، بەپێی یاساکە، مۆرفیمە بەندەکان بەپێی ڕیزبەندیی خۆیان لەچوارچێوەی ڕستەدا دێن.

بۆ نمونە:

٢١٧- من پەرتوکەکانی ئەوانم خوێندەوە.

من پەرتوکەکان یان م خوێندەوە.

| ەک | ان | یان | م | ەوە |
|---|---|---|---|---|
| ناسراوی | کۆ | جێناوی لکاوی خاوەنێتی | بکەر | دووبارەبوونەوە |

ئەم دیاردەیە لە گیرەکدا نابینرێت، بۆ نمونە:

٢١٨- کورد + ستان = کوردستان

ناگونجێت بڵێین:

٢١٩- کوردستان + چی= * کوردستانچی

هەندێک جار بە گیرەک دەوترێت (لاگر)، مەبەست ئەوەیە، (لایەکی وشەکە دەگرێتەوە، یان بەشی پێشەوەی، واتەپێشگر، یان بەشی دواوەی، واتە پاشگر.) (عەول، ٢٠١٠: ٣١٥)، بۆ نمونە:

٢٢٠- دار ەکە

وشە لاگر/ گیرەک

بناغە پاشگر(لای چەپ)

٢٢١- بە        جەرگ

لاگر/ گیرەک  بناغە

پێشگر(لای ڕاست)

بنکەی بەند (بناغە): ئەو یەکە زمانییەیە یان ئەو مۆرفیمە بەندەیە، کە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی مۆرفیم لە هەردوو جۆری ڕێزمانی و وشەداڕێژ، بۆ نمونە:

٢٢٢- بەسۆز ⟵ بە + سۆز

م.ب.وشەداڕێژ   بنکە، بناغە(سەربەخۆ)

٢٢٣- ناکەم ⟵ نا + کە + م

م.ب. ڕێزمانی   ڕەگ(بەند)   جێناوی لکاو

نمونەی مۆرفیمە بەند (گیرەک)ە ڕێزمانییەکان زۆرە، دەتوانین پۆلێنیان بکەین بۆ سێ جۆر:

یەکەم: ئەو مۆرفیمانەی تایبەتن بە ناو: (دزەیی، ٢٠١١: ٤٧)

أ- هەر (سێ) مۆرفیمی بەندی ناسراویی، نەناسراویی، کۆکردنەوە: بۆ نمونە: گوڵەکە، گوڵێک، گوڵان

لێرەدا دوو یاسا و پێڕەو هەن، کە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی بە پێڕەوبەندییەوە گرێدەدات، یەکێکیان ئەوەیە ئەگەر ناوێک واتە (بناغە)یەک مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی (ناسراویی و کۆکردنەوە)ی بەیەکەوە بخرێتەسەر، ئەوا مۆرفیمی ناسراویی، پێش مۆرفیمی کۆکردنەوە دەکەوێت، بەمشێوەیە:

٢٢٤- گوڵ+ ەکە + ان ⟵ گوڵەکان

دووەمیشیان ئەوەیە ئەگەر ناوێک مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (نەناسراویی و کۆکردنەوە)ی بەیەکەوە بخرێتەسەر، ئەوا مۆرفیمی کۆکردنەوە، پێش مۆرفیمی نەناسراویی دەکەوێت، بەمشێوەیە:

٢٢٥- گەنج+ ان+ ێک ⟵ گەنجانێک

ب- مۆرفیمی بەندی بەستنەوە (خستنەسەر):

دەرخراو+ مۆرفیمی بەندی بەستنەوە ⟵ گرێی ناویی، بۆ نمونە:

٢٢٦- باب + ێ + ئەو ⟵ بابێ ئەو (کرمانجی ژوروو)

٢٢٧- دایک + ی + من ⟵ دایکی من (کرمانجی خواروو)

ت- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی دۆخ و توخم:

دۆخ بریتییە لە کەتیگۆرییەکی ڕێزمانیی، کە لە پەیوەندی وشەکان و ڕیزبوونیان لە چوارچێوەی ڕستەدا دەبینرێت، واتە (دۆخەکە یان پەیوەندی بە فۆرمی مۆرفۆلۆجییەوە هەیە، یان لەمیانەی ڕیزبوونی کەرەستەکان لەڕستەدا پەیوەندییە سینتاکسییەکانی پێکهاتووە سینتاکسییەکان ڕێکدەخات.) (مەعروف، ٢٠٠٩: ٦)، هەروەها دۆخ ئەو گۆڕانکارییەیە، کە (بەهۆی پەیوەندی سینتاکسیی فریزی ناوییەوە بە (سەر)ە حوکمکەرەکەیەوە لە ڕستەدا، لە کۆتاییەکەیدا دەردەکەویت.) (باتنی، ١٩٩٣: ٦٢)، ئەوەی گرنگە لە دۆخدا ئەوەیە، کە (دۆخ سیستەمێکی نیشانەکراوی پەیوەندیدارە بە ناو یان جێناوەوە، کە پەیوەندی نێوان بەشەکانی تری فریز دیاریدەکات.) (ئەحمەد، ٢٠٠٦: ٤٥)، لە شێوە نووسینی فەرمی شێوەزاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، دۆخ فۆرمێکی تایبەت بە خۆی نییە، بەڵام لە سنوری پارێزگای هەولێر ئەو فۆرمانەی دۆخ دەبینرێن، لە شێوەی مۆرفیمدا گوزارشت لە دۆخە جیاجیاکان دەکەن، بۆ نمونە:

٢٢٨- سێوە بزنێ دۆشی. (شێوەئاخاوتنی دانیشتوانی (دۆڵی ڕۆستێ)ی دەڤەری (باڵەکایەتی))

مۆرفیمی دۆخی بەرکاری (ئەکۆزەتیڤ)

دۆخی ڕێزمانی ئاماژە بە فۆرمە جیاوازەکانی فریزی ناوی و هەندێک جاریش ئاماژە بۆ جۆرە پێکهێنەرەکانی تر دەکات، کە (پشت بە ئەرکی ڕێزمانی فریزەکە دەبەستێت، ئەم (سێ) ئەرکە دەگرێتەوە:

یەکەم/ نۆمینەتیڤ (Nominative): ئەو دۆخەیە، بە بکەر دەبەخشرێت، بۆ نمونە:

٢٢٩- ئەوین پشیلەکەی شۆرد.

دۆخی بکەریی

دووەم/ ئەکۆزەتیڤ (Accusative): ئەو دۆخەیە، دەدرێتە پاڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ، بۆ نمونە:

٢٣٠- ژین هاوڕێکەی بینی.

دۆخی بەرکاریی

سێیەم/ داتیڤ (Dative): ئەو دۆخەیە، بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەدرێت.) (والی، ٢٠١٥: ١١-١٣)، بۆ نمونە:

٢٣١- ئایە بە دەست نامەکەی نوسی.

دۆخی پێشناویی

ئەم نمونانەش بەڵگەن بۆ یاساکەی چۆمسکی، کە لە ڕۆڵی بابەتانەدا خستویەتیەڕوو، ئەویش بریتییە لە(هەر ئارگۆمێنتێک یەک و تەنها یەک ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرێت و هەر ڕۆڵێکی بابەتانەیش بە یەک و تەنها یەک ئارگۆمێنت دەدرێت.) (والی، ٢٠١٥: ١٩)

مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی توخمیش بۆ نمونە: (-ێ) بۆ ڕەگەزی مێ، (-ە) و (-ۆ)یش بۆ نێر، بۆ نمونە:

٢٣٢- عەیشێ، کچێ، ژنێ، خەجێ، پورێ،. ..هتد.

٢٣٣- أ/ خاڵە، مامە، کاکە، کورە،. ..هتد.

ب/ بابۆ، کورۆ، شێرۆ، نەهرۆ،. ..هتد.

دووەم: ئەو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییانەی بۆ (ئاوەڵناو) زیاد دەکرێن، کە بریتین لە: (-تر)، (-ترین)، تایبەتن بە پلەی بەراورد و پلەی باڵای ئاوەڵناو، بۆ نمونە:

٢٣٤- باش+ تر ⟵ باشتر (ئاوەڵناوی پلەی بەراورد)

٢٣٥- جوان+ ترین ⟵ جوانترین (ئاوەڵناوی پلەی باڵا)

سێیەم: ئەو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییانەی تایبەتن بە (کار)، واتە دەخرێتە سەر(کار) یان لەپێشەوە یان لە دواوە، ژمارەیەکی زۆرمان لەم جۆرە مۆرفیمانە هەیە، کە هەریەکەیان ئەرکێکی ڕێزمانی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نمونە:

٢٣٦- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کاتی ڕابردوو، کە ئەمانەن: (- ت، - ا، - وو، - د، - ی)، بۆ نمونە: (هات، کولا، چوو،  برد، سڕی)

٢٣٧- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی نەرێکردن، کە ئەمانەن: (نە-، نا-، نی-، مە-)، بۆ نمونە: (نەکڕی، ناخۆم، نییە، مەهێنە)

٢٣٨- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (- ر) بۆ کاری بکەرنادیار، بۆ نمونە: (نووسرا، دەوترێ)

٢٣٩- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (-ن) ی ناوی کاریی: بۆ نمونە: کڕی + ن ⟵ کڕین

٢٤٠- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (ب-) ی کاری داخوازی، بۆ نمونە: بچۆ، ببە

٢٤١- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (-اند)ی کاری تێپەڕ، بۆ نمونە: کولا+ اند ⟵ کولاند

دەکرێت بڵێین فۆرمە جیاوازەکانی ڕێزمانیی وشە، ئەم جۆرەی مۆرفیمی بەند (ڕێزمانیی) دروستیدەکەن، واتە شێوەی ڕێزمانیی جیاواز دەبەخشن بەو وشەیەی پێوەی دەنووسێت، لەبەرئەوەی (مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی واتایەکی گراماتیکی و فۆرمێکی نوێی ڕێزمانیی بە وشەکە دەبەخشێت.) (Radford, ١٩٩٧: ٢٩)

٢٤٢- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی(-ەوە)ی دووبارەبوونەوە: بۆ نموونە: گرتن + ەوە ⟵ گرتنەوە

٢٤٣- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی (دە-)ی بەردەوامی کاری ڕانەبردوو: بۆ نموونە: دەهێنم، دەفرۆشم.

٢٤٤- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی جۆرەکانی کاری ڕابردوو: بۆ نموونە:

ڕابردووی دوور، وەک : خست + بوو ⟵ خستبوو

ڕابردووی بەردەوام، وەک : دە + ناسی ⟵ دەناسی

ڕابردووی نزیک (تەواو)، وەک : فڕی+ وە ⟵ فڕیوە، کرد+ ووە ⟵ کردووە

ڕابردووی دانانی، وەک: ب+ خوارد+ ایە ⟵ بخواردایە

ئەوەمان بۆدەردەکەوێت هەموو مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانیی ئەرکێکی دیاریکراوی خۆی هەیە و، هیچ مۆرفیمێک نییە بێ ئامانج و مەبەست بێت و، ئەرک و پێویستییەک نەیهێنابێتە مەیدانی ڕستە و ڕێزمانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەمان لەبیربێت (وشەکانی زمان لەناوخۆیاندا پەیوەندی هەمیشەییان هەیە، ئەو وشانەی فرێز و ڕستە پێکدەهێنن، پەیوەندی ئاشکراو دیاریکراویان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، وشەکان بەپێی یاسا و ڕێسا و دەستورەکانی ئەو زمانە دەچنە پاڵ یەک و ڕستە پێکدەهێنن، مەبەستی دیاریکراو دەگەیەنن.) (مارف، ١٩٧٧: ٣٣)

مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی ناوازەیە، کە ئەم تایبەتمەندییانە، مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان بە پێرەوبەندییەوە دەبەستێتەوە، هەندێکیان ئەمانەن:

یەکەم: واتای فەرهەنگیی ناگۆڕێت، بەڵکو تەنها واتای ڕێزمانیی دەگۆڕێت، چونکە (بەشە ئاخاوتنی بناغە ناگۆڕێت، واتە بناغەکە پێش وەرگرتن و دوای وەرگرتنی مۆرفیمەکە لە هەر بەشە ئاخاوتنێک بێت، وەکو خۆی دەمێنێتەوە.) (Scalise, ١٩٨٦: ١١٢)، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| ٢٤٥- چاو (ناو) | چاوەکە، چاوێک، چاوان | (ناو) |
| ٢٤٦- چاک (ئاوەڵناو) | چاکتر، چاکترین | (ئاوەڵناو) |
| ٢٤٧- هات (کار) | هات، نەهات، نایەت، هێنرا، دەهێنرێ | (کار) |

دووەم: ژمارەیان بە بەراورد بە مۆرفیمی وشەدارێژ کەمە، بەڵام ئەرکیان لە ڕێزماندا زۆرترە، واتە (لەڕووی بەکارهێنانەوە لە وشەدارێژەکان چالاکترن، چونکە بەردەوام بەکاردەهێنرێن.) (Akmajian, ١٩٩٧: ٣٧)

سێیەم: مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی ناهێڵێت لەدوای خۆی مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ بێت، واتە مۆرفیمی وشەدارێژ پێش مۆرفیمی ڕێزمانیی دەکەوێت و مۆرفیمە ڕێزمانییەکە وشەکە

دادەخات.) (قادر، ٢٠١٢: ١١/٢٠)، ئەمەیش مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی بە پێڕەوبەندییەوە دەبەستێتەوە، بۆ نمونە:

٢٤٨- چاپ + ەمەنی + ەکە + ان ← چاپەمەنییەکان

مۆرفیمی وشەدارێژ — مۆرفیمی ناسراویی — مۆرفیمی کۆ

چوارەم: مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ ڕێگەی جیاکردنەوەی بەشە ئاخاوتنەکانە لە یەکتری، واتە دەتوانین مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان بکەین بە (سێ) کۆمەڵەوە، کە هەریەکەیان تایبەتن بە (ناو) و (ئاوەڵناو) و (کار)، هەر مۆرفیمێک ئەرکێکی دیاریکراوی تایبەتی هەیە. (قادر، ٢٠١٢: ١١/٢٠)

پێنجەم: مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان (تایبەتن بە ڕستەسازییەوە، دەلکێن بە چوار دەوریانەوە.) (حەمەد، ٢٠١٣: ٥٦)، واتە بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ چوار دەوریدا ئەرکە ڕێزمانییەکەی بەجێدەهێنێت.

شەشەم: زیاتر لە یەکێکیان بە دوای یەکدا دێن و هەریەکەیان ئەرکێکی ڕێزمانیی تایبەتی پێسپێردراوە. (حەمەد، ٢٠١٣: ٥٦)، بۆ نمونە:

٢٤٩- خوشک + ەک + ان + م ← خوشکەکانم

ناو — مۆرفیمی ناسراوی — مۆرفیمی کۆ — جێناوی لکاو

گیرەکی ڕێزمانی

حەوتەم: مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان ناونیشانێکی خۆیان هەیە، واتە پێش ئەوەی لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا ببینرێن، پێشبینی سنوری ئەرکەکانیان دەکرێت. (حەمەد، ٢٠١٣: ٥٦)

کەواتە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانیش ئەرکی ڕێزمانیی جێبەجێدەکەن، هەروەها گرنگی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان زۆر زیاترە لە ڕادەی چالاکی مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکان لە نووسین و ئاخاوتنی ڕۆژانەی مرۆڤدا، هەرچەندە ژمارەی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان بە بەراورد بە مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکان کەمترە، بەڵام لەبەر پێویستی مرۆڤ بە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان، ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بایەخ و پێویستی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوردیدا دەردەخات، هەروەها مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی بە پێڕەوبەندییەوە گرێدەدات.

### (٢-٢-١/٣) پێڕەوبەندیی لە مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژدا:

ئەو جۆرەی مۆرفیمی بەندە، کە دەچنە پێش یان پاش وشە و مۆرفیمە سەربەخۆکانەوە، لەڕووی واتاوە واتای فەرهەنگی مۆرفیمە سەربەخۆکان دەگۆڕن و واتای نوێیان پێدەبەخشن، لەبەرئەوەی لە فەرهەنگدا کاردەکەن و ئەرکیان داڕشتنی وشەی نوێیە بەرامبەر چەمک و دیاردەی نوێ، پێشگر و پاشگرەکان پێویستی سەرەکی هەموو زمانێکن، چونکە (هەرچەندە ڕەگی وشە واتای سەرەکی وشە هەڵدەگرێت، بەڵام هیچ زمانێک ئەو توانایەی نییە تەنیا بە ڕەگ و وشەی سادە، مەبەست دەرببڕێت.) (مارف، ١٩٧٧: ٣١)

ڕەگی وشە و وشە سادەکانی زمان پێویستیان بە پێشگر و پاشگر هەیە، تا بتوانن هەزاران وشە دروستبکەن و واتا و مەبەستە جیاوازەکان دەرببڕن، پێشگر و پاشگرەکان بەتەنیا واتایان نییە، واتاکانیان کاتێک دەردەکەوێت، لەگەڵ وشەی سادەدا یەکبگرن، ئەم پرۆسەیە سوودی دوولایەنەی تێدایە:

یەکەم: سودێکی بۆ پێشگرو پاشگرەکان ئەوەیە، واتاکانیان لەوکاتەدا بەدیدێت، کە لەگەڵ وشە سادە و سەربەخۆکاندا یەکدەگرن و وشەی نوێ و واتای نوێ دروستدەکەن.

دووەم: سودێکی تریشی بۆ وشە سادەکانی زمانە، کە لەبەر پێویستی و مەبەستە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، زمان پێویستی بە وشەی نوێ هەیە، کە بەهۆی ڕەگ یان وشەی سادە و پێشگر و پاشگرەکانەوە دروستدەبن و پێویستییەکانی ڕۆژانەی زمانەکە پڕدەکەنەوە، ئەگەر ئەمە نەبێت ڕەگ یان وشە سادەکان بەتەنها خۆیان ناتوانن هەموو واتا و مەبەستەکان دەرببڕن، لەبەرئەوەی (زمانی کوردی بەڕێگای ئاوێتەکردن زۆرینەی وشەکانی پێکدێنێت، جا بە لێکدانی دوو فۆرم بێت یان بە ئاوێتەکردنی فۆرمێک یان زیاتر، لەگەڵ گیرەکەکاندا.) (فەتاح و...، ٢٠٠٦: ٤١)، هەردوو سوودەکە یەکانگیردەبێت لەگەڵ تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنانەوە.

دەکرێت بڵێین مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، چونکە مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان کەرەستەی زمانیی چالاک و بە بەرهەمن، ئەرکیان گۆڕینی واتای فەرهەنگی وشە سادەکانی زمانە، چونکە (زمان لە کارکردنیدا ئەرکی هەمەجۆر بە کەرەسەکانی دەسپێرێت و ئەوەش ڕێگایەکە لەناو خودی زماندا سەرچاوەدەگرێت، کە چالاکانە زۆربەی مۆرفیمەکانی بە چەشن و جۆرەکانیەوە خستۆتەگەڕ، لەپێناو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەیدا، ئەم ئەرکەش بەپێی بەرهەمداری مۆرفیمەکانە.) (عەلی، ٢٠١٤: ٢١٠)، بۆ نموونە: مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان کاتێک بە مۆرفیمە سەربەخۆکانەوە دەلکێنرێن، چەندین واتای نوێ لە بەشەکانی ئاخاوتنی زماندا پێکدەهێنێت، چونکە کارکردنیان لە چوارچێوەی یەکەی واتای فەرهەنگیدا دەبێت، واتە واتای نوێ

بەرهەمدەهێنێت و بەشە پۆلی ڕێزمانی وەک (ناو، ئاوەڵناو، جێناو، ئاوەڵکار)ی وشەکان دەگۆڕێت و وشەی نوێی لێدروستدەکرێت.

کەواتە واتای وشە داڕێژراوەکان جیاوازە لە واتای وشە سادەکان، ئەویش بەهۆی جیاوازیی واتای مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان، لە هەمان کاتدا مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان بەپێی پێویستی و لەسەر بنەمای زمانەکە پەیدابوون، لەبەرئەوە بەتەنها خۆیان بایەخیان نییە، (بە شێوەیەکی سەربەخۆ کارناکەن، کاتێک دەچنە سەر وشە دەتوانن ڕۆڵی گرنگیان هەبێت لە بەرهەمهێنانی وشەدا، بۆیە ئەگەر بە جیا بنووسرێن، بەڕاست دانانرێن.) (عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ٢٨)

مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان بەپێی ئەو شوێنەی تێیدا جێگیردەبن (پێشگر و پاشگر)ن، پێشگر دەکەوێتە بەشی پێشەوەی وشە، وشەکە لەڕووی فۆرم و واتاوە دەگۆڕێت، واتە پێشگرەکە دەبێتە هۆی گۆڕینی شێوەی وشەکە لە وشەی سادەوە بۆ وشەی داڕێژراو، هەروەها واتای وشە سادەکەش دەگۆڕێت، چونکە هەریەکە لە مۆرفیمە بەندەکان، واتە مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان واتایەکیان هەیە، پاشگریش ئەو مۆرفیمەیە، بە کۆتایی بناغەی وشەوە دەلکێت، دەبێتە هۆی گۆڕینی وشە لەڕووی فۆرم و واتاوە، لێرەدا (مۆرفیمە گرنگەکە (پاشگر)ەکەیە، چونکە وشەکە بەهۆی ئەوەوە دەگۆڕێت و لە فۆرمێکی نوێ و واتایەکی نوێدا خۆی دەنوێنێت.) (فەخری، ١٩٧٣: ٢٣٩).

مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان لەبەر پێویستی زمان و مەبەست و ئەرکی تایبەت بە زمان دێنە ئاراوە، واتە بۆ دەربڕینی واتا و مەبەستە زۆر و جۆراوجۆرەکان، وا پێویستدەکات، کە بەهۆی پێشگر و پاشگرەوە ڕوخسار و ناوەڕۆکی وشە سادەکان بۆ وشەی داڕێژراو بگۆڕێن، ڕەگی وشە و وشەی سادە بەیاریدەی پێشگر و پاشگر دەتوانن سەدان وشە دروستبکەن و سەدان واتا و مەبەست دەرببڕن.

مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان جۆراوجۆرن، پێشگرەکان ئەمانەن: (هەڵ-، دا-، ڕۆ-، لێ-، تێ-، پێ-، ڕا-، بێ-، بە-....هتد)، ئاڕاستەی ئەم مۆرفیمە بەند (پێشگر)انەش دەتوانین بڵێین کە (سێ) ئاڕاستەیە، بەمشێوەیە: (فەخری و. ...، ١٩٨٢: ١٣١-١٣٩)

یەکەم: ئەو مۆرفیمە بەند (پێشگر)انەی واتا و ئاڕاستەکانیان بۆ سەرەوەیە ( ↑ ): مۆرفیمی بەندی (هەڵ-) دەگرێتەوە، بۆ نمونە: هەڵچوو، هەڵفڕی، هەڵکرد، هەڵخست، هەڵکشا، هەڵکەوت،...هتد. (بە سەرنجدان لە وشەی (هەڵکەوت)، دەردەکەوێت، کە دوو واتای هەیە: ١- واتای بۆ سەرەوە: بۆ نمونە: کابرا هەڵکەوت. ٢- واتای بۆ خوارەوە: بۆ نمونە: منداڵەکە قاچی لە بەردەکە هەڵکەوت.)

دووەم: ئەو مۆرفیمە بەند (پێشگر)انەی واتا و ئاراستەکانیان بۆ خوارەوەیە ( ↓ ): مۆرفیمەکانی (دا-، ڕۆ-) دەگرێتەوە، بۆ نمونە: داگرت، داڕوخا، داخست، ڕۆکرد، ڕۆچوو، ڕۆنا،. ..هتد.

سێیەم: ئەو مۆرفیمە بەندە (پێشگر)انەی (واتای بێلایەن)یان هەیە و ئاراستەی کارەکان (ئاسۆیی)ن، واتە دەگونجێت بەهۆی چوارچێوەی دەقەکە یان وشەکانی ترەوە، واتای باش یان خراپ بگەیەنن، ئەمەش مۆرفیمە بەندەکانی (پێ- تێ- لێ- ڕا-) دەگرێتەوە، بۆ نمونە: پێگەیشت، تێکەوت، لێسەند، ڕاهێنا...هتد، مۆرفیمە بەندە پاشگرە وشەدارێژەکانیش بەپێی واتاکانیان دەکرێن بە (چوار) کۆمەڵەوە: (ناوی شوێن، ناوی پیشە، ناوی واتایی، ناوی بچووککراوە) (قادر، ٢٠٠٢: ٤١-٥٠)

سەبارەت بە ناوگر (گیرەکێکە لە ناوەڕاستی وشەیەک یان بەشێکی جێگیردا دەگیرسێتەوە، بە دەربڕینێکی تر، کەوتنە ناو بناغەی وشەیە.) (غەریب، ٢٠١٢: ٨٣)، ناوگر لە زمانی کوردیدا بوونی نییە، هەرچەندە هەندێک شارەزا و زمانەوان چەند نمونەیەکیان هێناوەتەوە وەکو بەڵگەیەک لەسەر بوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا، بۆ نمونە:

(٢٥٠- بوردن - بواردن (ا)

٢٥١- شەق - شەبەق (بە)

٢٥٢- ئاسار – ئاسەوار (وە). ) (محەمەد، ١٩٧٦: ٧٨-٨٣)

به وردبوونەوە لە نمونەکان ئەوە دەردەکەوێت، لە ئێستای زمانی کوردیدا ناوگر ناچالاکە، واتە ناتوانرێت لە مۆرفیمی (شەبەق)ەوە مۆرفیمێکی تر دروستبکرێت، دەکرێت لەڕووی مێژوویی یان زاری کۆمەڵایەتییەوە لە نمونەکان بکۆڵرێتەوە، چونکە (لە ژینگەی تردا بە هەمان واتا یان بۆ هەمان ئەرک دووبارەنابنەوە و وەک دیاردەیەکی ناوازە دێنەبەرچاو، کەواتە وەک پاشماوەی کۆن و دیاردەی مێژوویی دادەنرێت، هەروەها ناوگر دەبێت ئەرکی هەبێت، یان واتا بگۆڕێت، بەڵام لەو وشانەدا بێ مەبەست و بێ ئەرکن.) (فەتاح و...، ٢٠٠٦: ٣٥)، کەواتە پێدەچێت گۆکردنی جیاوازی یەک وشە بن، بەپێی زاری کۆمەڵایەتی یان ناوچەیی، نمونەکان دەستوورێکمان پێنادەن بۆ ناوگر، بەڵکو بەرێکەوت دروستبوون، باشترین لێکدانەوە بۆتێگەیشتن لە دیاردەی ناوگر، زمانی عەرەبییە، چونکە زمانی عەرەبی یەکێکە لە زمانە سامی و حامییەکان، بۆ نمونە: (کتب ← کاتب).

مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکان چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە، ئەمانە هەندێکیانن:

یەکەم/ مۆرفیمی وشەدارێژ کاتێک دەچێتە سەر وشە، واتای هۆشەکی وشەکان دەگۆڕێت. (مەحویی، ٢٠١٦: ٤٧)، بۆ نمونە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥٣- | دایک | + | ایەتی | = | دایکایەتی |
| | وشەی کۆنکریتی | | مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ | | واتای هۆشەکی نوێی ئەبستراکت |

دووەم/ پۆلی وشە دەگۆڕێت، واتە ئەگەر وشەکە پێش ئەوەی مۆرفیمە وشەدارێژەکانی بچێتەسەر، ناو بێت، ئەوا دوای وەرگرتنی مۆرفیمەکە بەشە ئاخاوتنەکەی دەگۆڕێت و دەبێت

بە ئاوەڵناو، یان جۆرێکی تری هەمان بەشە ئاخاوتن، واتە( (بەشە پۆل)ی وشەکە دەگۆڕێت.) (Scalise, ١٩٨٦: ١٠٣)، بۆ نموونە:

٢٥٤- بە + سۆز ← بەسۆز

مۆرفیمی وشەدارێژ ناو ئاوەڵناو

سێیەم/ وشە نوێکە دەچێتە فەرهەنگەوە. (Fromkin, ١٩٨٨: ١٣٢)، بۆ نموونە:

٢٥٥- منداڵ + ۆچکە ← منداڵۆچکە

ناو مۆرفیمی وشەدارێژ ناوی بچووککراوە (وشەی نوێ)

چوارەم/ (ژمارەیان زۆرە، بەڵام بەکارهێنانیان بە شێوەیەکە بە بەراورد بە ژمارەیان کەمتر و سنور دیاریکراوە.) (حەمەد، ٢٠١٣: ٥٧)، واتە زۆر چالاک نین.

پێنجەم/ کارکردنی مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکان بەپێی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانە، بەڵام (ئەوانەی ناوی بچووککراوە دادەرێژن، بەکارهێنانیان ئارەزوومەندانەیە، واتە مرۆڤ سەرپشکە، ناوە سادەکە بەکاربهێنێت، یان وشە دارێژراوەکە.) (Fattah, ١٩٩٩: ٣٨)، بۆ نموونە:

٢٥٦- من دەمەوێت باخ بکرم. (بەکارهێنانی هەر یەکێکیان (باخ) و (باخچە) ئارەزوومەندانەیە).

باخچە

دەکرێت بڵێین مۆرفیم بەگشتی ئەرک و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، واتە هەریەکەیان لە شوێنی خۆیاندا، بەپێی یاسای ڕێزمانیی بەکاردەهێنرێت، گرنگی مۆرفیمە سەربەخۆکان لەوەدایە، وشەکانی فەرهەنگ پێکدەهێنن، گرنگی مۆرفیمە بەندەکانیش ئەوەیە، ڕۆڵی گەورە لە دارشتنی وشەی نوێی زمانەکەماندا دەبینن، واتە مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکان وشە سادەکانی زمان بۆ وشەی دارێژراو دەگۆڕن، ئەمەش بایەخ و پێویستی مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکان لە زمانی کوردیدا دەردەخات، هەروەها مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ بە پێڕەوبەندییەوە گرێدەدات.

## (٢/٣) پێڕەوبەندیی لە مۆرفۆفۆنیمدا:

مۆرفۆفۆنیم، کە (وەک یەکەیەکی نێوان هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی دەبینرێت، دیارە ئاستەکانی زمان تێکچڕژاو و بەیەکداچوون و بەئاسانی لێک جیاناکرێنەوە، بە شێوەیەک کەرەستەی هەر ئاستێک بخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، لەوکاتەدا ئاستەکانی تر ئامادەی لێکۆڵینەوەکان دەبن.) (محیدین، ٢٠١٣: ١٥٧)، لێکدابڕینی ئاستەکان بۆ ناسینەوەی هەر ئاستێکە، چونکە زمان بەگشتی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ناکرێت، لەبەرئەوەی هەر ئاستێک کۆمەڵێک یاسا

و کۆتوبەندی خۆی لە پێڕەوکردنیاندا هەیە، لە پێڕەوبەندیی لە مۆرفۆفۆنیمدا، فۆنیمێک ڕۆڵ و گرنگییەکەی لە ئاستی فۆنۆلۆجییەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆجی دەگوێزرێتەوە، چونکە فۆنیمەکە خۆی لە ئاستی فۆنۆلۆجیدایە، بەڵام لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا ڕۆڵ دەبینێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی مۆرفۆفۆنیم بە پێڕەوبەندیی و تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە پەیوەستبێت.




هێڵکاریی ژمارە (١٠)

مۆرفۆفۆنێم

یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەلۆمۆرف، کە هۆکاری فۆنۆلۆجییە، (دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی مۆرفۆفۆنیم، کە ژینگەی فۆنۆلۆجی کاریگەریی هەیە لەسەر دروستبوونی.) (ماریۆ پای، ١٩٩٨: ١٠٧)، بۆ نمونە:




هێڵکاریی ژمارە (١١)

مۆرفۆفۆنیمی (–ەکە)

## (٣/٣) پێڕەوبەندیی لە ئەلۆمۆرفدا:

مۆرفیم یەکەیەکی نەبینراوە، بەهۆی مۆرفەوە دەناسرێتەوە، (هەندێک مۆرفیم زیاتر لە یەک مۆرفیان هەیە، بەپێی شوێنیان لە وشە و ڕستەدا، کە پێیاندەوترێت (ئەلۆمۆرف).) (حەمەد، ٢٠١٣: ٣٨)، بۆ نمونە: مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک لە کاری ڕابردوو و ڕانەبردوودا خاوەنی شوێنی خۆیانن، بەڵام لە ئەرکدا هاوبەشن، کە لەم نمونەیەدا ڕونکراوەتەوە:

٢٥٧- ئەلۆمۆرف

↓

مۆرف

↓

ی     Ø     ات     ێت

هێڵکاریی ژمارە (١٢)

ئەلۆمۆرفی جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک

دەتوانین بڵێین لێرەدا پێڕەوبەندیی پەیوەست بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە جێبەجێدەکرێت، ئەویش بەوەی لە ئاستی قوڵدا یەک ئەلۆمۆرفی کەسی سێیەمی تاک بۆ کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو هەیە، بەڵام کاتێک ئاستی قول بۆ ئاستی ڕوکەش دەگوێزرێتەوە، ژمارەی ئەلۆمۆرفەکانی کەسی سێیەمی تاک بۆ چوار دانە زیاددەکات، بۆ نمونە لە کاری ڕابردوودا مۆرفیمی(-ی) بۆ کەسی سێیەمی تاک بەکاردێت، کاتێک کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت، بۆ نمونە:

٢٥٨- هێنا. ...... هێنای

مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک

بۆ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ، مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک دەبێت بە (Ø)، بۆ نمونە:

٢٥٩- چوو Ø

مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک

بۆ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ، مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک دەبێت بە (ات، ێت)، بۆ نمونە:

٢٦٠- خوارد. ...... دەخوات

مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک

٢٦١- مرد. .......... دەمرێت

مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک

(محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر)یش لەبارەی ئەلۆمۆرفەوە پێیانوایە (کۆمەڵە مۆرفێکە، کە گوزارشت لە مۆرفیمێکی دیاریکراو دەکات.) (فەتاح و...، ۲۰۰٦: ۱۷)

بۆ نموونە:

٢٦٢- ئەلۆمۆرف

↓

مۆرف

↓

| /ان/ | /ەها/ | /گەل/ | /وات/ | /هات/ | /جات/ | /ات/ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کوڕان | ساڵەها | مێگەل | سەوزەوات | دێهات | میوەجات | باخات |

هێڵکاریی ژمارە (۱۳)

ئەلۆمۆرفی کۆ

زۆرجار (چەند شێوەیەکی مۆرف لە یەک مۆرفیمدا کۆبوونەتەوە و پێیاندەگوترێت: (ئەلۆمۆرف)، بۆ نموونە: مۆرفیمی ناسراویی (-ەکە) بە چەند شێوەیەکی تر دەردەبڕدرێت بەپێی ژینگەکەی دەگۆڕێت بۆ(-کە، -وکە، -یکە، -ک، -ە).) (دزەیی، ۲۰۱۳: ۳۷)، کەواتە ئەلۆمۆرف (شێوە جیاجیاکانی مۆرفیمە بە بە دەربڕینی جیاواز.) (عەلی، ۲۰۱٥: ۷۷)، ئەلۆمۆرف لە زمانی کوردیدا بە چەند هۆکارێکی زمانییەوە بەندە، کە بریتین لە:

یەکەم/ هۆکاری فەرهەنگیی: لێرەدا (وشەکە خۆی ئەو بارە هەڵدەبژێرێت.)، وەک مۆرفیمی (نوێ)، کە لەم سێ شێوە ئەلۆمۆرفەدا دەبینرێت، پێشیدەوترێت: (ئەلۆمۆرفی ناوێزە).

بۆ نموونە:

٢٦٣- نوێ

| نوێ | نەو | نۆ |
|---|---|---|
| نوێکار | نەوبەهار | نۆجەژنە |

هێڵکاریی ژمارە (١٤)

ئەلۆمۆرفی (نوێ)

دووەم/ هۆکاری ڕێزمانیی: لەم جۆرەدا (دەوروبەری ڕێزمانیی دەبێتە هۆی دروستبوونی.) (سەلیم، ٢٠١٢: ٧٣)، وەک گۆڕینی (لە، بە) بۆ (لێ–، پێ–، تێ–)، بۆ نمونە:

٢٦٤– لێکدانی (لە + ئەو) م گرت. دەبێتە: لێمگرت، تێمگرت.

٢٦٥– لێکدانی (بە + ئەو) م دا. دەبێتە پێمدا.

سێیەم/ هۆکاری فۆنۆلۆجی: هۆکاری دروستبوونی ئەمجۆرە، ژینگەی فۆنۆلۆجییە، واتە بەهۆی یاساکانی (لابردن (توانەوە)، کەمکردنەوە (کورتکردنەوە)، گۆڕین)ەوە ڕوودەدات، بۆ نمونە:

٢٦٦– ئەلۆمۆرف

↓

مۆرف

↓

| ەکە | کە | ۆکە | ێکە | ک | ە |
|---|---|---|---|---|---|
| گوڵەکە | براکە | خانۆکە | قاپێکە | چراکان | کچە |

هێڵکاریی ژمارە (١٥)

ئەلۆمۆرفی ناسراویی (–ەکە)

چوارەم/ هۆکاری شێوەزاری جیاواز: ئەمەشیان (لە ئەنجامی جیاوازی شێوەزارەکانەوە دروستدەبن.) (سەلیم، ٢٠١٢: ٧٤)، بۆنمونە: (ەوە، وە) لە شێوەزاری ناوەڕاست، (ەڤە، ڤە) لە شێوەزاری کرمانجی ژوروو، کە هەموویان ئەرکی (دووپاتکردنەوە) دەبینن، کە هاوکات لەگەڵ بوونی شێوەزاری جیاواز، بۆ دوو هۆکاری گرنگی دیکەش دەگەڕێتەوە، کە بریتین لە (سازگەی دەنگەکان، ئابوریکردن).

# بەشی چوارەم

# پێڕەوبەندیی لە ئاستی دەنگسازیدا

## بەشی چوارەم/ پێڕەوبەندیی لە ئاستی دەنگسازیدا:

### (١/٤) پێڕەوبەندیی لە ئاستی دەنگسازیدا پەیوەست بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە:

پێڕەوبەندیی لەئاستی دەنگسازیدا بەگشتی بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە پەیوەستە، چونکە تیۆرەکە لە دوو کۆمەڵەیاسا دروستبووە، یاساکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، ڕێزمانی بەرهەمهێن ئاستی ڕوکەشی زمان بەرهەمدەهێنێت و ڕێزمانی گواستنەوەیش ئاستی ڕوکەش دەگۆڕێت بۆ ئاستی قوڵ، لە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا بە کەمترین کەرەستە (یاسا و ڕێسا) زۆرترین بەرهەم (ڕستە) بەرهەمدێت، واتە بەرهەم زۆرترە لە کەرەستە، دەکرێت بڵێین ڕستە لە چەند وشەیەک بەرهەمدەهێنرێت، وشەیش لە چەنددەنگێک پێکدێت، کەواتە پێکهاتەکانی زمان دوو ئاڕاستەیین، لە پێکهاتەی بچوکەوە بۆ گەورە، یان لە پێکهاتەی گەورە (ڕستە)وە بۆ بچوک (دەنگ)، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی چۆمسکی (ڕستە)ی بە چەقی زمان داناوە، زیاتر ئاڕاستەی دووەمی پەسەندکردووە، واتە لە ڕستەوە بۆ دەنگ.

لە ڕوانگەی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکییەوە، دەکرێت بڵێین هەموو دەنگەکانی زمانی کوردی شیدەکرێنەوە بۆ پێکهاتەکانیان، کە بریتییە لە فۆنیم، فۆنیمیش پێکهاتە بچوکەکانی دەنگەکانن، بەمشێوەیە:

٢٦٧- دەنگ (پێکهاتەی گەورە)

↓

فۆنیم (پێکهاتەی بچوک)

لێرەدا دەکرێت پێکهاتە گەورەکە، کە بریتییە لە (دەنگ) بە ئاستی قوڵی دابنێین، پێکهاتە بچوکەکەیش، کە بریتییە لە (فۆنیم) بە ئاستی ڕوکەشی دابنێین، لەبەرئەوەی چۆمسکی لە تیۆرەکەیدا ئاماژە بە دوو ئاست دەکات، کە ئەوانیش (ئاستی قوڵ/ Deep Structure) کە واتا دەنوێنن و (ئاستی ڕوکەش/ Surface Structure)ەو دەنگ دەنوێنێت، لەم ڕوانگەیەوە (چۆمسکی ئاستی قوڵ و ئاستی ڕوکەش بەم شێوازە لەیەک جیادەکاتەوە، ئاستی ڕوکەش ئەو ئاستە دیار و ڕونەیە، لە بەدوای یەکداهاتنی ئەو دەنگانەوە دروستدەبن، کە لەلایەن قسەکەرەوە دەردەچن، ئاستی قوڵیش ئەو یاسا ڕێزمانییانە دەگرێتەوە، کە ئەم بەدوای یەکداهاتنە بەرهەمدەهێنێت.) (لیونز، ١٩٨٥: ١٥٩)، بەمپێیە لە ئاستی قوڵدا واتا ڕەنگدەداتەوە و گرنگترین شتە، لە ئاستی ڕوکەشیشدا دەنگ ڕۆڵ و کاریگەریی سەرەکی هەیە، چونکە بە بۆچونی چۆمسکی (ئاستی قوڵ تەنها ئاستێکی ڕەهایە و هەموو پەیوەندییە ڕێزمانییەکان و

ئەرکەکانی پێکهاتە و زانیارییە واتاییەکان لەخۆدەگرێت، کە بۆ شیکردنەوەی وشە و ڕستەکان و هەموو ئەگەرەکانی بەکارهێنانیان پێویستن، ئاستی ڕوکەشیش ئەو ئاستە ڕواڵەتییەیە، کە لە بوارێکدا و لە زنجیرەیەکی ئاسۆییدا بەکاردەهێنرێت، کە خەسڵەتی دەنگیی یان نووسینیان لەخۆگرتبێت، هەربۆیە هەموو ئەو پێکهاتە فۆنۆلۆجییانە لەخۆدەگرێت، کە بۆ شرۆڤەکردنی دەنگ پێویستن.) (نحله، ١٩٨٨: ٦٠)، بەمشێوەیە:

-٢٦٨ ئاستی قوڵ ← واتا

ئاستی ڕوکەش ← دەنگ

ئاستی ڕوکەش چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە ئەوانیش (یەکەم ڕۆنانی بەرهەمهاتووە لە یاسا سینتاکسییەکان، تاکە بواری دانانی فەرهەنگییە، واتا لەخۆدەگرێت، بە یارمەتی یاساکانی گواستنەوە، دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی سەرەوە.) (حسێن، ٢٠١٣: ١٢)، لە کاتی دەربڕینی پەیامدا ڕستەکانمان لە ئاستی قوڵدا ئامادەیە، پاشان بە قۆناغی گواستنەوەدا تێپەڕدەکات، تا دەگات بە ئاستی ڕوکەش، لەم نێوەندەدا چەندین گۆڕانکاریی ڕوودەدات، ئەوانیش بریتین لە: لابردن، گۆڕین و شوێن گرتنەوە، فراوانبوون، کورتکردنەوە،زیادکردن، دووبارە ڕێکخستنەوە، بێگومان هیچ کام لەم گۆڕانکارییانە هەڕەمەکی و لەخۆوە نییە، بەڵکو بەپێی یاسا و ڕێسایە، (محەمەد مەعروف فەتاح) لەمبارەیەوە پێیوایە (پێڕەوی دەنگیی زمان بریتییە لەوەی لەو هەموو دەنگە جۆراوجۆرانەی، مرۆڤ دەتوانێت بەرهەمیانبهێنێت، ئاخێوەری زمان سود لە ژمارەیەکی زۆر کەمیان وەردەگرێت و بەکاریدەهێنێت، لەناو ئەو دەنگانەشدا ژمارەیەکی کەمتریان لەیەکدەدرێن، بۆ ئەوەی واتا دروستبکەن، بۆ نمونە: لەناو ئەو دەنگانەی لە سروشتدا هەن، زمانی کوردی (٣٧) دەنگیان لێهەڵدەبژێرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو لێکدانێکی ئەو دەنگانەش نابێتە هۆی بەرهەمهێنانی واتا.) (فەتاح، ٢٠١١: ١٢)، بۆ نمونە: داز، ماس، شەی،...هتد.

## (١/٤-١) پێڕەوبەندیی لە فۆنەتیکدا:

(فۆنەتیک) وەک بەشێکی سەرەکی و گرنگ لە ئاستی دەنگسازیی دەبینرێت، کە بەشە گشتییەکەی زانستی دەنگسازیی پێکدەهێنێت، بەشە تایبەتەکەش پێیدەوترێت فۆنۆلۆجی، مەبەست لە فۆنەتیک ئەوەیە، کە لە دەنگەکانی زمانەکانی دنیا بەگشتی دەکۆڵێتەوە، کە مرۆڤ بەرهەمهێنەریانە، واتە لێکۆڵینەوەی دەنگەکان لە ئاستی فۆنەتیکدا بە تەنها زمانێکی دیاریکراوەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو لە کۆی هەموو دەنگەکان و لە هەموو زمانەکانی دنیادا دەکۆڵێتەوە، بە جۆرێک کە خاسیەت و سیفەتە گشتییەکانی دەنگەکانی زمان بەگشتی دەخاتەڕوو و بەراوردیان دەکات، هەروەها (زانستی فۆنەتیک بەشێکە لە زانستی زمانی تیۆریی و دەربارەی دەنگەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ دەدوێت و بە زانستێکی گشتگیر و جیهانیی (یونیڤەرسەڵ- Universal) دادەنرێت بە بەراورد بە فۆنۆلۆجی، هەربۆیە یاسا و ڕێساکانیشی

گشتگیره، کەواتە یاسا و ڕێساکان لە هەموو زمانەکاندا گشتگیر و هاوبەشە، یان بەلایەنی کەمەوە لێک نزیکن و خاڵی هاوبەشیان زۆرە.) (Brinton, ١٩٨٤: ٤٨)، لەهەمان کاتدا یاسا و ڕێسای هەموو زمانەکان لە ئاستی قوڵدا بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام تا بە ئاستی ڕوکەش دەگات، چەند گۆڕانکارییەک ڕوودەدات و بۆ ئاستی ڕوکەش دەگوێزرێتەوە، ئەمەش بە نمونەی پێڕەوبەندیی لە فۆنەتیکدا دادەنرێت، بۆ نمونە لە هەموو زمانەکاندا لە ئاستی قوڵدا دەنگەکانی زمان بەسەر کۆنسنانت و ڤاوڵدا دابەشدەبێت، بەڵام بە چەند گۆڕانکارییەکدا بۆ ئاستی ڕوکەش دەگوازرێتەوە، دەکرێت بڵێین تیۆرە ڕێزمانییەکەی چۆمسکی پێیوایە پێڕەوبەندیی لە فۆنەتیکدا بریتییە لە گۆڕانکارییەکان لە ئاستی فۆنەتیکدا و گواستنەوەی یاساکانی ئاستی قوڵ بۆ ئاستی ڕوکەش، بۆ نمونە یاسا فۆنەتیکییەکان بۆ زمانەکان بەگشتی هاوبەشن، هەروەکو ئەوەی لە هەموو زمانەکاندا فۆنیم دابەشدەبێت بۆ کۆمەڵە فۆنێک، بە دەربڕینێکی تر کۆمەڵە فۆنێک بۆ پێکهێنانی فۆنیم کۆدەبنەوە، کەواتە فۆنەکان پێکهێنەری فۆنیمەکانن، هەروەها فۆنەتیک بەشێکی گرنگی زانستی زمانە، ئەم لێدوانە لە دەنگەکانی سەرجەم زمانەکانی جیهان هەر سێ لایەنەکانی دروستکردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکان دەگرێتەوە.

ویستگەیەکی دیکەی پێڕەوبەندیی لە فۆنەتیکدا لە ئەرکەکانی فۆنەتیکدا دەردەکەوێت، کە ئەمانەن: (وەرگیراوە لە: دزەیی و. ...، ٢٠١٣: ١٥)

یەکەم/ وەسفکردن: بریتییە لە شیکردنەوە و چۆنێتی دەربڕین و گواستنەوەی دەنگەکان.

دووەم/ پۆلێنکردن: بریتییە لە پۆلێنکردنی دەنگەکانی زمان بەپێی شوێنی گۆکردنیان و شێوەی گۆکردنیان و سیفەتی دەنگەکان و جۆری دەنگەکان.

سێیەم/ ڕێنووسی دەنگی: بریتییە لە نووسین وەک دەربڕینی دەنگەکان.

پێڕەوبەندیی لە کۆی پێناسەکان و لایەنەکان و ئەرکەکانی فۆنەتیکدا هەن، یاسا و ڕێساکان ئەوە دەگرێتەوە، بۆ نمونە دەنگی (س) لەڕووی دروستکردنەوە چۆنە، هەروەها چۆن لە هەوادا دەگوازرێتەوە و چۆن گوێگر وەریدەگرێت، ئەمە بۆ هەموو دەنگەکانی تر و لە هەموو زمانەکانی تری جیهانیشدا ڕاستە، کەواتە یاساکانی فۆنەتیک گشتین و لە هەموو زمانەکانی جیهاندا نزیکن لەیەک یان چونیەکن.

پێڕەوبەندیی لە ئاستی فۆنەتیکدا وەک تایبەتمەندیی هەر زمانێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە دەبێتە مۆرکێکی جیاکەرەوەی زمانەکە لە زمانەکانی تر و زمانەکەی پێدەناسرێتەوە، لەمبارەیەوە زمانەوانی ئەمریکی (فرانز بۆواس) باوەڕی وابوو، هەر زمانێک ئەدگاری تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ نمونە پێڕەوبەندیی ڕێزمانیی لەگەڵ فۆنەتیکی جیا.) (ناوخۆش، ٢٠١٥: ١٤١)، پێڕەوی دەنگیی زمان هەڵبژێردراوی چەندین کۆمەڵەی دەنگیی جیاوازە، واتە پەیوەستە بە تایبەتمەندیی و جیاوازیی دەنگەکان، بەو واتایەی (لەو هەموو دەنگە جۆراوجۆرانەی مرۆڤ دەتوانێت بەرهەمیانبهێنێت، ئاخێوەری زمانەکە سوود لە تەنها ژمارەیەکی زۆر کەمیان

وەردەگرن و بەکاریدەهێنن، دواتر لەناو ئەو دەنگانەشدا ژمارەیەکی کەمتریان لەیەکدەدرێن، بۆ ئەوەی واتا دروستبکەن.) (فەتاح، ٢٠١١: ١٢)، بۆ نمونە لەناو هەموو ئەو دەنگانەی لە سروشتدا هەن، زمانی کوردی تەنها (٣٧) دەنگیان لێهەڵدەبژێرێت، بەڵام لەگەڵ هەموو لێکدانێکی ئەو دەنگانەش نابێتە هۆی بەرهەمهێنانی واتا، بۆ نمونە: سەل، داز، ماس،. ..هتد.

لەگەڵ ئەمانەشدا (پێڕەوی دەنگیی زمان ڕێگەی ئەوەمان دەدات، کە ژمارەیەکی کەمی دەنگ لە ڕۆنانی جیاجیادا دووبارە و سێبارە بکەینەوە، تاوەکو دانەی واتایی دروستبێت، ئەمەش پێڕەوبەندیی بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکییەوە پەیوەستدەکات، چونکە چۆمسکی باوەڕی وابوو، لە چەند یاسایەکی سنورداردا دەتوانین ژمارەیەکی بێکۆتا لە ڕستە بەرهەمبهێنین، لەم ڕوانگەیەوە دەوترێت چۆمسکی بنەمای ئەم بیرەی لە بیرکارییەوە وەرگرتووە، چونکە بیرکاری زانستێکی ورد و پێڕەودارە و لەسەر هێڵێکی ڕێک و ڕاست دەڕوات بەڕێوە و بەهۆی یاساکانی تایبەت بە زانستەکەوە جێبەجێدەبێت، بەمپێیە (بیرکاری پێڕەوێکە بریتییە لە ژمارەیەکی کەم و سنوردار و دیاریکراو لە (یاسا و نیشانە)، بەهۆیانەوە ژمارەیەکی بێشومار و بێکۆتایی و بێسنور و دیارینەکراو لە نرخ دەردەبڕێت.) (ئەمین، ٢٠٠٩: ٢١٠)، چونکە یاسا و ڕێساکان بە ژمارە و کەرەستە کەم و سنوردارن، بەڵام بە بەرهەم و ئەنجام بێشومار و بێسنورن، وەک چۆن (یاساکانی بیرکاری ژمارەیان کەمە و بەرهەمهاتوویان زۆرە.) (Thomas, ١٩٩٧: ٢)

پێڕەوبەندیی لە ئاستی فۆنەتیکدا گشتگیرە، واتە خاڵی هاوبەشی نێوان زمانەکانی جیهانە، چونکە (فۆنەتیک بەسەر چوار جۆردا دابەشدەبێت: (فۆنەتیکی درکاندن)، کە لە چۆنیەتی کارکردن و جوڵانەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتن لە دروستکردنی دەنگەکاندا دەکۆڵێتەوە، لێرەشدا دەتوانین بڵێین هەموو دەنگەکانی زمان لەڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەدرکێنرێت، دووەم جۆری فۆنەتیک بریتییە لە (فۆنەتیکی فیزیکی)، لە چۆنیەتی دروستبوونی شەپۆلی دەنگ و گواستنەوەی ئەو شەپۆلانە لە هەوادا دەکۆڵێتەوە، هەروەها جۆری سێیەمیش بریتییە لە (فۆنەتیکی بیستن)، کە لە چۆنیەتی کارکردنی گوێ و ئەندامەکانی دەکۆڵێتەوە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا، کۆتا لقی فۆنەتیک (فۆنەتیکی تاقیکردنەوە)ی پێدەوترێت، لەم لقەدا ئامێری تایبەت بەکاردەهێنرێت بۆ گەیشتن بەڕاستی و ناڕاستی دەنگەکان.) (وەیس، ١٩٨٤: ٣٨)

کەواتە پێڕەوبەندیی لە فۆنەتیکدا ئەوە دەگرێتەوە هەرچەندە یاساکانی فۆنەتیک لە هەموو زمانێکدا هاوبەش و گشتگیرە، بەڵام کاتێک ئەم یاسایانە لە ئاستی قوڵەوە بەرەو ئاستی ڕوکەش دەگوازرێنەوە، بە چەند گۆڕانکارییەکدا تێدەپەڕن، بۆ نمونە لابردن، یان توانەوەی دەنگ، جێگۆڕکێی دەنگ، گۆڕانی دەنگ، زیادکردنی دەنگ، کەمکردنی دەنگ،...هتد.

## (٢-١/٤) پێڕەوبەندیی لە فۆنۆلۆجیدا:

فۆنۆلۆجیی بەشە تایبەتەکەی دەنگسازییە، کە (بریتییە لەو زانستەی لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمانێکی تایبەت و دیاریکراو دەکات، فۆنۆلۆجی لە ڕوی دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانێکی تایبەت و چۆنێتی ڕیزبوون و لێکدانیان لە ناو قاڵبی بڕگەی فۆنۆلۆجیدا، زمانەکە شیدەکاتەوە.) (Brinton, ١٩٨٤: ٤٨)، لەگەڵ ئەمانەشدا بچوکترین یەکەی ئاستی فۆنۆلۆجی پێیدەوترێت (فۆنیم) وەها ناسراوە، کە (بریتییە لە بچوکترین یەکەی دەنگیی زمان، کە گۆڕینی لە وشەیەکدا دەبێتە هۆی گۆرینی واتای ئەو وشەیە.) (فوئاد، ٢٠٠٠: ٢)، کەواتە فۆنیم بچوکترین یەکەی ئاستی فۆنۆلۆجییە، هەروەها یەکەیەکی نادیارە و چەپکێکە لە نیشانەی تایبەتی جیاکەرەوە لەناو چوارچێوەی زمانێکی تایبەتیدا، فۆنیم بەو دەنگانە دەوترێت، کە لە زماندا وشە پێکدێنن و، بە گۆڕان و لاچوونیان واتا دەگۆڕن، هەربۆیە (هەموو ئەو دەنگانەی لە زمانێکی دیاریکراودا گرنگییان هەبێت، بە (فۆنیم) ناودەبرێت، (فۆنیم خاوەنی (سێ) تایبەتمەندیی گرنگە، کە دەکرێت بە بایەخەوە لێی بڕوانرێت، ئەمانەن:

١- بچوکترین لەتی وشەیە، کە واتا نابەخشێت، بەڵام دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا.

٢- دەبێت ڕاستی سایکۆلۆژیی تێدابێت، بە دەربڕینێکی تر دەبێت خاوەن زمان هەست بە بوونی بکات.

٣- بە گۆڕینەوەی لەگەڵ فۆنیمێکی تردا واتای وشە بگۆڕێت، بەمەرجێک هەموو فۆنیمەکانی تری ئەو وشەیە وەکو خۆیان بمێننەوە.) (ئیسماعیل، ٢٠١٣: ٢٩)

زاراوەکانی فۆنیم و ئەلۆفۆن بۆ گشت چەشنە تیۆرییەکانی فۆنۆلۆجی بناغە و بنچینەن، لەم ئاستەدا یاسا و ڕێساکانی زانستەکە شیدەکرێتەوە و پێڕەوبەندیی لێبەرهەمدەهێنرێت، بۆ نمونە کۆی لێکدانەکانی دەنگەکانی زمانی کوردی و بەرهەمەکانی پرۆسەی لێکدانی دەنگەکان ژمارەیەکی بێسنورە، کە وا دەکات بەهۆی پێکەوەلکاندن و ڕۆنانی دەنگە کوردییەکانەوە سەدان و بگرە زیاتریش وشەی واتادار بەرهەمبهێنرێت، کەواتە لێرەدا مەرجی واتاگۆڕین دێتەکایەوە، واتە مەرجە هەموو ئەو وشە واتادارانەی لە کۆتایی پرۆسەکەدا لە هەلومەرجێکی وەکیەکدا بەرهەمدەهێنرێن، واتە وشەکان وەکیەک بن تەنها لە فۆنیمێکدا جیاوازبن، بەو شێوەیە هەموو فۆنیمە واتاگۆڕەکان سەدان وشەی نوێ و نەبیستراومان بۆ بەرهەمدەهێنن، بەمپێیە (فۆنیمەکان لە پەیوەندییەکانیاندا واتایان هەیە، چونکە هەر یەکەیەک لەناو پێڕەوەکەدا جێگە و جێکەوتەی خۆی هەیە.) (مەحویی، ٢٠٠٨: ٢)، بۆ نمونە:

٢٦٩- دەست، هەست، مەست، شەست، بەست، نەست، گەست، خەست،...هتد.

٢٧٠- ئاڵ، باڵ، تاڵ، ساڵ، زاڵ، شاڵ، ماڵ، ناڵ، چاڵ، کاڵ، داڵ، خاڵ، حاڵ، یاڵ،...هتد.

٢٧١- بیر، تیر، سیر، شیر، ژیر، میر، قیر، پیر،...هتد.

لە هەموو وشەکانی (٢٦٩)، (٢٧٠)، (٢٧١)دا تەنها بەگۆڕینی فۆنیمی یەکەمی وشەکان واتای وشەکان دەگۆڕێت، ئەمەش پەیوەندی ستونی (جێنشینیی- paradigmatic)ی کەرەستەکانی زمان دەگرێتەوە و پێڕەوبەندیی لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا جێبەجێدەکات، هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا (بە تێڕوانینی قوتابخانەی دێرین (وشە) و زانستی زمانی ڕۆنانکاریی (دەنگ) بچوکترین یەکەی زمانین، وشە لە زنجیرەیەک دەنگ دروستبووە، دەنگ بە پێچەوانەی وشەوە خۆیان واتایان نییە، ئەم بۆچوونە لە ڕێزماندا دەبینرێت، ڕێزمان یاساکانمان بۆ بیناکردنی ڕستە دەخاتە بەردەست، بەمجۆرە دەنگ، وشە، ڕستە، واتا دەپشکنرێن و لە گفتوگۆکاندا لەسەر دروستەی زمان و دروستەی فۆنۆلۆژیش ئەم زاراوە و چەمکانە بەکاردەهێنرێن.) (مەحویی، ٢٠٠٨: ٤)، کەواتە فۆنێم بچوکترین یەکە و پێکهێنەری دەنگەکانی زمانیشە، هەروەها فۆنۆلۆجی تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو، لەم ڕوانگەیەوە یاسا فۆنۆلۆجییەکان بۆ زمانێکی تر دەشێت جیاواز بن، بۆ نمونە (لە زمانی کوردیدا ژمارەی کۆنسنانتەکان (٢٩)دەنگە، ژمارەی ڤاوڵەکانیش (٨)دەنگە، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا ژمارەی کۆنسنانتەکان دەبنە (٢٤)دەنگ، ژمارەی ڤاوڵەکانیش دەبنە (١٣)دەنگ، بەڵام بۆ نمونە لە زمانی فەرەنسیدا ژمارەی کۆنسنانتەکان یەکسانن بە (١٧)دەنگ و ژمارەی ڤاوڵەکانیش (١٨)دەنگ.) (ساڵح، ٢٠١٢: ٥١)، کەواتە گۆڕانی ژمارەی دەنگە کۆنسنانتەکان و ڤاوڵەکان لە زمانەکانی دنیادا بە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکییەوە پەیوەستە.

لە زمانی کوردیدا چەند یاسایەکی فۆنۆلۆجیمان هەیە، کە تایبەتن تەنها بە زمانی کوردی، لە ئاستی دەنگسازیی زمانی کوردیدا پێڕەودەکرێت، هەروەها بە وێستگەکانی پێڕەوبەندیی زمانی کوردی دادەنرێت، یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا ئەمانەن:

یەکەم/ زمانی کوردی لە بڕگەدا کار بەم قاڵبانە دەکات:

(CCVCC, CCVC, CCV, CVCC, CVC, CV)، بۆ نمونە: با، سۆز، دەست، کوا، خوار، خواست.

دووەم/ زمان لەسەر بناغەی درکاندنی دەنگ دامەزراوە، درکاندنی دەنگەکانی زمانیش بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەندێک جار گۆڕانەکە لەسەرخۆ دەبێت و هەندێک جاریش خێرا ڕوودەدات، لەگەڵ ئەمانەشدا ئاستی دەنگسازی زیاتر لە ئاستەکانی تری زمانی کوردی دەگۆڕێت و زۆرتریش هەستی پێدەکرێت. (عەلی، ٢٠١٤: ٢٦١)

سێیەم/ لە هەموو گۆڕانکارییەکی دەنگەکان (شاڵی، ٢٠٠٠: ٥٠-١١٢) و (ساڵح، ٢٠٠٨: ١٦-٢٢) (بۆ نمونە: توانەوە، دەنگەگۆڕکێ، جێگۆڕکێ، زیادکردن،. ..هتد)، وشە نوێیەکان پابەندی ئەو واتایانە دەکرێن، کە لە فەرهەنگی ئاوەزدا هەڵگیراون، بۆ ئەوەی واتای جیاواز نەیەتە ئاراوە، یاسا فۆنۆلۆجییەکانیش بریتین لەمانە:

**١- توانەوەی دەنگ:** ئەم یاسایە یەکێکە لە نمونەی پێڕەوبەندیی لە ئاستی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیدا، کە بریتییە لە توانەوە و نەمانی دەنگێک بۆ ئاسانکردنی وتن، بۆ نمونە لابردنی دەنگی [د، ت] لە کۆتایی وشەدا، یاساکانی گواستنەوەی تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکی وشەکان لە ئاستی قوڵەوە بۆ ئاستی ڕوکەش دەگوازنەوە، ئەمەش پێڕەوبەندیی و تیۆرەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، بۆ نمونە:

٢٧٢- زیاد. ............. زیا

٢٧٣- مەحمود. ........ مەحمو

٢٧٤- بەغداد. .......... بەغدا

٢٧٥- دەگۆڕێت. ...... دەگۆڕێ

٢٧٦- چاوبەست. ..... چاوبەس

٢٧٧- کەرەستە. ....... کەرەسە

لە نمونەکانەوە تێبینیدەکرێت ئەو دەنگە گیراوانەی لادەچن و دەتوێنەوە، زیاتر لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگە، یان وشەکەدان، لەگەڵ ئەمەشدا لابردنی ئەم دەنگانە زیاتر لە شێوەزاری سلێمانی بەدیدەکرێت، هەروەها ئەم گۆڕانکارییانە لە دەنگەکاندا هیچ واتایەکی نوێ، یان تێکچوونی واتای نەهێناوەتە ئارا، هەر لەبەرئەوە قسەکەر لەم جۆرە دیاردانە پاشەکشە ناکات و بۆ ئابوریکردن لە ئاخاوتن بەردەوامدەبێت، هەندێک جاریش یەکێک لە دوو دەنگی وەکیەکی دراوسێ دەتوێتەوە، بەو واتایەی (ئەگەر دوو دەنگی کۆنسنانت، یان لەیەک نزیک، کەوتنە پاڵ یەکدی، ئەوا لە دەربڕیندا یەکێکیان دەکەوێت و گۆناکرێت، ئەم دیاردەیە تەنها کۆنسنانتەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ڤاوڵەکانیش دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەم یاسایەوە.) (مارف، ١٩٧٦: ٥٤)، بۆ نمونە:

٢٧٨- لاپەڕە + ەکە. ............ لاپەڕەکە

٢٧٩- کورت+ ترین. ...... کورتترین. ......... کورترین

٢٨٠- پاک+ کردنەوە. ..... پاک کردنەوە. ........ پاکردنەوە

٢٨١- کاک نەبی. ......... کانەبی

دەنگە خشۆکەکانیش لە هەندێک لەو ناوانەدا، کە نازناویان لەگەڵدایە، بە کاریگەریی ئەم دیاردەیە، بۆ ئاساندەربڕین و ئابوریکردن دەنگی کۆتایی وشەی یەکەم دەتوێتەوە، بۆ نمونە:

٢٨٢- شێخ عەزیز. ......... شێ عەزیز

٢٨٣- شێخ مەحمود. ....... شێ مەحمو

**٢- دەنگەگۆڕکێ:** یەکێکە لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانەکانی جیهان بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی، کە بریتییە لە گۆڕینی دەنگێک بە دەنگێکی دیکە، هەندێک جار دەنگە گۆڕاوەکە لەڕووی شێوەی دەربڕین و سازگەی دەنگەکەوە هاوشێوەی دەنگەکەی پێش گۆڕانەکەیە، هەندێک دەنگەکە تەواو جیاوازە، بۆ نمونە:

٢٨٤- باخچە. ......... باغچە

٢٨٥- تەنها. .......... تەنیا

٢٨٦- هەفتە. ........ حەفتە

٢٨٧- بەدفەساڵ. ..... بەوفەساڵ

٢٨٨- ئەحمەد. ...... ئەحمەو

٢٨٩- قورئان. .... قورعان

٢٩٠-شۆردن. ...... شۆڕین

**٣- جێگۆڕکێی دەنگ:** مەبەست لەم یاسا فۆنۆلۆجییەی زمانی کوردی ئەوەیە شوێنی دەنگێک دەگۆڕێت و دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، بە دەربڕینێکی تر واتە جێگۆڕینی شوێنی دەنگەکان بە دەنگێکی تر، کە ئەمەش پێڕەوبەندیی لە فۆنۆلۆجیدا دەبەستێتەوە بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکییەوە، لە ڕوانگەی گواستنەوەی شوێنی دەنگەکانەوە، کە کاتێک شوێنی دەنگەکان دەگۆڕێت، واتای وشەکان ناگۆڕێت، بۆ نمونە:

٢٩١- جگەر .......... جەرگ

٢٩٢- مێرووله ...... مێلوورە

٢٩٣- بڕوانە .........  بنوارە

٢٩٤- چەوەنەر .... چەنەوەر

٢٩٥- قۆپچە ......... قۆچپە

٢٩٦- ئاسایش ..... ئاشایس

٢٩٧- سۆشیالیست.... شۆسیالیست

**٤- زیادکردن:** ئەم یاسایەی ئاستی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی، بە واتای زیادکردنی دەنگێکی کۆنسنانت لەنێوان دوو دەنگی ڤاوڵی وشەیەکدا وەک ناوبەند، بۆ ئاسانی دەربڕین، بۆ نمونە:
٢٩٨- بکەوە. ...... بکەرەوە (زیادکردنی دەنگی کۆنسنانت)

**٥- کەمکردنی دەنگ:** بریتییە لە کەمکردنی یەکێک لە دەنگەکانی وشەیەک بۆ ئاسانی دەربڕین، بۆ نموونە:

٢٩٩- گۆڕرا. ....... گۆڕا

بە سەرنجدان لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر فۆنیمەکاندا دێت، بۆمان دەردەکەوێت کە چەند هۆکارێک هەن لە گۆڕانی فۆنیمەکاندا، کە بریتین لەم خاڵانە: (جەمیل، ٢٠١٥: (٢٧-٣٣)، (٩٨-١٢٣)، قادر، ٢٠٠٨: (٩٤-٩٦))

**یەکەم/ جێکەوتەی دەنگەکان لە وشەدا:** شوێنی دەنگەکان لەڕووی گۆڕانیانەوە گرنگییەکی بەرچاوی هەیە، چونکە زۆرجار بەهۆی جێکەوتەیانەوە، دەنگەکان لە وشەدا دەگۆڕێت، بۆ نموونە: سەرەتای وشە:

٣٠٠- هوشیار. ...... وشیار

٣٠١- حوشتر. .... وشتر

ناوەڕاستی وشە:

٣٠٢- ڕێککەوتن. ..... ڕێکەوتن

٣٠٣- عەبدوڵڵا. ...... عەبدوڵا. ..... عەوڵا

کۆتایی وشە:

٣٠٤- سەربەست. ........ سەربەس

٣٠٥- سەرکەوت. ......... سەرکەو

٣٠٦- دەربەند. ......... دەربەن

٣٠٧- پەسەند. .......... پەسەن

**دووەم/ ئابوریکردن لە ئاخاوتن و کەم سەرفکردنی وزە، بە مەرجی نەگۆڕانی واتا**، بۆ نموونە:

٣٠٨- کورت + تر= کورتتر ← کورتر

٣٠٩- حەڤدە ← حەڤڤە

٣١٠- بمدەرێ ← بممەرێ

٣١١- منداڵدان ← مناڵدان ← مناڵڵان

**سێیەم/ کاریگەریی دەنگەکان بەسەر یەکترییەوە:** دەنگەکان کاریگەریی گەورە و گرنگی بەسەر یەکترەوە هەیە، هەندێکیان خۆیان دەنگی گرن، بەڵام بەهۆی دراوسێیەتی ئەو دەنگانەوە

دەگۆڕێت، کە پێیان دەوترێت دەنگی کپ، بە پێچەوانەشەوە هەندێکی تریان خۆیان دەنگی کپن، بەڵام بەهۆی دراوسێیەتی ئەو دەنگانەوە دەگۆڕێت، کە پێیان دەوترێت دەنگی گڕ، بۆ نمونە:

٣١٢- گەشبین. ..... گەژبین [ش. ..... ژ]

٣١٣- دەستبەند. ..... دەزبەند. ..... دەزبەن [س. .... ز]

لە نمونەی (٣١٣)دا بەهۆی کاریگەریی دەنگی [س] بەسەر دەنگی[ت]، دەنگی [ت] لادەبرێت و نامێنێت، پاشان بەهۆی کاریگەریی دەنگی [ب]، کە دەنگێکی گڕە، وا دەکات، دەنگی [س]، کە دەنگێکی کپە، بۆ دەنگێکی گڕی وەک دەنگی [ز] بگۆڕێت.

**چوارەم/ خواستی قسەکەر و ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کەسەکان:** ویستی کەسی قسەکەر و ئاستی هۆشیاریی و رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی کەسەکان کاریگەریی بەرچاویان لە گۆڕانی دەنگەکاندا هەیە، بۆ نمونە:

٣١٤- ئیستیعلامات. ..... ئیستیعمالات

٣١٥- مەکتەب. ..... مەتکەب

٣١٦- جومعە. ..... جوعمە

٣١٧- بەفر. ..... بەرف

٣١٨- تەرزە. ..... تەززە

٣١٩- ڕوبع ..... ڕوعب

## (١/٤-٢-١) پێڕەوبەندیی لە دەنگە ڤاوڵەکاندا:

ئەم دەنگانە لە زمانی کوردیدا ناوی (بزوێن)یان لێنراوە، کە (بریتییە لە دەنگێکی زرنگەداری درێژەپێدەری دەنگدار(گڕ)، لەکاتی دروستبوونی دەنگە ڤاوڵەکاندا تەزووی هەناسە بەبێ بەربەست دێتەدەرەوە و دەبێتە ناوکی ئەو بڕگانەی، کە پێکیدەهێنێت و هێزی بڕگەکەشی دەکەوێتە سەر دەنگە ڤاوڵەکان.) (فوئاد، ٢٠٠٠: ٦)، بە هیچ شێوەیەک دوو دەنگی ڤاوڵ بکەونە تەنیشت یەک ناتوانین هەردووکیان بدرکێنین، واتە هیچ بڕگەیەکی زمانی کوردیمان نییە لە دوو فۆنیمی ڤاوڵ پێکهاتبێت (٧٧).

خاڵی هاوبەشی نێوان دەنگە ڤاوڵەکان ئەوەیە، کە لەکاتی دروستبوونیاندا ئەندامەکانی ئاخاوتن ناچنەسەر یەکتری، هەروەها هەوا بەبێ کۆسپ و تەگەرە لە دەم یان لە دەم و لوتەوە دێتە دەرەوە و لە لەرینەوەی ژێیە دەنگییەکان پەیدادەبن و هەموویان گڕن، بەڵام باری زمان و لێو و چەناگە لەکاتی دەربڕینیاندا (سێ) جۆریان لێجیادەکاتەوە، (کەمال فوئاد) بەمشێوەیە

پۆلێنیکردون: (زۆر کورت: دەنگی ڤاوڵی [بزرۆکە] دەگرێتەوە، کورت: ئەمیش دەنگە ڤاوڵەکانی [ە، و، ی] دەگرێتەوە، درێژ: دەنگە ڤاوڵەکانی [ ا، ێ، وو، ۆ] دەگرێتەوە.) (فوئاد، ٢٠٠٠: ٨)، زمان لەم بوارەدا بە ئەندامێکی گرنگ دادەنرێت، لەبەرئەوەی لە دروستکردنی دەنگە ڤاوڵەکاندا بەرپرسی سەرەکییە، هەندێکیان پێشەوەی زمان، هەندێکیان ناوەڕاستی زمان و هەندێکیشیان دواوەی زمان شوێنی دروستکردنی ڤاوڵەکانن. دەتوانین بە خشتە شوێنی دروستبوون و باری زمانی سەرجەم دەنگە ڤاوڵەکانی زمانی کوردی کورتبکەینەوە، (میدیا، ١٩٩٨: ٢٤٦)

| دەنگی ڤاوڵ | شوێنی دروستبوون | باری زمان |
|---|---|---|
| ی | پێشەوەی زمان | بەرزبوونەوەی زمان |
| بزرۆکە – i | پێشەوەی زمان | بەرزبوونەوەی زمان |
| ێ | پێشەوەی زمان | ناوەڕاستی زمان |
| ە | پێشەوەی زمان | نزمبوونەوەی زمان |
| وو | پشتی زمان | بەرزبوونەوەی زمان |
| و | پشتی زمان | بەرزبوونەوەی زمان |
| ۆ | پشتی زمان | ناوەڕاستی زمان |
| ا | پشتی زمان | نزمبوونەوەی زمان |

ئەم دەنگە ڤاولانە دەبنە مەرجی سەرەکی دروستکردنی بڕگە، واتە هیچ بڕگەیەکی زمانی کوردی بەبێ بوونی دەنگێکی ڤاوڵ دروستنابێت، ڤاوڵ کرۆک (ناوک)ی بڕگە پێکدەهێنێت، کۆنسنانتەکانیش ئەملا و ئەولای دەنگی ڤاوڵ دەگرن، کەواتە هیچ کاتێک ئەوە ڕوونادات سەرەتای بڕگە بە دەنگی ڤاوڵ دەستپێبکات، کەواتە دەنگە ڤاوڵەکان دەبنە خاڵی جیاکەرەوە و بەربەستی نێوان دوو بڕگە، سەرەڕای ئەمانەش ڤاوڵی بزرۆکە زۆرترین کات لەنێوان دوو دەنگی کۆنسنانتدا دەبینرێت، یان لەگەڵ تەنها دەنگێکی کۆنسنانتدا بڕگەیەک دروستدەکات.

لە ڕوانگەی تیۆرەکەی چۆمسکییەوە کاتێک پێڕەوبەندیی لە دەنگە ڤاوڵەکاندا جێبەجێدەکرێت، دەنگە ڤاوڵەکان بە دەنگێکی ڤاوڵی دیکە دەگۆڕێن، کار لە لایەنی واتایی دەنگەکان لە وشەکاندا ناکات، گۆڕانی دەنگەکانیش بەپێی یاساکانی گواستنەوە جێبەجێدەکرێت، چونکە وشەکان لە ئاستی قوڵدا بەشێوەی ئاسایی خۆیان هەن، بەڵام یاساکانی گواستنەوە، ئاستی قوڵ بۆ ئاستی ڕووکەش دەگۆڕن، یاساکانیش بریتین لەمانە:

**یەکەم/ گۆڕانی دەنگ:** بریتییە لە گۆڕانی دەنگێکی ڤاوڵ بۆ دەنگێکی ڤاوڵی تر لە دەربڕیندا، کە ئەمەش بەهۆی یاساکانی بەرهەمهێنانی تیۆرە ڕێزمانییەکەی چۆمسکییەوە ڕوودەدات، چەند نمونەیەک لەمبارەیەوە دەهێنینەوە:

٣٢٠- گۆڕان ...... گۆڕین [ ا .... ی]

٣٢١- داڕژا ..... داڕێژراو [بزرۆکە .... ێ]

٣٢٢- بادام ..... بادەم [ ا ..... ە]

**دووەم/ زیادکردنی دەنگ:** ئەگەر دوو دەنگی بزوێن بکەونە تەنیشت یەک بە هیچ شێوەیەک ناتوانین هەردووکیان بدرکێنین، چونکە سیفەتی دەنگی بزوێن وایە دەبێت گیرانێک هەبێت، دواتر ڕێڕەوی هەوا بکرێتەوە تا بیدرکێنین، بۆیە هەمیشە لە زمانی کوردیدا لەنێوان هەموو دوو دەنگێکی ڤاوڵدا دەنگێکی نیمچەڤاوڵی [و، ی] زیاددەکرێت لەبەر ئاسانی دەربڕین، ئەمەش پێڕەوبەندیی بە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە پەیوەستدەکات، بۆ نمونە:

٣٢٣- چرا + ان ......... چرایان (زیادکردنی نیمچەڤاوڵی [ی])

٣٢٤- هەڵۆ+ ان ......... هەڵۆیان

٣٢٥- هەرمێ + ان ...... هەرمێیان

٣٢٦- ماسی + ان ........ ماسییان

٣٢٧- خانوو + ان ....... خانووان {زیادکردنی دەنگی نیمچەڤاوڵی [و]}، بەڵام لەبەر دروستنەکردنی کێشەی (٣) دەنگی [و] بەیەکەوە دوابەدوای یەک، قسەکەری زمانی کوردی دەنگی سێیەمی نیمچەڤاوڵی [و] لادەبات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێڕەوبەندیی بە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە گرێبدرێت، چونکە لە ئاستی قوڵدا هەمیشە ئەو دەنگە نیمچەڤاوڵە هەیە، بەڵام لە ئاستی ڕوکەشدا بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە دەنگی نیمچەڤاوڵی [و]ی دوای [وو]ەکە لادەچێت و نامێنێت، بەمشێوەیە:

٢٢٨- خانوو+ ان ....... خانووان ....... خانووان

**سێیەم/ تیاچوونی دەنگ:** بریتییە لە نەمانی دەنگێک، یان زیاتر، کە بەهۆی یاساکانی گواستنەوەی تیۆرە ڕێزمانییەکەی چۆمسکییەوە ئاستی قوڵ بۆ ئاستی ڕوکەش دەگۆڕێت، ئەمەش وادەکات پێڕەوبەندیی بە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە ببەستێتەوە، بۆ نمونە:

٣٢٩- چرا + ەکە ...... چراکە

٣٣٠- چرۆ + ەکە ....... چرۆکە

٣٣١- پارە + ەکە ...... پارەکە

٣٣٢- بەهێ + ەکە ..... بەهێکە

**چوارەم/ گۆڕینی دەنگ بەهۆی کاریگەریی دەنگە دراوسێکانییەوە:** بریتییە لە گۆڕینی دەنگێک بە دەنگێکی دیکە بە کاریگەریی دەنگەکانی تەنیشتی دەنگە ڤاوڵەکان، بۆ نمونە کاتێک دەنگەکانی [ک، گ] دەکەونە پێش دەنگە ڤاوڵەکانی [ی، ێ، وی، وێ]، ئەوا بە کاریگەریی دەنگە ڤاوڵەکانی تەنیشتیان، دەنگەکانی [ک، گ] لە دەربڕیندا دەگۆڕێن بۆ دەنگەکانی [ج، چ]، شێوەی دەربڕینیان وەک ئەو دەنگانەی لێدێت، بۆ نمونە:

٣٣٣- کیسەڵ، گیرەک، کێشە، گێزەر، هەنگوین، کوێستان، گوێز

هەمیشە دەنگە ڤاوڵەکانی[ ا، ۆ، ە] دەکەوێتە پێش دەنگی[نگ] (مەحویی، ٢٠١٦: ٤٩١)، بۆ نمونە:

٣٣٤- مانگ، زۆنگاو، جەنگ،...هتد.

لە هەمان کاتدا بە سەرنجدان لەو وشانەی زمانی کوردی، کە دەنگی [ڵ]یان تێدایە، دەردەکەوێت، کە دەنگی [ڵ] بە کاریگەریی دەنگەکانی پێش خۆیان دروستبوون، کە لە زۆربەیاندا (ئەگەر لە هەموویاندا نەبێت)، دەنگەکانی پێش خۆیان ڤاوڵن، هەربۆیە دەنگی [ڵ] لە سەرەتای وشەی زمانی کوردیدا نایەت، چونکە پێویستە دەنگێکی ڤاوڵ لەپێشیەوە بێت، بۆ ئەوەی دەنگی [ڵ] بەرهەمبهێنرێت، بەڵام دەنگی دوای [ل] دەنگێکی ڤاوڵە، واتە بەمشێوەیە:

٣٣٥- ڤاوڵ + ڵ (بۆ نمونە: ساڵ، بەڵگە، کۆڵوانە،...هتد)

٣٣٦- ل + ڤاوڵ (بۆ نمونە: لاڵ، لێوان، لاسەنگ،...هتد)

## (٤/١-٢-٢) پێڕەوبەندیی لە دەنگە کۆنسنانتەکاندا:

دەنگە کۆنسنانتەکان ئەو دەنگانەن (سازگەیەکی دیاریکراویان لەناو بۆشایی دەمدا هەیە، هەروەها لەکاتی درکاندنیاندا جۆرە تەگەرە و بەربەستێک یان داخستن و کرانەوەیەک دەخرێتە بەر تەزووی هەناسەوە.) (عەلی، ٢٠٢٠: ٢٨١)، ژمارەی دەنگە کۆنسنانتەکانی زمانی کوردی (٢٩)ە، کە بریتین لە: [پ، ب، ت، د، ک، گ، ق، ء، ع، ف، ڤ، س، ز، ژ، ش، خ، غ، ح، هـ ج، چ، م، ن، ل، ڵ، ر، ڕ، و، ی]. لە دەنگە کۆنسنانتەکانی زمانی کوردیدا پێڕەوبەندیی پەیوەست بە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوە پەیوەستدەکات، لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانەوە لە چەند یاسایەکی کەم و سنورداردا بەرهەمێکی زۆر و بێسنور بەرهەمدەهێنرێت، لە ڕوانگەی گواستنەوەیشەوە کاتێک لە ئاستی قوڵەوە وشەکان بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە بۆ ئاستی ڕوکەش دەگوازرێتەوە، یاساکانیش بریتین لەم یاسایانە:

**یەکەم/ تیاچوون یان توانەوە (لابردن)ی دەنگ:** تیاچوونی هەر دەنگێکی کۆنسنانت پەیوەندیی بە جێکەوتەی دەنگیی ئەو دەنگەوە هەیە، بۆنمونە ئەگەر ئەو دەنگە بکەوێتە سەرەتای وشەوە کەمتر تیادەچێت بە بەراورد بە ناوەڕاست، یان کۆتایی وشە، بە واتایەکی دیکە دەنگە کۆنسنانتەکانی زمانی کوردی لە کۆتایی وشەدا زیاتر تیادەچن لەچاو شوێنەکانی دیکەی وشە، بۆ نمونە:

- تیاچوونی دەنگی سەرەتا:

٣٣٧- ددان ...... دان

٣٣٨- هورد ...... ورد

٣٣٩- هوشیار ...... وشیار

- تیاچوونی دەنگی ناوەڕاست:

٣٤٠- مندالّ ..... منالّ

٣٤١- ڕۆیشت ........ ڕۆشت. ........ ڕۆیی

٣٤٢- گەیشت .......گەشت. .......گەیی

- تیاچوونی دەنگی کۆتایی:

٣٤٣- قەڵات ....... قەڵا

٣٤٤- دەچێت ...... دەچێ

**دووەم/ کورتکردنەوەی دەنگ:** بریتییە لە لابردنی یەکێک لە دوو دەنگی کۆنسنانتی لێکچوو یان لێکنزیک، کە لەکاتی دەربڕیندا ئەم یاسایە پێڕەودەکرێت، کە ئەمەش پێڕەوبەندیی بە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە دەبەستێتەوە، چونکە ئەو وشەیەی دوو دەنگە کۆنسنانتەکەی تێدایە، لە ئاستی قوڵدا بەو شێوەیەیە، بەڵام لە ئاستی ڕوکەشدا بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە (لێرەدا واتە یاسای کورتکردنەوە)، بەم شێوەیە دەردەبڕدرێت، کە یەکێک لە دوو دەنگە کۆنسنانتە لێکچووەکە کورتدەکرێتەوە و نامێنێت، بۆ نمونە:

٣٤٥- خەست + تر ........ خەستتر ........ خەستر

٣٤٦- پەسەند + ترین ........ پەسەندترین ........پەسەنترین

٣٤٧- چاک + کردن ........ چاککردن ........ چاکردن

نمونەی پێڕەوبەندییەکی دیکە ئەوەیە، کە (کاتێک دەنگەکانی [ک + خ] دوابەدوای یەک بێن لە وشەی لێکدراودا، ئەوا دەنگی (ک) لە هەندێک نمونەدا لادەچێت، لەبەر نەبوونی هێز لەسەری،

کەچی لە هەندێک نمونەی دیکەدا دەنگی [ک] لاناچێت، لەبەرئەوەی تەنها هێزی سەرەکی لەسەر بڕگەی کۆتاییە.) (مەحویی، ٢٠١٦: ٤٧٠)، بۆ نمونە:

٣٤٨- ڕێک + خستن ...... ڕێکخستن ..... ڕێخستن (دەنگی (ک) لادەچێت.)

٣٤٩- پەک + خستن ...... پەکخستن (دەنگی (ک) لاناچێت.)

**سێیەم/ دەنگەگۆڕکێ:** بریتییە لە گۆڕینی دەنگێکی کۆنسنانت بە دەنگێکی کۆنسنانتی دیکە، لێرەدا یاساکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ڕۆڵی گرنگ دەبینن، کە دەبێتە هۆی ئەوەی پێڕەوبەندیی بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە ببەستێتەوە، لەو ڕوانگەیەوەی کە لە ئاستی قوڵی وشەکاندا بەشێوەی یەکەم جاریان دەبینرێت، بەڵام بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە لە ئاستی قوڵەوە بەرەو ئاستی ڕوکەش دەڕۆن، بۆ نمونە:

٣٥٠- دەهێنم ...... ئەهێنم

٣٥١- ئاسمان ...... عاسمان

سەبارەت بە دەنگی [ء] هەندێک بۆچوونی جیاواز هەیە، کە پێیانوایە ئەم دەنگە بە دەنگێکی کوردی ناژمێردرێت، بەڵکو دەنگێکی عەرەبییە و بە کاریگەریی زمانی عەرەبی هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر دەنگەکە لە ناوەڕاستی وشەشدا لە زمانی کوردیدا نەبێت، بەڵام لە سەرەتای وشە و بڕگەی زمانی کوردیدا جێگەی دەنگێکی کۆنسنانت دەگرێتەوە، چونکە ناکرێت سەرەتای هیچ وشە و بڕگەیەکی زمانی کوردی دەنگی ڤاوڵ بێت، کەواتە ناکرێت خۆی دەنگ نەبێت و جێگەی دەنگێکی کۆنسنانت بگرێتەوە، هەروەها لە کۆتایی وشەشدا لە وشەی (نەء)دا دەبینرێت، کەواتە [ء] فۆنیمێکی زمانی کوردییە.

٣٥٢- بادەم ...... بایەم

٣٥٣- دامێن ...... داوێن

٣٥٤- نیم ..... نیو

٣٥٥- تەنها ..... تەنیا

٣٥٦- هەفتە ..... حەفتە

٣٥٧- باخچە ...... باغچە

٣٥٨- خونچە ........ غونچە

٣٥٩- نایلۆن ....... لایلۆن

هەندێک نمونەی تری دەنگەگۆڕکێمان هەیە، کە بەهۆی جیاوازی زار و شێوەزار و ناوچەوە لە زمانی کوردیدا ڕوودەدات، وەک دەنگەگۆڕکێی ئەو وشانەی لە شێوەزاری کرمانجی ژوروو یان شاری هەولێر و ڕانیە و دەوروبەری ڕوودەدەن، بۆ نمونە:

٣٦٠- ئاڤ ..... ئاو (کرمانجی ژوروو)

٣٦١- حەفت ... حەوت (شاری هەولێر)

٣٦٢- حەمەد ..... عەمەد (شاری ڕانیە)

**چوارەم/ جێگۆڕکێ:** بریتییە لە گۆڕینی شوێنی دەنگێک بۆ شوێنێکی دیکەی هەمان وشە، واتە لێرەدا دوو دەنگی وشەیەک شوێنەکانیان دەگۆڕنەوە، واتە جێگۆڕکێیەکە کارناکاتە سەر لایەنی واتایی وشەکە، تەنها شوینی دوو دەنگەکە ئاڵوگۆڕ دەکرێت، ئەم گۆڕانکارییەی دەنگەکان بۆ ئاسانی وتن ڕوودەدات، بەڵام پێڕەوبەندیی و یاساکانی زمان ڕێگا بۆ گۆڕانکارییەکە خۆشدەکات، ئەمەش پێڕەوبەندیی بە تیۆرە ڕێزمانییەکەی چۆمسکییەوە وابەستەدەکات، چونکە لە ئاستی قوڵدا وشەکانی سەرەتا بەکاردێت، بەڵام کاتێک بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە، ئاستی قوڵ بۆ ئاستی ڕوکەش دەگۆڕێت، دەنگەکان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت، بە بۆچوونی ئێمە ئەم یاسایە بە کاریگەریی لایەنی ڕۆشنبیریی و ئاستی خوێندەواریی کەسەکان دروستدەبێت، بۆ نمونە:

٣٦٣- فانیلە ..... فالینە

٣٦٤- فیلم ....... فلیم

٣٦٥- یەکجاری ..... یەجگاری

٣٦٦- قازانج ..... قانجاز

٣٦٧- فڕین ..... ڕفین

**پێنجەم/ زیادکردنی دەنگ:** بریتییە لە زیادکردنی دەنگێک یان زیاتر بۆ وشەیەک، لەبەرئەوەی هاتنی دوو دەنگی ڤاوڵ بەدوای یەکدا لە زمانی کوردیدا ناگونجێت، بەهۆی ئەم یاسا دەنگییەی دەنگە کۆنسنانتەکانەوە پێڕەوبەندیی لە دەنگە کۆنسنانتەکاندا جێبەجێدەکرێت و بە تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکییەوە پەیوەستدەبێت، لەبەرئەوەی بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە ئاستی قوڵی وشەکە بۆ ئاستی ڕوکەش دەگۆڕێت، بۆ نمونە:

٣٦٨- ببە + ەوە ....... ببەرەوە (زیادکردنی دەنگی [ر])

٣٦٩- نۆ + دە ...... نۆزدە (زیادکردنی دەنگی [ز])

**شەشەم/ بەدوای یەکداهاتن (ڕیزبەندیی):** لە زمانی کوردیدا هەندێک دوو دەنگ هەن، لە ئەگەری بەدوای یەکداهاتنیاندا، یەکێک لە دەنگەکان لەناودەچێت، بۆ نمونە کاتێک هەردوو دەنگی[د+ر] لە وشەدا بە تایبەتی لە کاری بکەرنادیاردا، دەنگی[د] نامێنێت، بەڵام دەنگی[د] کاتێک دەچێتە پێش دەنگی[ن]، ئەوکاتە دەنگی[د] بۆ دەنگی[ن] دەگۆڕێت، کەچی کاتێک ڕیزبەندیی دوو دەنگەکە پێچەوانەدەبێتەوە، دەنگی[نگ] بەرهەمدەهێنرێت، هەروەها لە بەدوای یەکداهاتنی [س+ ت]، هەندێک جار دەنگی[ت] لەناودەچێت، ئەمەش پێڕەوبەندیی بە تیۆرەکەی چۆمسکییەوە گرێدەدات، بەهۆی ئەوەی لە ئاستی قوڵدا هەمیشە دوو دەنگەکە بە بێ کێشە بەدوای یەکدا دێن، بەڵام لە ئاستی ڕوکەشدا بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە ئەو گۆڕانکارییانە لە دەنگەکاندا ڕوودەدات، هەروەها هەرگیز وشەیەک نابینرێت، تیایدا بەدوای یەکداهاتنی [ل+ر] یان [ڵ+ڕ] یان [ڕ+خ] هاتبێت، لەبەر دووری سازگەی دەنگەکان لە یەکترەوە، بۆ نمونە دەنگەکانی [ل، ڵ] دوو دەنگی لایین، بەڵام دەنگەکانی [ر، ڕ] دوو دەنگی لەراوەن، کەچی دەنگی [خ] دەنگێکی خشۆکی کپی ڕەقە مەڵاشوویییە، هەروەها (بەدوای یەکداهاتنی دەنگەکانی [ن+ ج]، [چ + م]، [م + چ] لە زۆرێک لە وشەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێت، بۆ نمونە: مەنجەڵ، ئینجانە، پەنجە، سەرنج، چەمچەماڵ، بیچم، مچە، ..هتد.) (مەحویی، ٢٠١٦: ٤٦٣)، بۆ نمونە:

- د + ر ........ [د] نامێنێت.

٣٧٠- خوێندرا ...... خوێنرا

٣٧١- شکاندی ...... شکانی

لە زمانی کوردیدا (٢) دەنگی کۆنسنانتی لوتیمان هەیە، کە بریتین لە دەنگەکانی [م، ن]، بەڵام (نگ) زیاتر لە شێوەزاری (سلێمانی)دا بەکاردەهێنرێت، بە دەربڕینێکی دیکە تەنها لەکاتی قسەکردندا دەردەکەوێت، ئەگینا لە نووسیندا وەک دوو دەنگی جیاواز [ن]، [گ] مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، (محەمەد مەحویی) لەبارەی بەدوای یەکدا هاتنی ئەم دوو دەنگەوە پێیوایە، کە (هەندێک جار لە دوای قرتاندنی دەنگە گیراو و دەنگدارەکە [د]ەوە، دەنگە لوتییەکە کۆپیدەکرێت و لە شێوەی بەدوانیی بوونێکدا دەردەبڕدرێت، بەڵام هەندێک وشە، قرتاندنە فۆنۆلۆجییەکە و کۆپیکردنەکەی دەنگی[د] جێبەجێناکەن، بۆیە بەدوانیی بوون لەم وشانەدا ڕوونادات.) (مەحویی، ٢٠١٦: ٤٦٨)، بۆ نمونە:

٣٧٢- هێندە ...... هێننە

٣٧٣- بەندە ...... بەننە

٣٧٤- چەندە ....... چەننە

- ن + د ....... نگ

٣٧٥- پەند ...... پەنگ ...... پەن

٣٧٦- چەند ...... چەنگ ...... چەن

س+ ت ..... [ت] هەندێکجار لادەچێت، بۆ نمونە:

٣٧٧- دەست ....... دەس

٣٧٨- کەرەستە. ..... کەرەسە

یەکێک لە وێستگەکانی پێڕەوبەندیی لە دەنگە کۆنسنانتەکاندا بریتییە لەوەی هەندێک دەنگ لە سەرەتای وشەوە نایەن، بۆ نمونە (هەردوو دەنگی [ر، ڵ]، واتە ئەم دەنگانە دەکەونە ناوەڕاست یان بەشەکانی دواترەوە، بەهۆی ئەوەی وتنی ئەم دەنگانە لە سەرەتای وشەدا قورسن و ناتوانرێت گۆبکرێن، کەواتە ئەو دەنگانەی دەکەونە سەرەتای وشەوە بریتین لە هەردوو دەنگی [ڕ، ل].) (مەحویی، ٢٠١٦: ٤٦٦، ٥١٧)، بۆ نمونە:

٣٧٩- ڕۆژگار، ڕاستی، ڕۆنان،...هتد

٣٨٠- لالەنگی، لێکۆڵینەوە، لەش،...هتد

هاوسێیەتی هەردوو دەنگی [خ + ت] لە زۆر وشەی زمانی کوردیدا دەبینرێت، هەروەها [ق+ خشۆکی کپی وەک [س،ش])، کە بۆ گونجانی بەیەکەوەهاتنی ئەو دەنگانە بەپێی پێڕەوبەندیی زمانی کوردی ڕوودەدات، بۆ نمونە:

٣٨١- بەخت، تەخت، سەخت، جەخت، نەختینە، تەختە، شوخت، ساختە، شەختە،...هتد.

٣٨٢- قشت، تەشقەڵە، مەشق، چوارمشقی، مسقاڵ، قسڵ، قسە، (تۆز. ... تۆسقاڵ)

نمونەیەکی تری پێڕەوبەندیی لە کۆنسنانتەکاندا ئەوەیە، کە هیچ دوو دەنگێکی کۆنسنانت پێکەوە نالکێن، مەگەر دەنگێکی ڤاوڵ لەیەکیان جیادەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بزرۆکەیەکیش بێت، کەواتە هەمیشە ڤاوڵێک دەکەوێتە نێوان دوو دەنگی کۆنسنانتەوە، واتە (C+V+C)، بۆ نمونە:

٣٨٣- من، قڕ، شت،...هتد

لەگەڵ ئەمانەشدا توانەوە و گۆڕانی شوێن و گۆڕانی دەنگە لایی و لوتیی و لەراوەکان پەیوەندیدارە بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکییەوە، کە بە شێوەیەکی پێڕەودار و یاسابەند جێبەجێدەکرێت، ئەم دەنگانە (لایی و لوتیی و لەراوەکان) هەموویان دەنگدار(گڕ)ن، لەبەرئەوە ناکەونە ژێر کاریگەریی گۆڕانی دەنگەکانەوە، بەو واتایەی گۆڕانەکانیان لە (دوو) گریمانە دەرناچێت، یەکەمیان ئەوەیە دەتوێنەوە و نامێنن، دووەمیان ئەوەیە ئەگەر بگۆڕێن بە دەنگێکی دیکە، ئەوا دەنگە گۆڕاوەکەش هەمیشە (دەنگدار/ گڕ) دەبێت، بۆ نمونە:

٣٨٤- جوان مێرد ........ جوامێر (نەمانی دەنگی [ن] لە بڕگەی یەکەم و [د] لە بڕگەی دووەمدا.)

٣٨٥- بۆن+ گەنیو ......... بۆگەن (نەمانی دەنگی [ن] لە (بۆن)، هەروەها [یو] لە (گەنیو)دا.)

٣٨٦- عەنبەر ......... عەمبەر

٣٨٧- بەرانبەر ........ بەرامبەر

لە نمونەکانی (٣٨٦) و (٣٨٧) دا دەنگی[ن] گۆڕاوە بۆ دەنگی [م]، کە هەردووکیان دوو دەنگی گری لوتین، بەڵام دەنگی [ن] دەنگێکی دانی و پوکییە، کەچی دەنگی [م] دەنگێکی لێوییە، ئەم گۆڕانکارییەش بەهۆی یاسای لێکچوونی سازگەوە دێتەکایەوە، کە بریتییە لە (کارتێکردنی فۆنیمێک لەسەر فۆنیمێکی تر لە چوارچێوەیەکدا، کە سازگەی دەنگە کارتێکراوەکە دەگۆڕێت، بۆئەوەی لەڕووی سازگەوە تەواو لەگەڵ دەنگە کارتێکەرەکەدا بگونجێت.) (ئیسماعیل، ٢٠١٣: ٢٢٤)، هەروەها دەنگی[ب + پ] بەهۆی دژیەکییان لەڕووی کپی و گڕێتییەوە، لەدوای یەک نایەن، بۆیە هەرکاتێک بەیەکەوە هاتن، ئەوا دەنگی [ب] لادەچێت، بۆ نمونە:

٣٨٨- باب+ پیر ...... باپیر

لە وشە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا دیاردەی توانەوەی دەنگەکان لە دەرەوەی دەسەڵاتی قسەکەردایە، بۆ نمونە: کاری داڕێژراو:

٣٨٩- هەڵبخە .......... هەڵخە

٣٩٠- دابدڕە ........... دادڕە

کاری لێکدراو:

٣٩١- یاریبکە ........... یاریکە

٣٩٢- شیبکەرەوە ....... شیکەرەوە

لێرەدا دەنگی [ب]، کە نیشانەی کارە داخوازییەکەیە، بەهۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە لادەچێت، ئەمەش بریتییە لە پێڕەوبەندیی لە دەنگە کۆنسنانتەکاندا، چونکە یاساکانی بەرهەمهێنان ئاستی ڕوکەش بەرهەمدەهێنێت، یاساکانی گواستنەوەیش ئاستی ڕوکەش دەگۆڕنەوە بۆ ئاستی قوڵ.

## (١/٤-٢-٣) پێڕەوبەندیی لە دەنگە گڕەکاندا:

دەنگە گڕەکانی زمانی کوردی ئەم دەنگانە دەگرێتەوە: [ب، د، ژ، ز، ج، گ، ڤ، غ، (٨) دەنگە ڤاوڵەکە]، پێڕەوبەندیی وەک سیمایەکی ئەم دەنگانە دەبینرێت، چونکە لەکاتی درکاندنی دەنگە گڕەکاندا ژێیەکانی قورگ دەلەرنەوە، بۆیە پێیاندەوترێت (گڕ)، هەمیشە کاریگەریی دەخەنە سەر دەنگەکانی دراوسێیان، ئەگەر دەنگەکەی دوای دەنگە گڕەکە دەنگێکی کپ بێت، ئەوا دەنگە کپەکە دەنگە گڕەکەی تەنیشتی دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی کپ، واتە بەهۆی دراوسێیەتی و کاریگەریی دەنگە گڕەکەوە ئەم گۆڕانی دەنگە (لە گڕەوە بۆ کپ) ڕوودەدات، بۆ نمونە:

٣٩٣- بچوک ..... پچوک [ب. ..... پ]

٣٩٤- کەلەبچە ..... کەلەپچە

لە نمونەی (٣٩٣)، (٣٩٤)دا بەهۆی کاریگەریی دەنگی [چ]ی دراوسێی، کە دەنگێکی کپە، دەنگی [ب] گڕێتی خۆی لەدەستدەدات و دەگۆڕێت بۆ دەنگی [پ].

٣٩٥- حەب ...... حەپ

لە نمونەی (٣٩٥)دا بەهۆی جێکەوتەی دەنگی وشەکەوە، واتە بەهۆی ئەوەی دەنگی [ب] کەوتووەتە کۆتایی وشەکەوە، بۆیە دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی کپی وەک دەنگی [پ].

٣٩٦- چی بکەم ...... چی پکەم

لە نمونەی (٣٩٦)دا دوای گۆڕان لە قاڵبی بڕگەکاندا گۆڕانکاریی لە دەنگی گڕەوە بۆ دەنگی کپ دروستدەبێت، واتە بەهۆی کاریگەریی دەنگی [ک]، کە دەنگێکی کپە، وا دەکات کە دەنگی[ب] بگۆڕدرێت بۆ دەنگی[پ]، واتە دەنگداریی خۆی لەدەستبدات.

٣٩٧- مەردتر .... مەرتتر .... مەرتر [د ..... ت]

لە نمونەی (٣٩٧)دا بەهۆی کاریگەریی دەنگی [ت] وادەکات، کە دەنگی [د] بگۆڕدرێت بۆ دەنگی[ت]، بەهۆی کاریگەریی دەنگی [ت]ی سەرەتای بڕگەی دووەمەوە.

٣٩٨- ڕێژرا ..... ڕشتی [ژ ..... ش]

٣٩٩- نێژرا ..... ناشتی

لە نمونەکانی (٣٩٨، ٣٩٩) لە بەشی لای ڕاستی وشەکاندا، بەهۆی هاتنی دەنگی ڤاوڵی [ێ] لەپێش دەنگی [ژ]، دەنگی [ژ] وەک دەنگێکی گڕ دەبینرێت، بەڵام لە بەشی لای چەپی وشەکاندا بەهۆی دراوسێیەتی دەنگی کپی [ت]، دەنگی [ژ] دەگۆڕێت بۆ [ش]، کە دەنگێکی کپە، واتە گڕێتیی خۆی وندەکات.

٤٠٠- ئاراز ....... ئاراس [ز ...... س]

لە نمونەی (٤٠٠)دا بەهۆی جێکەوتەی کۆتایی وشەوە، واتە (ئارخی فۆنێم)، دەنگی [ز] گڕێتی خۆی لەدەستدەدات، بۆ دەنگێکی کپی وەک [س] دەگۆڕێت.

دەنگە گیراو و خشۆک و ئەفریکاتە دەنگدارەکانیش لە کۆتایی وشەدا دەنگدارییان لەدەستدەدەن و کپ دەبن، بەو مەرجەی بڕگەی تریان بەدوادا نەیەت، کە سەرەتاکانیان بە دەنگی (دەنگدار/ گڕ) دەستپێبکات، بۆ نمونە:

٤٠١- سەگ/ سەک [گ ..... ک]

٤٠٢- مهاباد/ مهابات [د. ...... ت]

٤٠٣- ڕوبع ..... ڕوعب

٤٠٤- * چەند/ چەنت (لەبەرئەوەی لەڕووی واتاوە نەگونجاوە.)

٤٠٥- ساج/ ساچ [ج. ...... چ]

به گشتی دەنگە گڕەکانی زمانی کوردی، خاوەنی یاسای تایبەت بە خۆیانن، کە وەک ئامرازی پێڕەوبەندیی بەکاریدەهێنن و کاریگەریش دەخەنەسەر دەنگەکانی دەوروبەریان.

## (٤-٢-١/٤) پێڕەوبەندیی لە دەنگە کپەکاندا:

دەنگە کپەکانی زمانی کوردی بریتییە لە [ش، س، ک، ف، خ، ت، پ، چ، ح]، بۆ نمونە:

٤٠٦- پشدەر ...... پژدەر [ش ...... ژ]

٤٠٧- هەشت دە ...... هەژدە [ش ....... ژ]

٤٠٨- حەفت دە ...... حەفدە. ..... حەڤدە [ف ...... ڤ]

لە نمونەی (٤٠٦، ٤٠٧، ٤٠٨)دا، دەنگی [ش، ف] بەهۆی دەنگی گڕی [د]ی دراوسێی، پارێزگاری لە کپێتیی خۆی دەکات، بەڵام کاتێک دەنگی[ت] نامێنێت، دەنگی [ش] بە کاریگەریی دەنگێکی گڕی وەک دەنگی [د]، بۆ دەنگی گڕی [ژ] دەگۆڕێت و کپێتییەکەی خۆی لەدەستدەدات.

٤٠٩- پشدەر ...... پژدەر [ش ...... ژ]

٤١٠- پێشمەرگە ..... پێژمەرگە

لە نمونەکانی (٤٠٩، ٤١٠)دا دەنگی [ش]، کە دەنگێکی کپە، دەگۆڕدرێت بۆ دەنگی [ژ]، هەروەها بەهۆی دراوسێیەتی دەنگە گڕەکانی وەک [د، م] کاریتێدەکرێت، دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی گڕی وەک دەنگی [ژ].

٤١١- باشماخ ....... باشماغ [خ ....... غ]

٤١٢- * باژماغ (نەگونجاوە، لەبەرئەوەی قورسی لە وتندا دروستدەکات.)

٤١٣- دەستگرە ...... دەسگرە ..... دەزگرە [س ..... ز]

٤١٤- دەستبەند ..... دەسبەند ..... دەزبەند ..... دەزبەن

٤١٥- * دەسماڵ ...... دەزماڵ (نەگونجاو و ڕێگەپێنەدراوە، لەبەر قورسیی لەکاتی وتندا.)

له نمونەکانی (٤١٣، ٤١٤)دا دەنگی کپی [س] دەگۆڕێت بە دەنگی [ز]، بەهۆی دراوسێیەتی دەنگێکی گڕی وەک [گ، ب] کاریتێدەکرێت و دەگۆڕێت بە دەنگی [ز]، چەندین نمونەی دیکەمان هەیە:

٤١٦- لەیەککەیشتن. ..... لەیەگگەیشتن [ک ..... گ]

٤١٧- خەتدار. ..... خەددار [ت ..... د]

## (١/٤-٢-٥) پێڕەوبەندیی لە دەنگە نیمچەڤاوڵەکاندا:

له زمانی کوردیدا دوو دەنگمان هەیە، وەک نیمچەڤاوڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەوانیش بریتین لە: [ی، و]، هەندێک جار پێشیاندەوترێت نیمچەکۆنسنانتەکان، لەبەرئەوەی لەڕووی درکاندنەوە وەک دەنگی ڤاوڵ دەدرکێنرێن، بەڵام لەڕوی ئەرک و دابەشکردنەوە وەکو دەنگی کۆنسنانت دەبینرێت، بۆ نمونە:

٤١٨- دەنگی [ی]: یاسا، یۆگا، دالیا، ..هتد.

له نمونەی (٤١٨)دا دەنگی [ی] دەنگێکی کۆنسنانتە، لەبەرئەوەی لە سەرەتای بڕگەوە هاتووە.

٤١٩- پێڕەو، یاری، میوان، ..هتد.

له نمونەی (٤١٩)دا دەنگی [ی] دەنگێکی ڤاوڵە، لەبەرئەوەی کەوتووەتە کۆتایی بڕگەوە.

٤٢٠- دەنگی [و]: وازی، وەرشە، ڕەوەند، ..هتد.

له نمونەی (٤٢٠)دا دەنگی [و] دەنگێکی کۆنسنانتە، لەبەرئەوەی لە سەرەتای بڕگەوە هاتووە.

٤٢١- بومەلەرزە، سێو، جلەو،...هتد.

له نمونەی (٤٢١)دا دەنگی [و] دەنگێکی کۆنسنانتە، لەبەرئەوەی لە ناوەڕاست و کۆتایی بڕگەوە هاتووە.

کەواتە دەنگە نیمچەڤاوڵەکان دوو لایەنیان هەیە، یەکەمیان هەرکاتێک بوون بە دراوسێی دەنگێکی ڤاوڵ، ئاڕاستەی خۆیان بۆ دەنگێکی کۆنسنانت دەگۆڕن، لەبەر پاراستنی یاساکانی زمان و جێبەجێکردنی پێڕەوبەندیی لە زمانی کوردیدا، یەکێک لە دوو دەنگە ڤاوڵەکە دەبێت بە نیمچەڤاوڵ، هەمیشە ڤاوڵی یەکەم دەگۆڕێت، چونکە ناکرێت سەرەتای بڕگە و وشە بە دەنگی ڤاوڵ دەستپێبکات، دووەمیان هەرکاتێک بوون بە دراوسێی دەنگێکی کۆنسنانت، ئەوکاتە ئاڕاستەی خۆیان بۆ دەنگێکی ڤاوڵ دەگۆڕن، لەبەرئەوەی ناکرێت دوو دەنگی ڤاوڵ بەدوای یەکدابێت، ئەم گۆڕانکارییە پەیوەندیدارە بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکییەوە،

چونکە لە ئاستی ڕوکەشدا یاساکە بەهۆی ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە بەرهەمدەهێنرێت و ڕێزمانی گواستنەوەیش ئەو یاسایانەی ئاستی ڕوکەش بۆ ئاستی قوڵ دەگۆڕێت.

## (٢/٤) پێڕەوبەندیی لە ئەلۆفۆندا:

ئەلۆفۆن یان شێوەکانی تری فۆنیم، (شێوەیەکە لە شێوەکانی درکاندنی هەمان فۆنیم، یان شێوە جیاجیاکانی هەمان فۆنیمە، یان دەربڕینی یەک فۆنیمە بەچەند جۆرێک، بەبێ ئەوەی درکاندنی ئەو شێوە جیاوازە کار لە واتای وشە بکات.) (عەلی، ٢٠١٥: ١٥)، کەواتە لێرەدا واتاگۆڕین دروستنابێت، بەو واتایەی ئەو کۆمەڵە دەنگەیە فۆنیمێک دەیانگرێتەخۆ، کە بە ئەندامێکی یان ئەلۆفۆنێکی ئەو فۆنیمە دادەنرێت، دەبێت هەر فۆنیمێک بەلایەنی کەمەوە ئەلۆفۆنێکی هەبێت، (کورتکردنەوەی دەنگ و خواستی کەسی قسەکەر و شوێنی فۆنیم یان ژینگەی دەنگیی، سێ هۆکاری گرنگە بۆ دروستبوونی ئەلۆفۆن.) (عەلی، ٢٠١٥: ١٨)، بۆ نموونە:

٤٢٢- چووەتەوە ....... چۆتەوە

لە نمونەی (٤٢٢)دا یاسای (کورتکردنەوەی دەنگ)، کە یەکێکە لە یاساکانی گواستنەوەی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکی بەکارهاتووە.

٤٢٣- کاغەز ...... قاغەز

لە نمونەی (٤٢٣)دا فۆنیمەکانی [ک، ق] بە ئەلۆفۆن دادەنرێت، لەبەرئەوەی بە گۆڕینیان، واتا ناگۆڕێت.

٤٢٤- حەفتە ...... هەفتە (فۆنیمەکانی [ح، هـ] ئەلۆفۆنی یەکترن.)

٤٢٥- مسگەر .... مزگەر

٤٢٦- بەشدار .... بەژدار (فۆنیمەکانی [س، ز] هەروەها [ش، ژ] ئەلۆفۆنی یەکترن.)

هەریەکە لە دەنگەکانی [ت، ز، س] چەند ئەلۆفۆنێکیان هەیە، کە ئەلۆفۆنەکانیان، فۆنیمی زمانی عەرەبین، یەکەم/ دەنگی [ت] : کاتێک لە دەنگی [ط] ی زمانی عەرەبی نزیکدەبێتەوە:




بۆ نمونە:

٤٢٧- تازە، تەڕ، سەتڵ، پرتەقاڵ، مەتات، ماست،...هتد. (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشە)

دووەم/ دەنگی [ز] : کاتێک لە دەنگی [ض، ظ] ی زمانی عەرەبی نزیکدەبێتەوە:




بۆ نمونە:

٤٢٨- زاڵ، زەڵم، تازە، سەوزە، باز، مۆز،. ..هتد. (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشە)

سێیەم/ دەنگی [س]: کاتێک لە دەنگی [ص] ی زمانی عەرەبی نزیکدەبێتەوە:




بۆ نمونە:

٤٢٩- سڵق، موسڵ، مەساسە، سوپاس، شەنس،...هتد. (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشە)

لەگەڵ ئەمانەشدا قسەپێکەرانی زاری هەورامی، دەنگی [س] وەک دەنگی [ث] و دەنگی [ز] وەک دەنگی [ذ] دەردەبڕن، ئەوەی گرنگە لە ئەلۆفۆندا مەرجی نەگۆڕانی واتا دێتەکایەوە، کە یاسای سەرەکییە لە ئەلۆفۆندا، پێڕەوبەندییەکەشی بەجۆرێکە، لە ئاستی قوڵی دەنگەکەدا (یەک) دەنگ هەیە، بەڵام کاتێک دەگوێزرێتەوە بۆ ئاستی ڕوکەش دەبێت بە چەند دەنگێک، واتە گۆڕانی دەنگ ڕوودەدات بە بێ گۆڕانی واتا، بۆ نمونە: دەنگی [ز] لە ئاستی قوڵدا تەنها دەنگێکە، بەڵام لە ئاستی ڕوکەشدا دەبێت بە (سێ) دەنگ، کە بریتین لە دەنگەکانی [ز، ض، ظ].

## (٣/٤) پێڕەوبەندیی لە بڕگەدا:

بڕگە وەک دیاردەیەکی زمانەوانیی لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بوونی هەیە، هەروەها گرنگییەکی زۆری لە ئاستی دەنگسازیدا بەگشتی و فۆنۆلۆجیی بەتایبەتی هەیە، کاتێک دەنگەکان کۆدەبنەوە و دەبن بە فۆنیم، فۆنیمەکانیش ڕیزدەبن و بڕگە پێکدەهێنن، هەروەها بڕگە، ئاخاوتن ئاسانتردەکات و ئاخێوەر بۆ دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانیان ناخاتە زەحمەتەوە، بڕگە ئەو کۆمەڵە دەنگەیە، کە (فۆنۆتاکتیکی زمانێکی دیاریکراو سنوری بۆ دیاریدەکات، مەبەست لە فۆنۆتاکتیک، ئەو یاسا و پێڕەوبەندییانەن ڕیزبوونی دەنگەکان لەناو چوارچێوەی بڕگەیەکدا یان وشەیەکدا دیاریدەکەن.) (قادر، ٢٠٠٨: ٢٤)، بە دەربڕینێکی دیکە (بڕگە ئەو دەنگانەن، کە بە یەک نەفەس لە دەم دێنە دەرەوە، بەبێ بڕینی هەناسە.) (ناوخۆش، ٢٠٠٨:

٧٩)، لەگەڵ ئەمانەشدا (بڕگە بریتییە لە زیاتر لە دەنگێک، کە بە یەک تەوژم لە دەم دێتە دەرەوە و دەردەبڕدرێت.) (سالّح، ٢٠١٠: ٦٤)، بڕگە بە گشتی (٣)جۆرە: (عەلی، ٢٠١٥: ٢٨)

یەکەم/ بڕگەی کراوە (کورت): بریتییە لەو بڕگەیەی بە دەنگی ڤاول کۆتاییدێت، بۆ نمونە: شا، کێ، بۆ،...هتد.

دووەم/ بڕگەی داخراو (درێژ): بریتییە لەو بڕگەیەی بە دەنگی کۆنسنانت کۆتاییدێت، کە ئەویش دووجۆرە: ١- داخراوی سادە: بریتییە لەو بڕگەیەی بە یەک دەنگی کۆنسنانت کۆتاییدێت، بۆ نمونە: سەر، ماڵ، کات،...هتد.

٢- بڕگەی داخراوی توند: بریتییە لەو بڕگەیەی بە دوو دەنگی کۆنسنانت، یان زیاتر کۆتایی دێت، یان بە دەنگێکی کپ کۆتاییدێت، بۆ نمونە: ڕاست، هەشت، دەست،...هتد.

سێیەم/ نیمچەبڕگە: ئەو بڕگەیەیە لەپاڵ بڕگەیەکی دیکەدا دەردەکەوێت، واتە (پێش بڕگەیەکی دیکە دێت، چونکە خۆی توانای ئەو دەرکەوتنەی نییە، ئەمەش ئەو بڕگانە دەگرێتەوە، کە لە دەنگێک و ئەو ڤاوڵە کورتە پێکدێت، کە پێیدەوترێت (بزرۆکە).) (مەحویی، ٢٠١٦: ١٣٠)، بۆ نمونە:

٤٣٠- چرۆ: چi / رۆ

٤٣١- مرۆڤ: مi / رۆڤ

لێرەدا هێڵکاریی هەڕەمیی دروستەی بڕگە دیاریدەکەین، (مەحویی، ٢٠١٦: ١٥٠)




هێڵکاریی ژمارە (١٦)

هەڕەمیی دروستەی بڕگە

به سەرنجدانی بڕگەکانی زمانی کوردی، بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی بڕگەکانی لە جۆری بڕگەی کراوەن، پاشان بڕگەی داخراوی سادە، واتە ژمارەی بڕگە کراوەکانی زمانی کوردی زۆر زیاترە لە بڕگەی داخراوی سادە.

شێوە ڕیزبوونی فۆنیمەکان لە قاڵبی بڕگەدا بەمجۆرەیە:

یەکەم/ کۆنسنانت+ڤاوڵ+خشۆک+گیراو(CVCC):لە زمانی کوردیدا بەدوای یەکداهاتنی (سپ، ست) ڕێگەپێدراوە، بۆ نمونە (بە ئەسپایی، کۆسپ، دۆست، ماست)، ئەمە پەیوەستە بە پێڕەوبەندیی لە بڕگەی زمانی کوردیدا پەیوەست بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکییەوە، بۆ نمونە:

٤٣٢- بە ئەسپایی= (ە: ڤاوڵ، س: خشۆک، پ: گیراو)

دووەم/ کۆنسنانت + نیمچەڤاوڵ (و، ی) + ڤاوڵ (CCV): ئەگەر دوو دەنگی ڤاوڵ بە دوای یەکدا بێن، هەمیشە دەنگی ڤاوڵی یەکەم پێویستە ببێت بە دەنگی نیمچەڤاوڵ، بۆ نمونە:

٤٣٣- خوێ، کوا، ژیا، نوا، چیا،...هتد.

سێیەم/ کۆنسنانت+ڤاوڵ+کۆنسنانت(CVC): ئەمجۆرە پێیدەوترێت: (بڕگەی داخراو (درێژ)ی سادە)، بۆ نمونە:

٤٣٤- چاو، سەر، ماڵ، کات،...هتد.

چوارەم/ کۆنسنانت+ نیمچەڤاوڵ(و، ی)+ ڤاوڵ+ کۆنسنانت (CCVC): هەر کاتێک دوو دەنگی کۆنسنانت لە سەرەتای وشە و بڕگەدا بەدوای یەکدا بێن، ئەوا پێویستە دەنگی کۆنسنانتی دووەم هەمیشە یەکێک بێت لە دوو دەنگە نیمچەڤاوڵەکەی زمانی کوردی، کە بریتین لە هەردوو دەنگی [و، ی]، بۆ نمونە:

٤٣٥- نوێژ، جوان، چوار، شوان، میهر،. ..هتد.

پێنجەم/ کۆنسنانت+ نیمچەڤاوڵ+ ڤاوڵ+کۆنسنانت+کۆنسنانت (CCVCC)، پێویستە دەنگی دووەمی وشەکە بریتی بێت لە یەکێک لە دوو نیمچەڤاوڵی [و، ی]، ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندیی مۆدێلەکە، لەمجۆرەیاندا، (کە بە درێژترین بڕگەی زمانی کوردی دادەنرێت، لە ڤاوڵێک و چوار کۆنسنانت پێکدێت، پێیان دەوترێت هێشووە کۆنسنانت، لەبەرئەوەی یەک یان دووکۆنسنانت بەیەکەوە لەپێش و لەپاش دەنگە ڤاوڵەکەوە دێن.) (سەعید، ٢٠١١: ١٣١)، بۆ نمونە:

٤٣٦- ڕواند، خوارد، خوێند، خواست،...هتد

شەشەم/ کۆنسنانت+ ڤاوڵ (CV)، بۆ نمونە:

٤٣٧- با، دۆ، سی، ڕێ، چوو، کە،. ..هتد.

کەواتە (ژمارەی بڕگەکانی وشە یەکسانە بە ژمارەی دەنگە ڤاوڵەکانی وشە.)(فەتاح، ٢٠١١: ٧٩)

لە کۆی مۆدێلەکانی بڕگەی زمانی کوردییەوە چەند یاسایەک دەردەکەوێت، کە دەبنە پێڕەوبەندیی لە بڕگەکانی زمانی کوردیدا، بۆ نمونە: هەرگیز دوو دەنگی ڤاوڵ بەدوای یەکدانایەن و پێکهێنەری سەرەکی بڕگە دەنگی ڤاوڵە، هەروەها لە هەموو وشەیەکدا چەند دەنگی ڤاوڵ هەبێت، هێندەش بڕگە هەیە، پێویستە سەرەتای بڕگە دەنگێکی کۆنسنانت بێت، لە هەمانکاتدا دەنگی [ء] بە دەنگێکی کۆنسنانتی کوردی دادەنرێت و بۆشایی سەرەتای بڕگە پڕدەکاتەوە، هەروەها دەنگە نیمچەڤاوڵەکان چارەسەری ئەو کێشانەی بڕگە دەکەن، کە لە بەدوای یەکداهاتنی دەنگە ڤاوڵەکاندا دروستدەبێت، نیمچەڤاوڵەکان لە سەرەتای وشە و بڕگەی زمانی کوردیدا دەبینرێن، بە پێچەوانەی دەنگە ڤاوڵەکانەوە، کە هەمیشە دەکەونە ناوەڕاست و کۆتایی بڕگەی زمانی کوردییەوە، لەبەرئەوەی نیمچەڤاوڵەکان لە سەرەتای بڕگە و وشەی زمانی کوردیدا دەنگی دوای خۆیان دەکەن بە دەنگێکی ڤاوڵ و خۆیشیان بە نیمچەڤاوڵیی دەمێننەوە.

# ئەنجامەکان

١- زمان کۆمەڵە پێڕەوێکی پێکەوەگرێدراوە، هەموو پێڕەوەکان  بەیەکەوە کاردەکەن بۆ پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتن، کەواتە پێڕەوبەندیی لەزماندا بەشێوەیەکە بەدیاریکراوی و رێکخراویی ئیشدەکات.

٢- پێڕەوبەندیی خۆی لەخۆیدا پۆلێنکردن و پلەبەندییەو هەریەک لە پێکهاتەکان بەشێکن لە پێکهاتەیەکی گەورەتر، واتە هەر پێڕەوێک کارێکی تایبەتی لەنێو پێڕەوێکی گەورەتردا هەیە، بە نەبوونی هەریەک لەو پێکهاتانەی نێو پێڕەوەکە، خودی پێڕەوەکە پەکیدەکەوێت و بە رێکوپێکی کارناکات.

٣- پێڕەوبەندیی لە زماندا یاسا و رێسا و دەستورە و ئەرکی رێکخستنی زمانە و هەموو کەرەستە و یەکەکانی زمان بەهۆی پێڕەوبەندییەوە پەیوەندی لەنێوانیاندا دروستدەبێت.

٤- پێڕەوبەندیی لە زماندا تایبەتە بە زمانی مرۆڤ، چونکە یاساکان لە مێشکی مرۆڤدا جێگیربوون و بە (توانست) ناودەبرێت و بناغەی ئەم یاسایانەش لە رێگەی (توانا)وە دەردەبڕدرێت، کەواتە پێڕەوبەندیی بنەمایەکی گرنگی زمانە.

٥- بەهۆی ژمارەیەکی کەم و سنوردار یاسا، ژمارەیەکی بێشومار لە رستە بەرهەمدەهێنرێت، زمانیش بریتییە لە کۆمەڵێک رستەی بێسنور، کە درێژی هەر رستەیەک سنوردارە، هەروەک رستەکان ئەو چەند یاسایەی رستەکانی لێ پێکهاتوون، سنوردارن.

٦- لە روانگەی تیۆرە رێزمانییەکەی چۆمسکییەوە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا، کاتێک وشە لە ئاستی قوڵەوە بەرەو ئاستی روکەش هەنگاودەنێت، بە چەند گۆرانکارییەکدا تێپەڕدەبێت، کە ئەوانیش بەهۆی یاساکانی گواستنەوەی تیۆری رێزمانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکییەوە روودەدات. یاساکانیش بریتین لە لابردن و جێگرتنەوە.

٧- پێڕەوبەندیی لە ئاستی دەنگسازیدا پەیوەستە بە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکییەوە، لەبەرئەوەی بەهۆی یاساکانی گواستنەوەی تیۆرەکەوە، کە بریتییە لە یاساکانی کرتاندن و جێگۆرکێ و دەنگەگۆرکێ، پێڕەوبەندیی جێبەجێدەکرێت و گۆرانکارییەکانیش کارناکەنە سەر واتا.

# سەرچاوەکان

## یەکەم/ بە زمانی کوردی:

## أ- کتێب:


١- ئەحمەد، بێستون حەسەن (٢٠١٢)، کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٢- ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٩)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣-ئیسماعیل، هەژار قادر (٢٠١٣)، ڕۆنانی برگە و سنوری برگە لە شێوەزاری باڵەکیاندا، هەولێر.

٤- بابان، شێرکۆ (٢٠١٢)، سێ میکانیزمی ڕێزمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

٥- باتنی، محەمەد ڕەزا (١٩٩٣)، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، سوید.

٦- بوقرە، نعمان (٢٠١٦)، ئاراستەکانی زمانەوانی نوێ (لە سۆسێرەوە تا چۆمسکی)، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧- تەیب، شەهاب شێخ (٢٠١٤)، دەربارەی زمانەوانی، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٨- حسێن، شیلان عومەر، (٢٠٢١)، زانستی زمانی کارەکیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

٩- حەمەد، یارا قادر (٢٠١٣)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

١٠- خەلیل، ئیبراهیم (٢٠١٦)، تیۆر و ڕێبازەکانی زمان، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، (٢٠١٦)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١١- خۆشناو، شیروان حسێن (٢٠١١)، تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی دیلان، بەڕ بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

١٢- دزەیی، عەبدولواحید مشیر (٢٠١١)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

١٣- ....... (٢٠١٣)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٤- ....... (٢٠٢١)، زمانەوانیی گشتی، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

١٥- دزەیی و محەمەد و ساڵح، عەبدولواحید مشیر و دانا تەحسین و دەرون عەبدولڕەحمان (٢٠١٣)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٦- ساڵح، حەکیم مەلا (٢٠٠٨)، سانسکریتی سەرچاوەیەکی دێرینی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٧- ساڵح، دەرون عەبدولڕەحمان (٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٨- ........ (٢٠٢٠)، ڕۆڵی زمان لە ئاڕاستەکردنی لایەنی دەرونیی تاکدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٩- سەعید، یوسف شەریف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٠- سەلیم، زێڕین خورشید (٢٠١٢)، ئەلۆمۆرف د زمانێ کوردیدا، خانەی سپێریز بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، دهۆک.

٢١- شوانی، ڕەفیق محەمەد (٢٠٠٩)، زمانەوانی (کۆمەڵێک وتار)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢٢- عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

٢٣- عەلی، بەکر عومەر (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٢٤- عەلی، تالیب حسێن (٢٠١١)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٥- ...... (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی (وتار و توێژینەوە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٦- عەلی، محەمەد محەمەد یونس (٢٠١٠)، دەروازەیەک بۆ زمانەوانی، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٧- غەریب، کەمال جەلال (٢٠١٢)، پرۆژەی زاراوەی زانستی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٢٨- فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١١)، زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٩- فەتاح و قادر، محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، بڵاوکراوەی بەشی ڕوناکبیری، چاپخانەی ڕون، هەولێر.

٣٠- فەخری و موکریانی، نەسرین و کوردستان (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣١- فەخری، نەسرین (٢٠٠٢)، ڕستە و چەمکی ڕستە بەگشتی و تایبەتمەندییەکانی لە زمانی کوردیدا، بەغداد.

٣٢- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵا (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، هەولێر.

٣٣- فوئاد، کەمال (٢٠٠٠)، فۆنیمەکانی زمانی کوردی، سلێمانی.

٣٤- مارف، ئەوڕەحمانی حاجی (١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

٣٥- ........... (١٩٧٧)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

٣٦- ........... (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی یەکەم، ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

٣٧- .......... (١٩٨٦)، چەند کێشەیەکی زمانناسی، بەغداد.

٣٨- .......... (٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.

٣٩- محەمەد، دارا حەمید (٢٠١٠)، هەندێک لایەن لە سیمانتیک و پراگماتیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیر، هەولێر.

٤٠- ......... (٢٠١٤)، هەندێک لایەن لە تیۆرەکانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٤١- محەمەد، مەسعود (١٩٧٤)، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

٤٢- محێدین، بازیان یونس(٢٠١٣). پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

٤٣- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٤٤- مەحویی، محەمەد (٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤٥- ........ (٢٠٠١)، ڕستەسازیی کوردیی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم، سلێمانی.

٤٦- ........ (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، بڵاوکراوەی هەفتەنامەی سلێمانی، سلێمانی.

٤٧- ........ (٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی وابەستە (ناوەڕۆک)، سلێمانی.

٤٨- ........ (٢٠٠٨)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، سلێمانی.

٤٩- ........ (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکهەم، سلێمانی.

٥٠- ........ (٢٠١٦)، مەنامە بە ستانداردکردنی زمانی کوردیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

٥١- ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٨)، پوختەیەک لەبارەی زمانناسی، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

٥٢- ........ (٢٠١٥)، زمانناسیی و هەندێک بابەتی زمانناسیی کوردی، هەولێر.

٥٣- وەیس، غازی فاتیح (١٩٨٤)، فۆنەتیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الأديب البغدادية)، هەولێر.

٥٤- ویدۆوسن، هـ. ج. (٢٠٠٨)، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

## ب- نامە و تێزی زانکۆیی:

٥٥- ئەحمەد، مزگین عەبدولڕەحمان (٢٠٠٦)، دۆخی ئەرگەتیڤی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٥٦- ئیبراهیم، کەوسەر عەزیز (١٩٩٠)، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێک لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٥٧- ئیسماعیل، شیلان ئەحمەد (٢٠١٥)، تێکردە بیرییەکان لە پەیکاڵبوونی (فۆرم) و( واتا)دا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٥٨- برزۆ، ئومێد بەرزان (٢٠١٠)، دروستەی مۆرفۆسینتتاکس لە شێوەزاری خانەقیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٥٩- جەمیل، خەبات هادی (٢٠١٥)، فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٦٠- حسێن، ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٨)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦١- حاجی، ڤیان سلێمان (٢٠٠٧)، کەرەستە بەتاڵەکان لە تیۆری دەسەلات و بەستنەوەدا، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٦٢- حسێن، عەلی تاهیر (٢٠٠٧)، رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن (رەخنەی شیعری کوردی بەنمونە)، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦٣- حسێن، موحسین عەلی (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی رێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لە شیعری گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٦٤- حەسەن، فەرهاد تۆفیق (٢٠١٥)، زمان لە ریکلامی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦٥- خدر، حەیدەر حاجی (٢٠١٠)، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی کوردی لەروانگەی پۆلێنی مۆرفۆلۆژییانەی زمانەکانەوە، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٦٦- جەمیل، خەبات هادی (٢٠١٥)، فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٦٧- شاڵی، دولبەر ئیبراهیم فەرەج (٢٠٠٠)، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦٨- عەبدوڵڵا، مهاباد کامیل (٢٠١٠)، چەند کردەیەکی سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦٩- عەلی، بەکر عومەر (١٩٩٢)، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧٠- عەلی، تالیب حسێن (١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان رستە و واتا لە کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧١- عەلی، پێشرەو سالح (٢٠١٥)، پرۆسە مۆرفۆ فۆنۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧٢- عەلی، فەرەیدون عەبدوڵڵا (٢٠٢٣)، رۆڵی هێما زمانیی و نازمانییەکان لە بونیادی وێنە کاریکاتێرییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧٣- غەریب، نالی ئەدهەم (٢٠١٥)، چەمکی میتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧٤- قادر، ئەبوبەکر عومەر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧٥- قادر، تارا موحسین (٢٠٠٤)، جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧٦- قادر، تارا موحسین (٢٠١١)، زمانی کوردی و مینیمەڵ پرۆگرام، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧٧- قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧٨- قادر، شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٢)، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧٩- قادر، عادل ڕەشید (٢٠٠٨)، فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی- کرمانجی سەروو، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٨٠- کەمال، دیار عەلی (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی، ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٨١- محەمەد، حاتەم ولیا (٢٠٠٦)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٨٢- محەمەد، ڕۆکان عەبدوڵڵا (٢٠١٥)، چەند تایبەتییەکی ناوچەی گەرمیان لەڕووی فۆنەتیک و گراماتیکەوە، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٨٣- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٨٤- والی، هەژار حسێن (٢٠١٥)، بەبەرهەمی و هێزی کردار لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی پەروەردە، فاکەڵتی پەروەردە و ڕامیاری چەمچەماڵ، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

## پ- گۆڤارەکان:

٨٥- حسێن، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٢)، یاسای گواستنەوەی کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا - شێوەزاری سلێمانی-، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٢)، کۆیە.

٨٦- عەول، محەمەد عومەر (٢٠١٠)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە لە کرمانجی خواروودا، گۆڤاری کوردۆلۆجی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە (٣)، سلێمانی.

٨٧- فەتحوڵڵا و حەسەن، مەحمود و نەریمان (٢٠١٧)، پێڕەو و بنەما سیمانتیکییەکانی درکپێکردن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە (١١)، مانگی تەموز، ڕانیە.

٨٨- قادر و محەمەد، ئەبوبەکر عومەر و فەرەیدون عەبدول (٢٠١٠)، کەرەسە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢٧)، سلێمانی.

٨٩- قادر، کاروان عومەر (٢٠١٢)، چەمکی درکپێکردن، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٩٠- قادر، کاروان عومەر (٢٠٢٠)، سیستمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، هەولێر.

٩١- قادر و ئیبراهیم، کاروان عومەر و شیلان ڕەحیم (٢٠١٧)، پەیپێبردنی فەرهەنگی ئاوەزیی زمانی کوردی لە چێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە (٧)، هەڵەبجە.

٩٢- کەمال و عەلی، دیار عەلی و تالیب حسێن (٢٠٠٤)، یاساکانی ڕۆنان و گوێزانەوە لە ڕستەی کوردیدا، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی، کۆلیژی پەروەردە، بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە (٢١)، مانگی ئایار، هەولێر.

٩٣- ئەمین، وریا عومەر (١٩٨٩)، ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٢)، بەغدا.

## ت- چاوپێکەوتن:

٩٤- ساڵح، دەرون عەبدولڕەحمان (٢٠٢٠)، زانستی زمان، چاوپێکەوتن، ٢شەممە ١١/٨

٩٥- قادر، شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠١٢)، مۆرفۆلۆجی، چاوپێکەوتن، ٣شەممە ١١/٢٠

## دووەم/ بە زمانی عەرەبی:

٩٦- اولمان، ستيفن (١٩٨٦)، دور الكلمة في اللغة، ترجمة: كمال محمد بشر، الطبعة العاشرة، مكتبة الشباب.

٩٧- الخولي، محمد على (١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظري انكليزي- عربي، مكتبة لبنان، بيروت.

٩٨- الوعر، مازن (١٩٨٣)، حول بعض القضايا الجدلية لنظرية القواعد التوليدية التحويلية، مجلة اللسانيات، عدد(٦).

٩٩- بالمر، ف (١٩٨٥)، علم الدلالة، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشطة، بغداد.

١٠٠- بدر، محمد (١٩٩١)، قاموس الكل عربي انجليزي، طبع الأول، الأردن.

١٠١- جومسكى، نعوم (١٩٩٠)، محاضرات ودن تأملات في اللغة، ترجمة: جواد باقر و عبدالجبار محمد علي، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد.

١٠٢- زكريا، ميشال (١٩٨٦)، الألسنية التوليديية والتحويلية، المؤسسة الجامعية، طبع الثاني، بيروت.

١٠٣- عبابنه و الزعبي، يحيى و آمنة، (٢٠٠٥)، علم اللغة المعاصر مقدمات و تطبيقات، دارالكتاب الثقافي، الأردن.

١٠٤- عمر، احمد مختار (١٩٨٢)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشر و التوزيع، الكويت.

١٠٥- غلفان، مصطفى (٢٠١٠)، في اللسانيات العامة، دار الكتب الجديد المتحدة، ليبيا.

١٠٦- ليونز، جون (١٩٨٥)، نظرية تشومسكي اللغوية، ترجمة: حلمي خليل، دار المعرفة، الأسكندرية، طبع الأول، مصر.

١٠٧- ليونز، جون (١٩٧٨)، تشومسكي، ترجمة: محمد زياد بركة، النادي الأدبي بالرياض.

١٠٨- مؤمن، احمد (٢٠٠٢)، اللسانيات- النشأة والتطور، ديوان المطبوعات الجامعية.

١٠٩- موور و كارلينغ، تيرنس و كريستين (١٩٩٨)، فهم اللغة نحو علم اللغة ما بعد مرحله جومسكى، ترجمه: د. حامد حسين و د. سلمان داود الواسطي، بغداد.

١١٠- نحلة، محمود احمد (١٩٨٨)، مدخل الى دراسة الجملة العربية، دار النهضة العربية، بيروت.

## سێیەم/ بە زمانی ئینگلیزی:

١١١- Ackoff (١٩٨١), Creating the corporate future, NewYork.

١١٢- Aitchisin, Jean (٢٠٠٥), Linguistics, Forth edition, London, stroughton.

١١٣- Akmajian, Adrian (١٩٩٧), Languages, The Mit press, Cambridge.

١١٤- Akmajian, Adrian (٢٠٠١), Richard A. Demers, Ann K. Farmer, Robert Harnish, Linguistics, fifth edition, London.

١١٥- Andarson and Jonson (١٩٩٧), Language Ensyclopedic Dictionary, UK.

١١٦- Andrew carstairs-McCarthy (٢٠٠٢), An Introduction to English Morphology, Edinburgh University press, UK.

١١٧- Aoudi, Ahmad (٢٠٠٦), A current dictionary, UK.

١١٨- Brinton, Laurel J. (١٩٨٤), The Structure Of Modern English (A Linguistic Introduction), University of British Columbia.

١١٩- Brown, Douglas (١٩٨٧), principles of language learning and teaching, second edition, USA.

١٢٠- Crystal, David (١٩٩١), A Dictionary of linguistics and Phonetics, Third edition, UK.

١٢١- Crystal, David (١٩٩٢), A Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, B. Blackwell: Oxford, UK.

١٢٢- Chomsky, naum (١٩٥٧), Syntactic Structures, (the Hague: Mouton).

١٢٣- Davidson, George (٢٠٠٦), Phrases, Clauses and Sentences, B & Jo EnterprisePte.Ltd. Singapore.

١٢٤- Falk, Julia S. (١٩٧٨), Linguistics and language, a survey of basic concepts, second edition, USA.

١٢٥- Fattah, M,M. (١٩٩٧), A generative grammar of Kurdish, University of Amsterdam.

١٢٦- Fattah, M. M. (١٩٩٩), Clitcization Vs Inflection: A Re- analysis of Some Linguistic Forms in Kurdish, ZANCO, Third year, No. (٧), Salahaddin University- Arbil.

١٢٧- Fromkin,V. (١٩٨٨), An Introduction to Language, Holt, Rinehart and Winston Ins: U.S.A.

١٢٨- Fromkin,V.,Rodman, R and Hymas,N.(٢٠٠٣), An Introduction to Language, seventh edition, Boston: Thomson Heinle.

١٢٩- Fors, Lang (١٩٩٥), Essays on infology, student literature, Lund B.

١٣٠- Gigch, Van, J. P. (١٩٩١), System Design Modeling and MetaModel.

١٣١- Huddleston, Rodney (١٩٨٧), An Introduction to English Transformational Syntax, University of Queensland.

١٣٢- J.G. Miller (١٩٩٥), Living systems, University press of Colorado.

١٣٣- Katamba, F.(١٩٩٣) Morphology, Macmillan Prss. London.

١٣٤- Katz, Fodor, (١٩٦٣), Language, UK.

١٣٥- Kintgen, Owen Thomas Eugene R. (١٩٩٧), Transformational Grammar and the teacher of English, second edition, Indiana University, USA.

١٣٦- Maggie, Tallerman (١٩٩٨), Understanding Syntax, Arnold: London.

١٣٧- Maingay (١٩٩٩), Longman Dictionary of Contemporary English, Twelfth Edition, Great Britain.

١٣٨- Midows (٢٠٠٨), The natural order of events, USA.

١٣٩- Nicholson, Margreat (١٩٩٨), A Dictionary of American English Usage, USA.

١٤٠- Ogden, C. K. (١٩٥٣), The General Basic English Dictionary, Eleventh Edition, London, UK.

١٤١- Plotkin, (٢٠٠٦), The language system of English, Brown Walker press, Florida, USA.

١٤٢- Radford. A. (١٩٩٧) Syntax, Minimalist Introduction, Cambridge press, Cambridge.

١٤٣- Sampsan, Geoffeery (١٩٨٠), Schools of linguistics competition and evolution.

١٤٤- Sansome, Reid (٢٠٠١), Oxford Dictionary, Cambridge University, USA.

١٤٥- Stagaberg, (١٩٨١), A Introductory English Grammar, New York.

١٤٦- Vachek, Josef (١٩٨١), Development of Language seen as a System, UK.

١٤٧- Weiner E.S.C. Hawkins, J. M. (١٩٨٥), The oxford guide to the English language, UK.

١٤٨- Yule, G. (١٩٩٦), The Study of Language, Cambridge University press, USA.

# ملخص البحث

## النظام في المستويات اللغة الكردية

اللغة مجموعة من القواعد المنظمة مع بعضها و كل القواعد تعمل مع بعضها بشكل منظم و ملائم، والهدف معلوم بقصد الأتصال والتفاهم، و هذه الأجزاء المتسلسلة من القواعد توجد بشكل عام في كل لغات العالم، و الأهمال و التغاطي والخروج من القالب و القواعد و القوانين اللغة يصبح سبب في تشويه اللغة و أخطاء في الفهم، النظام في اللغة قواعد و أسس و دستور، النظام يسبب علاقة بين الوحدات اللغة.

عنوان الرسالة هو (النظام في المستويات اللغة الكردية) قواعد و تسلسلها و جزائها في مراحل انتاج والنقل، والمعروف في تسلسل القواعد تطبق في كل المستويات اللغة أو يمكن أن نقول أن اللغة بدون قواعد منظمة لا يمكن ولا يجوز، في هذا الرسالة حاولنا أن نسلط الضوء على ( القواعد و أجزائها المتسلسلة في اللغة) و متصل بمجال (الأتصال والنقل).

الإضافة إلى المقدمة و الخاتمة و قائمة المصادر، تتكون هذه الدراسة من أربعة أجزاء:

الجزء الأول:

يتناول الجزء الأول الجوانب النظرية للنظام، حيث يتم التحليل النظري للموضوعات التالية: مفهوم النظام و مصطلحه، تعريف النظام، مبادئ النظام، ثم تفسير النظام في المدارس اللغوية.

الجزء الثاني:

خصص هذا الباب لمناقشة النظام النحوي بكافة فروعه، و هي: النظام النحوي المتعلق بنظرية الإنتاج والنقل عند تشومسكي، النظام في الجمل البسيطة والمعقدة، النظام في العلاقات الأفقية الدلالية، ثم النظام في النحو الصرف، بالإضافة إلى ذلك يليه النظم في المرادفات.

الجزء الثالث:

أما الجزء الثالث من البحث فقد خصص للنظام على المستوى المعجمي، والذي يوضح المستوى من حيث النظام في المقاطع الصرفية المستقلة و الجملة، و النظام في كلا النوعين من المقاطع الصرفية (النحوية و المعجمية)، و النظام في المقاطع الصوتية.

الجزء الرابع:

و يتم تحليل النظام فيما يتعلق بنظرية تشومسكي في الإنتاج و النقل، والنظام الصوتي، والنظام الصوتي، و نظام حروف العلة و الحروف الساكنة، و نظام الحروف الساكنة في الأصوات المعبر عنها و غير المصوتة، يليه أنظمة نصف العلة و الألوفون، والفرع الأخير نظم في فقرات، ثم الخاتمة، و المصادر، و ملخص الرسالة باللغتين العربية و الإنجليزية.

# Abstract

## System of the Kurdish Language Levels

Language is a set of interconnected rules, all working together appropriately organized for a specific purpose in order to communicate and understand each other. It is a universal rule found in all languages of the world. Forgetting and deviating from the rules of language causes distortion of the language and misunderstanding, System in Language is rule, It is organize language and the system is caused by contact between the components of language.

The title of the message is "System of the Kurdish Language Levels". Obviously, rules can be seen at all levels of language, or language cannot exist without rules. In this message, we have tried to focus on the system related to the production and transmission theory.

In addition to the introduction, conclusion and list of sources, this paper consists of four parts:

Part one:

The first part deals with the theoretical aspects of system, in which the following topics are theoretically analyzed: the concept and term of system, the definition of system, the principles of system, then the interpretation of system in linguistic schools.

Part Two:

This section is devoted to discussing syntactic system, with all its branches, namely: syntactic system related to Chomsky's theory of production and transfer, system in simple and complex sentences, system in semantic horizontal relationships, then system in morphosyntax, in addition followed by systems in synonyms.

Part Three:

The third part of the letter is devoted to system at the lexical level, which explains the level in terms of system: system in independent and

clause morphemes, system in both types of clause morphemes (grammatical, lexical), and system in morphophonemes.

Part Four:

In the fourth section, system is analyzed in relation to phonetics in all its branches, which are: phonetic systems related to Chomsky's theory of production and transmission, phonetic system, phonological system, vowel and consonant system, and consonant system in voiced and unvoiced sounds, followed by systems in semivowels and allophones, and the last branch is systems in paragraphs, followed by the conclusion, sources, and a summary of the letter in Arabic and English.